# لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و
# لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# له هه‌یڤدا بۆ ڕووی تۆ و
# له په‌یڤدا بۆ خۆم ده‌گه‌ڕێم

ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی

**حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن**

ناوی کتێب: لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٣٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی تەرمی پەپوولەیەکدا ..... 6
ڕۆمانێکی بە زمانی شیعریی نووسراو ..... 14
سەگوەڕ لە نێوان "موکری" و "مەم"دا ..... 20
کلکی سەگەکە لە وێرگول دەچوو ..... 24
باوکێک کە لە جانەوەر دەچێت ..... 28
شازادەیەک کە شەیدای دیمەنی خۆرنشینە ..... 33
کۆتر لە سەروەختی فڕیندا ..... 37
لە گەڵای زەیتوونەوە بۆ شوێنەواری پەپوولە ..... 43
گەڕانەوە لە لچ قەور ..... 49
پەپوولە، گوڵە بە دەم فڕینەوە ..... 56
ژنێک لێــوانلێــو لە ئەوین دڵێک لێــوانلێــو لە برین ..... 60
شاعیر و سۆزانی ..... 68
بە خێرایی تارمایی ..... 73
بۆ ئەو هاوڕێیانەی یەکدی ناناسین ..... 76
پێش ئەوەی بەهەشت چۆلەکەکانی خۆی بخوات ..... 91
لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم ..... 87
نووسەری گەورە و خوێنەری نیگەران ..... 93
نووسین بە ترسولەرزەوە ..... 99
لە بارەی شیعرەوە ..... 104
پەتپەتێن لەگەڵ مانگدا ..... 108
شیعر تیشکی چرای ڕۆحە ..... 114
شیعری ئازاد و ئازادیی ژن ..... 119
گورگ لە براکانم دلۆڤانترە! ..... 123

لە ژن بە ژنەوە بۆ ژن بە بزن ..... 128
دەقی دێرین و لێکدانەوەی نوێ ..... 133
لە قەڵەمی نووسەرانەوە بۆ خوێنی شەهیدان ..... 138
هەندێ ڕەخنە و گلەیی، لە یادداشتەکانی دێلێژەیی ..... 143
گرووپی یانەی ئازادی یان زوبباتی ئەحرار! ..... 148
لە پێناوی جوان ڕاگرتنی زمانی کوردیدا ..... 153
زمان و شتی تریش ..... 159
زمانی ستاندارد بۆ جنێوی کوردی ..... 163
هونەری گوتوبێژ ..... 159
ڕۆژنامەوانی پێخاوس ..... 172

# لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی تەرمی پەپوولەیەکدا

(ئەگەر بزانیت دەگەیە کام هەوار، ئەوە تۆ
خەریکی سەرکێشیی ئەدەبیی نیت،
خەریکی سەفەرێکی بە ئۆتۆبوسێک کە
دەزانیت تا کام هەوارت دەبات. ژان ژینێ)

هەموو نووسەرێک، ناکۆکیی لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا هەیە، ناکۆکییەکە، وەک هی نێوان کەسانی ئاسایی نییە، ئاخر ناکۆکیی نێوان داهێنەرانە. ناکۆکیی نێوان نووسەران، ناکۆکییەکی سوودبەخشە و دەبێتە هەوێنی گەشەسەندنی ئەدەب. ناکۆکیی من و ئەو نووسەرانەی بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی بەرهەمیان دەدەم، زادەی شتی تایبەتیی نێوان من و ئەوان نییە، زادەی لێکدانەوەی جیاوازی نێوان ئەز و وانە. ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، ڕۆمانێکی ئەم نووسەر یان دیوانێکی ئەو شاعیر، بە ئاشکرا هەڵبسەنگێنێت، ئەوە ئیشی ئەو نییە، ڕاپۆرتێک بە نهێنی لەسەر نووسەرێک یان شاعیرێک بۆ دەزگایەکی هەواڵگری بنووسێت.

گابریل گارسیا مارکیز دەڵێت: (پەیامی نووسین لای من لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە کارێک بکەم ئەو خەڵکە یەکدییان خۆش بوێت.) دەربارەی ئەو ڕۆماننووسە کە بە هەق پەیامەکەی خۆی گەیاندووە، ڕەخنەگری ناوداری ئیسپانیایی گیرمو دی توری، لە ١٩٥٢دا، لە نامەیەکدا کە بۆ مارکیزی دەنێرێت، دەنووسێت: (ئایندەی تۆ لە ڕۆماننووسیندا نییە، بۆیە ئەگەر لەسەر نووسینی ڕۆمان بەردەوام بیت، داهاتوویەکی ڕۆشنت نابێت،) کەچی بە پێچەوانەی پێشبینیی ئەو ڕەخنەگرەوە، ڕەنگە لە دوای سێرڤانتسەوە،

ئیسپانیایی نووسێکی دیکە نەبێت، لە بواری نووسینی ڕۆماندا، باڵای هێندەی مارکیز بڵند بێت، ڕەنگە لە دوای دۆنکیخۆتەوە، هیچ ڕۆمانێک بە ئیسپانیایی نەنووسرابێت، هێندە (سەد ساڵ دوورەپەرێزی) خوێنەری هەبووبێت. ئەم باسەم بۆیە هێنایە گۆڕێ، تا ئەوە وەبیر خوێنەر بخەمەوە کە مەرج نییە، ڕەخنەگر هەمیشە لەسەر هەق بێت.

ڕۆمان هەیە، ئاستێکی نزمی هونەریی هەیە و دەیان ملیۆنی لێ دەفرۆشرێت، وەک (کودی دافنشی)ی دان براون، ڕۆمان هەیە هەم ملیۆنان خوێنەری هەیە و هەم ئاستێکی ئەدەبیی باڵایشی هەیە، وەک (ناوی گوڵ)ی ئێمبێرتۆ ئێکۆ. ڕۆماننووسی مەزن، بۆ هەڵبژاردە نانووسێت، وەلێ ناچێت لە ڕێی ورووژاندنی سێکسی یان ڕەخنەگرتنی توند لە ئاینەوە، خوێنەر ڕاو بکات. وەختی خۆی تیراژی کتێبەکانی ئیحسان عەبدولقودووس زۆر لە تیراژی ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز بڵندتر بوو، بەڵام نووسەری یەکەمیان بە بەراورد لەگەڵ دووەمیاندا، ئەگەر بڵێین ڕۆماننووس نەبوو، لە ڕاستی لامان نەداوە. لایەنی لاوازی بەختیار عەلی وەک ڕۆماننووسێک بریتییە لەوەی، شانازیی بە درێژیی ڕۆمانەکانییەوە کە زادەی ڕەچاونەکردنی کورتبڕییە، دەکات.

ڕۆمانیش ڕیتمی خۆی هەیە، ئەو ڕۆمانانە پەسەند دەکرێن کە خاوەنی ڕیتمێکی خێران. ئەو ڕۆمانانەی ڕیتمیان خاوە، لەو ژنە بێبەختانە دەچن کە درەنگ شوو دەکەن و زوو مێردیان دەمرێت. گێڕەرەوەی هەموو شتزان تەنانەت ئەگەر باس بێتە سەر بواری کاری خۆیشی، دەبێت لە کورتی بیبڕێتەوە و فیزی لێزانی بەسەر خوێنەردا لێ نەدات، ئەگەرنا لاقی بە تەڵەی ڕاپۆرتنووسینەوە دەبێت و وەک بەهادین مەجرووحی لێ بەسەر دێت، ئەو شاعیرە ئەفگانەی لە تاو کۆمۆنیستەکان لە ئەفگانستان هەڵات و لە پاکستان ئیسلامییەکان کوشتیان. بە درێژایی سەدەی بیستەم و لەسەر ئاستی دنیا، شیعرێک نییە هێندەی وێرانەخاکی ت. س. ئەلیەت ناودار بێت، ئەو شیعرەی پێش بڵاوکردنەوەی، ئەلیەت لەسەر پێشنیاری عەزرا پاوەند، زێتر لە نیوەی لێ

فرێ دا. ئەگەر بەختیار عەلی (مامۆستایەکی زیرەک)ی وەک عەزرا پاوەندی شک بردبا، ڕۆمانەکەی لەبری سێسەد لاپەڕە، هەر دووسەد ڕووپەلێکی دەمایەوە.

(دەستەسرێکی پەڕۆی گەلەک تازە و قەدکراوی لە گیرفانی دەرهێنا و لووتی سڕی و گوتی. ل١٣) هەموو وشەکانی پێش (گوتی) زیادەن و زادەی ڕەچاونەکردنی (کورتبڕی)ین. یان: (کەمێک لە دامێنی کراسە شینەکەی چاک کرد و بە باڵندەکانیدا ڕوانی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی. ل٢٤٧) هەموو وشەکانی پێش (گوتی،) ئاماژەن بۆ فەرامۆشکردنی لە کورتی بڕینەوە. یان: (خوێندنی باڵندەکان و دەنگی بولبولەکان. ل٢٦٦) ئایا دەنگی بولبولیش، جۆرێک نییە لە خوێندنی باڵندە؟ ئایا ئەوە وەک (پڕ لە گوڵ و نەسرینە)کەی بێکەس نییە؟ ئاخر نەسرینیش جۆرە گوڵێکە. بۆ ئەوەی دراما دروست ببێت، پێویستمان بە سێگۆشەیەکە، کە دوو کوڕ و کچێک، یان دوو ژن و پیاوێک، گۆشەکانی پێک دەهێنن، دوو کوڕ، هەر یەکەیان دەخوازێت خۆی بە کچەکە شاد ببێت، یان دوو ژن کۆشش بۆ گەیشتن بە هەمان پیاو دەکەن. بێجگە لە هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی ڕۆمانەکەی، بەختیار عەلی هیچ پاساوێکی دیکە شک نابات کە وای کردووە سێ کوڕ شەیدای هەمان کیژ بن، ئاخر دراماکە بە دوو کوڕ و یەک کەنیشک دروست دەبوو. فەرامۆشکردنی ئەم ڕێسای سێگۆشەیە، وێڕای ئەوەی ڕیتمی ڕۆمان خاو دەکاتەوە، لە ڕووی هونەری (چنین)یشەوە، دەکەوێتە خانەی هەڵەوە.

سەرنجی ئەم دوو ڕستەیە بدەن کە شیعریان لێ دەچۆڕێت: (فەرشە شینەکەی بەر پێی وەک حەوزێک هاتە بەر چاو کە ژمارەیەک گوڵی سەرئاوکەوتوو لەناویدا مەلە دەکەن. ل٥٢) یان: (ڕۆحێکە وەک ئەوەی ئاو ڕوونیی خۆی، تەم تەنکیی خۆی و تاریکیی نهێنیی خۆی خستبێتە ناو. ل٨٤) بەڵام لووتکەی شیعریبوون (شیعرییەت) لە ڕۆمانەکەدا لەو نامەیەدا خۆی نیشان دەدا کە مەنسوور بۆ سەوسەنی دەنێرێت. ل٢٣٣ مەرج نییە ڕۆمان بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، بەڵام ڕۆماننووس پێویستە شیعریبوون ڕەچاو

بکات. شیعریبوون ئەوە نییە لە ڕێی خوازە، ماسک، سیمبۆل، وێنەی شیعریی و گەمەکردن لەتەک وشەدا، ڕستەی شیعری پێک بهێنین، شیعریبوون لە ڕۆماندا بریتییە لە کورتبڕی، واتا بە کەمترین وشە، زۆرترین مانا بە دەستەوە بدەین و بە کەمترین ڕووپەل، زۆرترین ڕووداو بگێڕینەوە.

کۆشکی باڵندە غەمگینەکان وەک بابەت، ئەتمۆسفیر و کەسایەتییەکان، لە ڕۆمانەکانی پێشووی بەختیار عەلی جیاوازە. ڕۆمانەکانی پێشووی هەر خۆی دەینووسین، لەم ڕۆمانەیدا خوێنەریش لە گێڕانەوەدا بەشدار دەبێت و تووشی هەمان ئەو دڵەڕاوکێیە دەبێت کە نووسەر تووشی هاتووە. لە ڕۆمانەکانی پێشوویدا دەنگی نووسەر ئەگەر نەڵێم بزر، لای کەم نەوی بوو، لەم ڕۆمانەیدا دەنگی نووسەر بڵندە. بونیادی ئەم ڕۆمانە بە ڕووکەش بە شێوازێکی ساکار ڕۆ نراوە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو چنینە ساکارە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسەر دەسەڵاتی بەسەر تەکنیکی گێڕانەوەدا دەشکێت و لەو بوارەدا لێزانە. نوێکردنەوە لە نووسینی ڕۆماندا، زادەی پاش و پێشخستنی ڕووداوەکان، یان لەتوپەتکردنی زەمان نییە، بۆیە نووسەر باشی کردووە کە ئەو تەکنیکەی ڕەچاو نەکردووە و ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی کە لە گێڕانەوەدا دەبێتە (سەرەتا، لووتکە، کۆتایی) پێشکەش کردووە.

میلان کوندێرا دەڵێت: (ناتوانین لە گیانی هیچ سەردەمێک تێبگەین، ئەگەر ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە بەسەر نەکەینەوە.) ڕەنگە نەجیب مەحفووز یەکێک بووبێت لە شاهیدە هەرە ڕاستگۆیەکانی سەردەمی خۆی، ئەو ئەوەندە بە قووڵی بە لۆکاڵدا ڕۆ چووبوو، ئەوە وای کرد ببێتە نووسەرێکی جیهانی، ئاخر نووسەر درەختێکە تا ڕەگەکانی قووڵتر بە (نیشتمان)دا ڕۆ بچن، پۆلە مەلی لقەکانی زووتر ئاسمانی (جیهان) تەی دەکەن. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بدەین، هەست دەکەین ڕۆمانێکە ڕاستگۆیانە شایەتیی لەسەر قۆناغێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی دەدات و بەرچاوی خوێنەر بۆ ئاشنابوون بەو ساڵانەی ڕۆمانەکە ئاوڕی لێ داونەتەوە، ڕووناک دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی ببــیـتــە خــاوەن دەنگی خــۆت، تایبــەتمـەندیی خــۆت هەبێت و بەرهـەمەکانت بناسرێنەوە کە هـی تۆن، پێویستە هەم خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خـۆت بیت و هـەم ئەتمۆسـفیـری نووسـینت لە هی هیچ نووسـەرێکی دیکە نەچێت. بۆ ئەوەی ببـیـتـە نـووسـەرێکی وەها، پێـویسـتـە بێجگە لـە نووسین، خاوەنی هیچ مەسەلەیەکی دیکە نەبیت و تەنیا نووسین بکەیە نیشتمانی خۆت. لە نووسـیندا هیچ ڕێسـایەک پیـرۆز نییـە و دەشێت هەر نووسـەرە و ڕێسـای خۆی هەبێت. نووسـەری بوێر کەسێک نییە گاڵتەی بە مەرگ بێت، کەسێکە نە ملکەچـی ڕێسـای دێرین دەبێت و نە هیـچ ڕێسـایەکی نوێ بە پیـرۆز دەزانێت. پاژنەی ئاخیلی بەختیار عەلی زمانە، ڕاستە خاوەنی زمانێکی تایبـەتە، وەلێ زمانێک کە بە کەلێنەکانیدا دەناسرێتەوە.

دەسـتـۆیفسکی دەڵێت: (هیچ نووسـەرێکی ڕووس، بـەو قـووڵـیـیـەی پوشکین وابەسـتـەی گەلەکەی نەبوو، بـەڵام بێ ئەوەی نەتەوەییـیەکی بەرچاوتەنگ بێت.) ئەوە بۆیە ئەلێکسـەندەر بلۆک و مـایاکۆفسکی ئەگەرچی شـتی تازەیان هێنایە ناو شیـعری ڕووسـەوە، وەلێ نەیانتوانی لە بازنەی زمـانی پوشکین دەرباز بن، ئاخر پوشکین بە ڕووسییەکی هێندە جوان دەینووسی، تەنانەت دەستۆیفسکی و گـۆگـۆڵیش کـە لەسـەر ئاسـتی دنیـا زۆر لـەو ناودارتر بوون، هەر ئـەویان بە باوکی خۆیان دەزانی. بەختیار عەلی نە زمانێکی لەوەی نەوەکانی پێش خۆی جوانتری داهێناوە، نە وەفای بۆ ئەو زمـانە ڕەوانە نیشان داوە کە وەک نموونە شوکور مستەفا پێی دەنووسی.

(بە مـەبەسـتی کوشتن چەقۆی لە سنگی چەپی مـەنسـوور دابوو. ل٣٩) لای چەپی سنگ دروسـتـە، یان مـەمکی چەپ، ئاخـر کـەس دوو سنگی نییـە، سنگ دەست نییـە تا چەپ و ڕاستی هـەبێت. (ئـەو وێنەیە سەرەتای زنجیـرەیەک وێنە و فلیمی ئیـرۆتیکی بچووک بوو کە دواتر ئەرشـیـفی پۆرنۆگرافی لەم شـارەدا ئاوەدان دەکـەنـەوە. ل١٣٥) فلیم هـەڵە، فـیـلم دروسـتــە، ئیـرۆتیک هـەڵـەیە، ئێـرۆتیک، ڕاسـتــە، ئێـرۆتیک و پۆڕنۆگـرافی دوو شـتی جـیـاوازن، بـۆیە زۆروزەبەندیی یەکـەمیـان، نابێتە هـۆی دەوڵەمـەندبوونی دووەمیان، جیـاوازیی

نێوان ئێرۆتیکا و پۆڕنۆگرافی وەک جیاوازیی نێوان ڕۆمانی ئەلبێرتۆ مۆراڤیا (١٩٠٧ – ١٩٩٠) و فیلمی ڕووت وایە کە یەکەمیان ئەدەبێکی بالایە و مەبەستی دووەمیشیان وروژاندنی سێکسییە و هیچی تر. (لە شارێکدا هەواری لا داوە. ل١٣٧) پێ دەچێت بەد لە مانای هەوار حاڵیی بووبێت، ئاخر هەوار بەو جۆرە ناخرێتە ڕستەوە. دەبوو بڵێت: شارێکی کردووە بە هەوار.... یان لە هەوارێکدا بارگەی خستووە. (بۆنی بۆکڕووز و سووتانی گۆشتی ئینسان بەرز دەبووەوە. ل١٥٤) دەبوو بنووسێت: (بۆکڕووزی گۆشتی ئینسان بەرز دەبووەوە.) ئەو ڕستەیە نە پێویستی بە بۆنە، نە بە سووتان، ئاخر بۆکڕووز، بۆنی سووتانی گۆشتە. (دەیزانی هەر شەقامێک بە چ جۆرە زەوی و بە ناو چ باغێک و بە کێڵگەی چ جۆرە دەغڵێکدا دەڕوات. ل٣٠٢) ئەوەی بە دەشتودەر و باغ و کێڵگەدا دەڕوات، شەقام نییە، ڕێیە، شەقام هی ناو شارە. (پڕووشە هەنسکۆکە و ئەسرینوان بوو. ل٣٤) ئەوەیش جێی سەرنجە بەختیار عەلی هەندێک جار وشە دادەهێنێت، یان ڕاستتر دادەتاشێت، وەلێ چونکە ئەوە بواری کاری ئەو نییە، هەمیشە بە هەڵەدا دەچێت، مەبەستی لە هەنسکۆکە ئەوەیە، زۆر زوو دەکەوتە هەنسک هەڵدان، ئەسرینوانیش لای وی بە مانای گرینۆک دێت، بە مەرجێک پاشگری (ۆکە) بۆ کەم و گچکە نیشاندان دێت، وەک (بڕ)ۆکە، پاشگری (وان)یش بۆ لێزانینە، وەک مەلەوان و دارەوان.

ئەوە زۆر سەیرە، کاتێک ئەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەک عەوام دەپەیڤن، لە ڕۆماندا وەک هەڵبژاردە بدوێن. ئایا دەکرێت بڵێین نووسەر هیچ دەسەڵاتی بەسەر کارەکتەرەکانیدا ناشکێت و ئەوە ئەمە کە گوێڕایەڵی ئەوانە، نەک ئەوان گوێڕایەڵی ئەم بن. ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت کە لە ڕوانگەی خوێنەرەوە، ئەوە نووسەرە کە شێوازی ژیان، چۆنیەتیی ئاخاوتن، باری دەروون، جۆری بیرکردنەوە و تەنانەت چارەنووسی کارەکتەرەکانیشی دیاری دەکات. ئەدی ئەوە هەر نووسەر نییە کە ئەم کارەکتەری بە کوشت دەدات و ئایندەیەکی گەش بۆ ئەوی دیکەیان دابین دەکات؟ ئاوی بابەتی نووسەری ڕاستەقینە، لە سەرچاوەی خودی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەوە بۆیە جەلالەدینی ڕۆمی لە

(سروودی نەی)دا دەفەرمویت: (من نهێنیم دوور لە ڕوانینم نییە.)(*) ئەمیل سیوران پێی وایە، ئەو ڕۆماننووسەی بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە ئازادیی تەواو بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت و لێیان دەگەڕێت چی دەخوازن، بیکەن و چییان دەوێت، بیڵێن، لەو سۆفییە دەچێت کە ئەگەر بتوانێت خوداوەند جێ دەهێڵێت و هێندە لێی دوور دەکەوێتەوە، دەگاتە شوێنێک کە ئیدی توانای نوێژکردنی نامێنێت.

لایەنێکی جوانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) ئەوەیە، نووسەر وێنەی کارەکتەرەکانی لە گۆڕاندا دەکێشێت، ئەوە نییە بە هۆی ساڵانی سەفەرەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئینسان لە چەقۆکێشەوە، ببێتە کەسێکی دژە زەبروزەنگ و هەست ناسک. (مرۆڤ کە بە جیهاندا گەڕا، ناتوانێت کەس بکوژێت، کە وات لێ هات مردنی باڵندەیەک ئازارت بدات، ئیدی حورمەتی ژیانی تریش دەگریت. ل٢٠٠) یان: (ئەو هەموو ساڵانەی سەفەر، فێری کردم ڕق بە تەواوەتی لە خۆمدا بکوژم. ل٢٣٦) گێڕانەوە بە جێناوی بزر، وا دەکات خوێنەر نووسەری پێ کەسێکی بێلایەن بێت، وەلێ هانابردن بۆ کەسی یەکەم، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر وا تێبگات، نووسەر بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. خەوشێکی ڕۆمانەکە ئەوەیە، گەلێک جار گێڕەرەوەی هەموو شتزان کە کەسێکە سەر بە گرووپی (مەنگوڕ)ی چەقۆوەشێن، وەک ڕۆشنبیرێک دەپەیڤێت.

وەک چۆن لە دوای هەر گەورە پیاوێکەوە، تەلاژنێک هەیە، لە دوای هەر قەل پیاوێکیشەوە بەلاژنێک هەیە. (ژن لە جاڵجاڵۆکە دەچێت و پیاو وەک مار وایە. ژن لە جێی خۆی دادەنیشێت و چاوەڕێی نێچیر دەکات، هەر کە پەیدابوو، توند توند دەیگرێت و ئیدی هەرگیز بەری نادات. پیاو وەکو مار بە دوای نێچیردا دەگەڕێت، هەر کە تووشی هات، پێوەی دەدات.) سەوسەن فیکرەتی قارەمانی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی بەختیار عەلی، ڕەنگە تەلاژن بێت، وەلێ لەو جۆرە ژنانەیە کە شێوازی ڕاویان لە هی جاڵجاڵۆکە دەچێت.

ئیشی دەستوپێوەند ئەوەیە درۆ بۆ پاشا بکات، نەک ڕاستییەکانی پێ بڵێت، ئیشی ئەوەیە شتی لێ بشارێتەوە، نەک شتی بۆ ئاشکرا بکات. ڕۆماننووس ڕاستی دەڵێت، درۆ ناکات، نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، بەردیان لەسەر دانانێت، ئەگەرچی بە دارستانێک لە سانسۆر ئابڵووقە دراوە، لەوانە: سانسۆری سیاسی، سانسۆری ئاینی و سانسۆری دابونەریت. کاری ڕۆماننووس لە وڵاتێکدا کە فەتوا لە سەروو یاساوە بێت، کە ئاین و دەوڵەت هاوسەنگەر بن، کە خێڵ لەسەروو نیشتمانەوە بێت، کە پەرلەمان لەبری ئەوەی چاودێریی دەسەڵات بکات، لە خزمەتیدا بێت و سەنگەر لە گەل بگرێت، ئەوەندە سەختە، وەک بە گژ مەحاڵدا چوونەوە وایە. بەختیار عەلی لە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا، (کە ڕۆمانێکە پێمان دەڵێت: ئەوە سەفەرە فێرمان دەکات، دژی شەڕ بوەستینەوە،) ڕاستییەکانی بە خوێنەر گوتووە و بەرانبەر بە کاری خۆی وەک ڕۆماننووسێک بەوەفا بووە. (ئەگەر دەخوازیت بژیت، سەفەر بکە!) ئەوە گوتەیەکی بەناوبانگی ناسراوترین نووسەری دانمارکی (هانس کریستیان ئەندەرسن)ە (١٨٠٥ – ١٨٧٥) چونکە بە هۆی سەفەرەوە لە مانای ژیان تێدەگەین، ڕەنگە ئەوەی ئەندەرسن بە ڕستەیەک گوتوویەتی، بە ڕۆمانێکیش هەر هێندە بگوترێت.

٢٩/ ٩/ ٢٠٠٩

---

(*) جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی، ئەحمەد تاقانە، ل٢٩ دەزگای ئاراس، چاپی دووەم ٢٠٠٨ هەولێر.

(**) بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ٢٠٠٩ چاپخانەی کارۆ. (شوێنی چاپی لەسەر نییە.) لە نموونەکاندا ڕێنووسم بۆ ڕاست کردووەتەوە.

# ڕۆمانێکی بە زمانی شیعریی نووسراو

شیعر چییە؟ شیعر ئەوە نییە کە بە زمانێکی داخراو باس لە هیچ دەکات و هیچ بابەتێکی نییە، شیعر ئەوە نییە کە نە خەیاڵی تێدایە، نە هەست، نە سۆز. شیعر ئەوەیە وەک تیشکی هەتاو، تاریکەشەو دەسمێت، شیعر ئەوەیە ئاو دەکێڵێت و هەور درووێنە دەکات. شیعر کە باسی شتێکمان بۆ دەکات، وا هەست دەکەین، ئەگەر دەستی بۆ ببەین، دەتوانین بیگرین، شیعر زادەی تەنیاییە و هەر بە تاقی تەنیایش، داکۆکی لە شکۆمەندیی خۆی دەکات. شیعر ئەوەیە کە خوێنەر تووشی نیگەرانییەکی شیرین دەکات و دلۆڤانانە ناخی دەهەژێنێت. (شیعر ئەوەیە کە شاعیر باسی ڕشتنی ئاو دەکات و خوێنەر ئەو ئاوڕشتنە وەک تاڤگە دەبینێت. شاعیر کێیە؟ شاعیر کەسێکە ڕۆح خاوێن، سەهۆڵئاسا ئەوە خۆیەتی، ڕۆحی خۆی خاوێن دەکاتەوە.)(*) شاعیر کەسێکە خۆی نا، تارماییەکەی لەنێو شیعرەکانیدا دیارە، خۆی دوور لە شیعرەکانی دەوەستێت، دلۆڤانییەک لەنێو دێرەکانیدا جێ دەهێڵێت کە ئیشی ئەوەیە، کۆرپەی شیعرەکانی ڕابژەنێت. شاعیر کەسێکە بۆ ئەوەی دڵی شیعری لە لێدان نەکەوێت، دڵی خۆی، دڵۆپ دڵۆپ لەنێو ڕستە شیعرییەکانیدا دەتوێنێتەوە.

لە ڕۆمانەوە فێری لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی تاک و تایبەتمەندییەکانی گەلانی دیکە دەبین. ئەوە ڕۆمانە کولتوورە جیاوازەکان لە یەکدی نزیک دەکاتەوە و ناوچەیەک یان وڵاتێک بە جیهانەوە گرێ دەدات. ئەوە ڕۆمان بوو وای کرد، بە هۆی سێرڤانتسەوە ئیسپانیا، بە هۆی بەلزاکەوە فەرەنسا، بە هۆی تۆلستۆیەوە ڕووسیا، بە هۆی فۆکنەرەوە ئەمریکا و بە هۆی دیکنزەوە ئینگلستان بناسین. بەرهەمی ئەو نووسەرانە چەند ناوچەیین، هێندەیش جیهانین، ئاخر ڕێی بەرەو بە جیهانیبوون، بە تایبەتمەندییەکانی

ئەم یان ئەو ناوچەدا تێدەپەڕیت. باسکاڵ کازانۆڤا پێی وایە: هەر ڕۆمانێک بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی واقیع و کولتووری وڵاتەکەی خۆی نەدات، نابێت بە ئەدەبێکی جیهانی. هەندێک بەهای ئینسانیی هاوبەش هەن کە ئاسۆیەکی جیهانییان هەیە، وەک نموونە: ئەوە سروشتی ئینسانە بە گشتی کە هەم لەگەڵ دەوروبەردا لە ململانێدایە و هەم لە تەک خودی خۆیشیدا. (گۆڕغەریب)ی عەبدولقادر سەعید لەم ڕوانگەیەوە، هەرچەندە باسی واقیعی وڵاتێک دەکات، وەلێ ڕووی دەمی لە هەموو جیهانە.

داهێنان ئەوەیە نووسەر توانای ئەوەی هەبێت، خوێنەر بەوە قایل بکات کە بەرهەمەکەی زادەی پێکەوە گونجاندنی کۆمەڵێک پێکهاتەیە کە سیمایەکی جوانیان پێ بەخشیوە و کارەکەی ئاوسە بە لێکدانەوەی جیاواز و چێژبەخشیشە، ئەمانە وێڕای ئەوەی دەبێت دەق خوێنەر بۆ بیرکردنەوە و ڕامانیش هان بدات و پەرە بە توانای هەست بە جوانی کردنی بدات. ئەرکی داهێنان ئەوە نییە خوێنەر بۆ خەبات هان بدات، بەڵکو بەرهەمی داهێنەرانە کار لەسەر دەروون و گیانی خوێنەر دەکات و هەوڵی بە ئاگاهێنانەوەی هۆشی متبووی و ئازادکردنی ویستی زەوتکراوی دەدات.

(گۆڕغەریب)ی عەبدولقادر سەعید بە زمانێکی شیعرئامێز، ئەزموونی نائومێدی، تێکشکانی خەونەکان، شەڕی ناوخۆ، ڕاونانی ڕۆشنبیران، کۆچ و دوورەوڵاتی دەگێڕێتەوە. هەرچەندە لە ئەدەبی گەلانی دوور و درواسێشدا، گەلەک جاران کار لەسەر شەڕی ناوخۆ کراوە، وەک نموونە، ڕۆمانی (چیرۆکی زەهرە)ی حەنان ئەلشێخ و (سیما سپییەکان)ی ئەلیاس خوری کە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەگێڕنەوە، وەلێ لە ئەدەبی کوردیدا (گۆڕغەریب) نموونەیەکی ناوازەیە کە زادەی شەڕی براکوژییە. هەرچەندە گۆڕغەریب باسی سەردەمێک دەکات کە دەتوانین ناوی بنێین، سەردەمی گوللە، وەلێ نووسەرەکەی ئاگاداری ئەوە بووە کە ئەو پێش ئەوەی یەکێک بێت لە قوربانییەکانی ئەو قۆناغە، نووسەرە و هەر وەک نووسەرێکی هونەرمەندیش، بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

سەروەختی نووسینی ڕۆمان، ژیاننامەی نووسەر بایەخێکی زۆری هەیە. نزیکەی هەمیشە ڕۆمان شتێکی زۆر یان کەمی لە ژیانی نووسەرەکەی تێدایە. ئەگەر لە ئەدەبی عەرەبی دوور نەکەوینەوە، (ڕۆژەکان)ی تەها حسێن، جۆرێکە لە ژیاننامە، نەجیب مەحفووزیش بایەخێکی زۆری بە بیرەوەرییەکانی خۆی داوە، دەشێت بەناوبانگترین ڕۆمانی عەرەبی کە پشتی بە بیۆگرافیای نووسەرەکەی بەستبێت، (نانی ڕووت)ی محەممەد شوکری بێت. دەنگدانەوەی نانی ڕووت هی ئەوە نییە کە بە شێوازێکی نوێ نووسرابێت و نووسەرەکەی تەکنیکی تازەی بۆ دەربڕین داهێنابێت، هی ئەوەیە بوێرانە و ڕاستگۆیانە، باس لە سێکسفرۆشی، هاوڕەگەزبازی، تلیاککێشان، دڕندەیی باوک و کەساسیی دایک دەکات. عەبدولقادر سەعید ناوی هیچ ژانرێکی لە (گۆڕغەریب) نەناوە، ئەوەی بۆ سەلیقەی خوێنەر جێ هێشتووە کە لە ڕوانگەی منەوە، بە ڕۆمانکردنی ژیاننامەی خۆیەتی. لە کن سارتەر بایەخی فۆکنەر لەوەدایە کە باس لە جیهانێک دەکات، بێهیوایی لێ دەچۆڕێت، جیهانێکی پیر و پەککەوتە کە هەموو دەرگەکان بە ڕوویدا داخراون، وەلێ لایەنی لاوازی فۆکنەر لە کن وی ئەوەیە، سەری زەمانی قرتاندووە، وای کردووە زەمان داهاتووی نەبێت. چونکە گڕی هیوا لە کوانووی گیانی عەبدولقادر سەعیددا خامۆش نەبووە، لە دوا دێڕەکانی گۆڕغەریبدا دەنووسێت: (ژەنەڕاڵە شەڕکەرەکان پیر دەبن و دەبن بە گاڵتەجاڕی مێژوو، ئەوەی پیر نابێت، ئەو عەشقەیە، شاعیرانە ئازادی دەدوێنێت و هونەرمەندانە لە یەکسانی ورد دەبێتەوە.)

لە ڕوانگەی (میخائیل باختین)ەوە، (زمانی ڕۆمان دەبێت لە کۆمەڵێک دیالێکتی کۆمەڵایەتیی جیاواز پێک بێت، ئاخر زمانی هەر نەتەوەیەک بریتییە لە چەند دیالێکتێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز و شێوازی دەربڕین کە بە گوێرەی، نەوە، تەمەن، پیشە و بیرکردنەوە لە یەکتری جودان.) چونکە گێڕەرەوەی ئاشکرای هەموو شتزان لە (گۆڕغەریب)دا، خودی نووسەرەکەیەتی کە شاعیریشە، ئەوە ئاساییە کە زمانی شیعریی بەسەر تێکستەکەدا زاڵ بێت، ئەوە نائاسایی بوو زمانی گێڕانەوە، شیعریی نەبێت. گرێبەستێکی ئەدەبی لە نێوان نووسەر و خوێنەردا هەیە، بە گوێرەی ئەو گرێبەستە، دەبێت خوێنەر

وەک تێکسـتێکی هونەری سـەرنجی ڕۆمـان بدات، نەک وەک ڕووداوێکی واقیعی، ئەوە بۆیە گۆڕغەریب، ژیانناماەیەک نییە لەو چەشنەی سیاسەتکاران، بیرەوەریی پێ دەنووسنەوە، ڕۆمانێکە پشتی بە ژیاننامە و بیرەوەری قایمە، تێکستێکە هەویری واقیعی بە ئاوی خەیاڵ شێلاوە.

ئەوە چییە وای لە نووسەر کردووە، ناوی گۆڕغەریب لە تێکستەکەی بنێت، بە مەرجێک کەسێکی گۆڕغەریب لە گۆڕێدا نییە؟ ناونیشان هەیە زادەی چڕکردنەوەی لووتکەی درامای ڕۆمانەکەیە، یان ئاماژەیە بۆ کۆتاییەکەی، ناونیشانی ڕۆمان هەیە، ڕاستەوخۆ باسی بابەتی ڕۆمانەکە دەکات، وەک: نانفرۆشەکە، ناونیشانی ناڕاستەخۆیش هەیە، ئەوە ئەرکی خوێنەرە، سەروەختی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، مەبەستی نووسەر لەو ناونیشانە لێک بداتەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە بابەتی ڕۆمانەکەوە نییە. لە ڕێگەی هات و نەهاتی کۆچ بۆ هەندەراندا، گەلێک ڕێبواری ئەو سەفەرە سەختە، ژیانیان لە دەست دا و گۆڕغەریب بوون، ئەوە بۆیە نووسەر ئەو ناونیشانەی بۆ تێکستەکەی هەڵبژاردووە. جوانترین بەشی گۆڕغەریب، ئەو بەشەیەتی کە گێڕەرەوە کە هەر خۆی کارەکتەری سەرەکی تێکستەکەیشە، لە ڕووبارێک دەپەڕێتەوە و کۆتەرەدارێکی لێ پەیدا دەبێت کە ئەو بە (قرش/ سەگماسی)ی تێدەگات. گێڕەرەوە کە دەشێت بزر، بژنەو یان بگۆ بێت، لەو تێکستانەدا کە ژیاننامە یان بیرەوەریی نووسەرەکەی دەگێڕنەوە، کەسی یەکەمی بگۆیە. ڕۆمان هەیە پشت بە چەند گێڕەرەوەیەک دەبەستێت، ئەو تەکنیکە بۆ نووسینەوەی بیۆگرافیا دەست نادات.

ئەزموونگەری ئەوە نییە لاسایی نووسەرێکی بێگانە بکەینەوە، یان شوێنپێی بۆ نموونە ئەدیبانی لاتین ئەمریکا هەڵبگرین، ئەزموونگەری شتێکە وەکو داهێنان، چونکە تاقیکردنەوەی ڕێگەیەکی نوێیە و شێوازێکی ناباوە بۆ دەربڕین. کرۆکی داهێنان ئەوەیە، نووسەر سنووری باو ببەزێنێت و سەرکێشانە سەفەر بەرەو داهاتووی نادیار بکات. سەرکێشی لە بواری نووسینیشدا وەک کودەتا وایە، ئاخر نە ئاسۆی ڕوونە و نە سەرکەوتنی مسۆگەرە. ئەزموونگەری، مەلەکردنە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە و تەنیا

ئەوانەی شەیدای نوێکردنەوەن، بەختی خۆیان لەو بوارەدا تاقی دەکەنەوە. (هیچ شتێک بۆ هەتا هەتایە بەردەوام نابێت، ئەوە بۆیە وەرزەکان لە یەکدی ناچن.) گۆڕغەریب، شێوازێکی نوێیە بۆ نووسین و لە ڕوانگەی منەوە، ئەزموونێکی سەرکەوتووە. گێڕانەوەی ژیاننامە، ئەگەر وەک گۆڕغەریب بوێری و ڕاستگۆیی تێدا ڕەچاو بکرێت و جۆرێک بێت لە ڕەخنە لە خۆ گرتن و یاخیبوون لە کۆمەڵگە، ئەوا بێ گومان دەبێتە هەوێنی خاوێنکردنەوەی خودی خاوەن ژیاننامەکەیش. گۆڕغەریب لەو تێکستانەیە کە گۆمی هێمنیی و دڵنیایی خوێنەری وابەستەی شێوازی دێرین دەشڵەقێنێت، ئاخر نە ڕێساکانی شێوە دێرینەکانی ڕەچاو کردووە، نە کۆتی ناوەڕۆک و بابەتە کۆنەکان.

زمان لە گۆڕغەریبدا، ڕووکاری دەرەکیی تێکستەکە، یان پێستی جەستەی بەرهەمەکە نییە، خودی کارەکەیە. شیعر پشت بە کورتبڕی و تەنانەت بە سڕینەوەیش دەبەستێت، وەلێ ڕۆمان بە پێچەوانەی شیعرەوە، بایەخ بە وردەکارییەکان دەدات، بەڵام تا سنووری درێژدادڕییەکی بێزارکەر نا. نووسەر کە بە درێژی باس لە ترسی خۆی، لە کۆتەرەدارە لە (قرش) چووەکە دەکات، هێندە هونەرمەندانە بە ناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە، خوێنەر نەک هەر بێزار نابێت، بەڵکو بە تامەزرۆییەوە، شوێن ڕووداوەکە دەکەوێت. (شەیدای هیچ نەبووم، هی وێنەی خۆم نەبێ، هیچ زەریایەکم تەی نەکردووە، زەریای خودی خۆم نەبێت، لەگەڵ هیچدا یەکم نەگرتووە، لەگەڵ خەسڵەتەکانی خۆمدا نەبێت.) بە گوێرەی یاسای یەکیەتیی بوون، عەبدولقادر سەعید، سۆفییانە لەگەڵ تێکستی گۆڕغەریبدا یەکی گرتووە.

٢٠٠٩/ ٠١/ ٠٣

.................................................

(*) عبدالجبار العتابي، كزار حنتوش في ذكراه الثانية ٢٨ ديسمبر ٢٠٠٨ إيلاف.

(**) الرواية العربية، ممكنات السرد، أعمال الندوة الرئيسية لمهرجان القرين الثقافي الحادي عشر، المجلس الأعلى للثقافة والفنون والأداب ٢٠٠٨ دولة الكويت.

(***) عەبدولقادر سەعید، گۆڕغەریب، دەزگای ڕۆژ، چاپخانەی شڤان ٢٠٠٨ سلێمانی.

# سەگوەڕ

## لە نێوان "موکری" و "مەم"دا

(شوێنێک نییە،

ناوی بەهەشتی لێ بنێین،

ڕێیەک نییە،

بچێتەوە سەر بەختیاری.)

(سەگوەڕ)ی محەممەد موکری(*) بۆ یەکەمین جار، ساڵی ١٩٨٢ لە چیا، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. کەسی سەرەکیی ئەو چیرۆکە کە کەرکووکییە، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و نوێ یان گوڵاندا پێشمەرگە بووە. کە دەبێتە پێشمەرگە، باوکی لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت و خوشکەکەیشی ئەتک دەکرێت. ئەو پێشمەرگە دڵسۆزە کە لە لایەن هاوسەنگەرەکانییەوە بە گرت دەدرێت، ئیدی هێندە نائومێد دەبێت، لە چاوەڕوانیی مەرگدا، وا هەست دەکات، خەبات یان دروستتر ژیان شتێکی هێندە پووچە، بێجگە لە سەگوەڕ هیچی دیکە نییە.

لەم چیرۆکەدا، ئەوە گێڕەرەوەی هەموو شتزانە، بەسەرهاتی ژیانی کارەکتەرەکە دەگێڕێتەوە و نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، سوودی لە تەکنیکگەلی نوێی چیرۆکنووسین، بە تایبەتی هاتوچۆ لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا و تێکەڵکردنی زەمان و شوێنی جیاواز، وەرگرتووە، وەلێ زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانیاندا نەکردووە. ڕەنگە ناوبانگی ئەم چیرۆکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە یەکەمین جار هەرچەندە لەناو پێشمەرگەدا بڵاو بووەتەوە و

قارەمانەکەیشی پێشمەرگە بووە، کەچی ئەو قارەمانە بەر لەوەی بەرەو پەتی سێدارە بەڕێ بکەوێت، هەم ژیان بە سەگوەڕ دەچوێنێت و هەم لە ژوورە تاکە کەسییەکەی زینداندا کە چاوەڕێی مەرگە، وەک سەگ دەوەڕێت.

سەگوەڕ چیرۆکێکە دەکەوێتە خانەی ئەو ئەدەبەوە کە بە ئەدەبی بێهوودەیی ناسراوە، باس لە ناماقووڵیی ژیان دەکات و کەم و زۆر کاریگەریەتیی ئەو ئەدەبەی پێوە دیارە کە سەموێل بێکیت و ئەلبێر کامو دەیاننووسی. لە سەگوەڕدا ڕاستەوخۆ باس لە (بێ کەڵکی و پووچیی ژیان، ل٤٥) دەکرێت و (ئایا ژیان ئەوە دەهێنێت، مرۆ تێیدا بژی؟ ل٦٩) یەکێکە لەو پرسیارە سەرەکییانەی چیرۆکەکە دەیوروژێنێت. ئەوەی موکری بە فیکری کامو سەرسامە، ڕەنگە مشتومڕ هەڵنەگرێت، وەلێ ئەو سەرسامییە نەبووەتە هۆی ئەوەی لێزانانە سوود لە شێوازی نووسینی ئەو نووسەرە بلیمەتە وەربگرێت. ئەوی (بێگانە)ی کاموی خوێندبێتەوە، زۆر بە ئاسانی هەست بەوە دەکات، سەگوەڕ کاریگەریەتیی ئەو ڕۆمانەی لەسەرە، ئاخر گەلێک لایەنی هاوبەش لە نێوان (مێرسۆ)ی کارەکتەری سەرەکیی بێگانە و قارەمانی سەگوەڕدا هەیە، ئەوە نییە هەردووکیان لە زینداندا چاوەڕێی مەرگ دەکەن و نزیکەی وەک یەکیش بۆ ژیان دەڕوانن.

(ئەمرۆ دایکم مرد، نازانم، ڕەنگە دوێنێ مردبێت.) مێرسۆی قارەمانی بێگانە، بەو زمانە چڕ و تۆکمەیە، دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی دەکات. زمانی کامو لە بێگانەدا هێندە هونەرییە، وشەیەک بە خەسار نادات و بواری ئەوەی تێدا نییە، وشەیەکی فەرامۆش بکەین یان بگۆڕین، وەلێ زمانی موکری لە سەگوەڕدا هیچ لە زمانی چیرۆکنووسێکی هونەرمەند ناچێت و هەر لە دێڕی یەکەمەوە لە کەلێن تژییە: (ئەمشەو نەخەوتی و بێدار بوویت، ئۆقرەت بە خۆت نەدەگرت. ل٩) نەخەوتی و بێدار بوویت چونکە هاوواتان، یەکێکیان زیادەیە. ئۆقرەت نەدەگرت، دروستە، (بە خۆت)ی پێویست نییە. یان: (مەودای هەنگاوەکانت سێ چوار شەقاوە. ل٢٩) هەنگاو و شەقاو، یەک شتن، دەبوو بڵێت: (مەودای ڕۆیشتنت سێ چوار شەقاوە.) یان: (دڵت دەکەیتە میحراب و

کڕنووشی بۆ دەبەیت. ل٣٣) مرۆ لە میحرابدا کڕنووش دەبات، وەلێ کڕنووش بۆ میحراب نابات، بۆ خودا، یان بۆ بتێکی دەبات. یان: (هەر کە دەسگیرتان لێ دەگیرا، یەکسەر دەیانکوشت. ل٢٠) دەبوو بنووسێت: هەر کە یەکێکتان لێ دەستگیر دەکرا، یان بڵێت: هەر کە یەکێکتان لێ بە دیل دەگیرا، یان: هەر کە یەکێکتان لێ دیل دەکرا.

ئێستایش نازانم، بۆچی بەشێک لە پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دژی سەگوەڕ وەستانەوە، ئاخر ئەو سەروەختە، یەکیەتی و پارتی ناکۆک بوون و سەگوەڕیش ڕەخنە بوو لە پارتی نەک لە یەکیەتی. لە ناوەڕاستی سالانی شەست بە دواوە کە شەڕ دەکەوێتە نێوان دوو باڵەکەی پارتییەوە، سەگوەڕ ئەو شەڕە بە براکوژی لێک دەداتەوە. (ل٦١) ئایا ئەو لێکدانەوەیە لە قازانجی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان نەبوو؟ کە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ دا، ئەسپی شۆڕشی ئەیلوول دەگلێت، سەگوەڕ ئەو نسکۆیە بە ئاشبەتاڵ ناودێر دەکات. (ل٦٣ و ل٧٣ ) ئایا بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاشبەتاڵ لە قازانجی یەکیەتی نەبوو؟ وێڕای ئەمانە، قارەمانەکە کە خەباتی پێ سەگوەڕە و وەک سەگیش دەوەڕێت، سەردەستە، سەرپەل و دوا جار سەرلق بووە، (سەگوەڕ، ل٤٠ و کاروان و سەگوەڕ، ل٤٤ .) ئایا ئەوە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی سەگوەڕ لە دژی پارتی نووسراوە، نەک یەکیەتی، ئاخر سەردەستە، سەرپەل و سەرلق لەناو هێزی پێشمەرگەی پارتیدا هەبوون نەک هی یەکیەتی.

مام جەلال چونکە دەیزانی سەگوەڕ لە قازانجی یەکیەتییە، هەر زوو بە ئاشکرا لایەنی محەممەد موکریی گرت. قسەیەکی جوانی مام جەلال لەو پێشەکییەدا کە ١٩٩٨ بۆ (سەگوەڕ)ی نووسیوە، ئەوەیە کە دەڵێت: (مەدح و سەنا و پێدا هەڵگوتنی دەسەڵاتداران، ڕەوتاری چاوەشی سیاسییە نەک هی نووسەر و بیرڕووناک و ئەدیب. ل٧) یەکێک لەو ئەدیبانەی ئەوە گوتەیەیان بە هەند وەرنەگرت، د. ڕەفیق سابیر بوو، ئەوە نەبوو پێش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لە (کوردستانی نوێ)دا، کەوتە پەسندانی مام جەلالی سەرەک

کۆماری عێراق و تەنانەت بە (نیلسۆن ماندێللا)یشی شوبهاند؟ بە مەرجێک لە هەموو ئاسیادا، مەگەر تەنیا گاندی هاوتای ماندێللا بووبێت.

دوو ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی سەگوەڕی موکری، محەممەد مەولوود مەم بە (ڕۆمان)ێک کە ناوی دەنێت: کاروان و سەگوەڕ،(**) وەڵامی سەگوەڕەکەی موکری دەداتەوە کە ئەوە یەکەمین و دوور نییە دوا جاریش بێت، لای کەم لە ئەدەبی کوردیدا، چیرۆک بە چیرۆک وەڵام بدرێتەوە. مەم هاتووە، نۆڤلێتەکەی موکری سەرلەنوێ نووسیوەتەوە، درێژەی پێ داوە و هەندێک دەستکاریی ناهونەریی کردووە. ئەگەر دەستکارییەکان کورت بکەینەوە، لەوەدا چڕ دەبنەوە کە لە ڕوانگەی (مەم)ەوە قارەمانەکەی موکری سەلبی و ڕەشبین بووە، هاتووە کردوویە بە قارەمانێکی ئیجابی و گەشبین! قارەمانەکەی موکری خەباتی بە سەگوەڕ چوواندووە، ئەوی مەم پێی وایە خەبات بە سەرکەوتن، دوایی دێت. جیاوازییەکی دیکەی بەرچاوی نێوان دوو دەقەکە، ئەوەیە، زمانی مەم زۆر لەوەی موکری پەرپووتترە. وەک نموونە، مەم دەنووسێت: (ئەو وشەیە، بۆت ببووە ئەو سییەی، ماسی لەژێر دەریادا هەناسەی ژیانی پێ دەخواتەوە. ل٧)

ماسی بە هۆی (سی)یەوە هەناسە نادات، بە هۆی کەوانەی ڕیشوەدارەوە هەناسە دەدات.

ماسی لەژێر زەریادا ناژی، لەناویدادەژی.

هەناسە دەدرێت، ناخورێتەوە.

وێڕای ئەوانە دەریا فارسییە، بە کوردی زەریایە.

یان: (زەرەیێکی ئۆتۆم. ل١٠) زەرڕە خۆی بە مانای ئەتۆم دێت! ئەتۆم ڕاستە نەک ئۆتۆم، واتا لەو دوو وشەیەدا، سێ هەڵە هەیە. سەرنجی ئەم درشتبینییەی مەم بدەن: (ئەم جەللادانە، ئەو گورگانەن کە یوسفیان خوارد. ل٥٠) بە مەرجێک گورگ یوسف ناخوات، ئەوە درۆیەک بوو براکانی یوسف کردیان. یان: لای مەم دایکی قارەمانەکە، ژنی تەنگانەیە، ژنێکە کۆڵنەدەر و شۆڕشگێر، (ئای کە دڵت بە دایکت خۆش بوو، بێ ترس بەیاننامە بڵاو

دەکاتەوە و لە نێو بەندیخانەکانەوە نامەتان بۆ دەهێنێتە دەرەوە، ل٦٦) کەچی دوو لاپەڕە دواتر دەبێتە ژنێکی ساویلکە. (دایکت بەو هەموو ساویلکەییەی خۆیەوە. ل٦٨) یان: (گەردی جەستەی تۆ، ئاواز بە مەل و کەو و شالوور دەبەخشێ. ل١٠) بە ڕاست شالوور و کەویش هەر مەل نین؟ یان: (مرۆڤێکی دڵپاک و دەستپاک و دەمپاک بوو. ل١٥) ئەگەر مەم خەمی زمانی هەبا، دەینووسی: مرۆڤێکی دڵ و دەست و دەم پاک بوو. بە کورتییەکەی مەم هەر هەڵەکانی موکری دووبارە نەکردووەتەوە، بەڵکو خۆیشی دەیان هەڵەی دیکەی کردووە.

تێرمی ئینتەرتێکستوالیتی(***) کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا ڕەخنەگری پۆستستروکتورالیست، جولیا کریستێڤا دایهێنا، بە عەرەبی دەبێتە تناص و بە کوردیش هاوتێکستی یان دەقئاویزان، بریتییە لە سەرهەڵدانەوەی تێکستێکی دێرین لەناو تێکستێکی نوێدا، وەک سەرهەڵدانەوەی (ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس لەناو (ئولیس)ی (جەیمس جۆیس)دا. دوو جۆری دیکەیش لە هاوتێکستی هەیە، دژەهاوتێکستی و ساتیرەهاوتێکستی. دژەهاوتێکستی ئەوەیە نووسەری دووەم، شتێک دەڵێت تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوە کە نووسەری یەکەم گوتوویەتی، ساتیرەهاوتێکستیش ئەوەیە، ئەدیبی دووەم بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی ئاوڕ لەو بابەتانە دەداتەوە کە داهێنەری یەکەم باسی کردوون. کاروان و سەگوەڕی محەمەد مەولوود مەم، کە زێتر لە (خوتبە)ی کادیرێکی وشکوبرینگ دەچێت وەک لە ڕۆمان، نە دژیی ئەدەبییە، نە هیچ کام لەو جۆرە هاوتێکستییانەیە، تەنیا خۆماندووکردنێکە کە پێ دەچێت زادەی بێئیشی بووبێت، شەڕێکە بە موکریی فرۆشتووە، لەو جۆرە شەڕانەی کە کورد پێی وایە لە بەتاڵی باشترن.

چونکە ئەوە تەنیا وشەیە کە دەمێنێتەوە، بۆیە زیندانییەکە، پێش مردن دەیەوێت وشەیەک بە سەر دیواری زیندانەکەیەوە جێ بهێڵێت. ئەو وشەیەی قارەمانەکەی موکری بۆ یادگار تۆماری دەکات، وشەی سەگوەڕە، وەلێ قارەمانەکەی مەم وشەی سەرکەوتن لە دوای خۆیەوە جێ دەهێڵێت. ل٥٠)

نەک وشـەی (شـۆڕشـگێڕ) وەک د. ئـازاد حـەمـەشـەریف بۆی چووە.(****) کە چیرۆک و ڕۆمـانـی کوردی دەخوێنینـەوە، وەک مـەحاڵ وایە، تووشـی ڕسـتەیەکی وەها ببین، هێندە جوان بێت، شیاوی ئەوە بێت لەسەر پەڕەی دڵمان بینووسینەوە، کەچی هەر ڕۆمانێکی نووسەرێکی ڕاستەقینەی بێگانە بخوێنینەوە، نەک ڕستەیەک، ڕستەگەلی وەهای تێدایە کە بە درێژایی تەمەنمان لە بیرمان ناچنەوە. لەو دوو تێکستەدا کە موکری و مەم نووسیویانە، ڕستەیەک نییە ڕامانبگرێت و بۆ ڕامان هانمان بدات.

ستۆکهۆڵم ١٩/ ٠٢/ ٢٠٠٩

---

(*) موکری، سەگوەڕ، چاپی شەشەم، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(**) محەممەد مەولوود مەم، کاروان و سەگوەڕ، دەزگای ئاراس ٢٠٠٣ هەولێر.

(***) intertextuality

(****) د. ئازاد حەمەشەریف، شۆڕش لە دوو گۆشەنیگای جیاوە، نەوشەفەق، ژمارە: ٦٣ ل٢١ کانوونی یەکەم ٢٠٠٨ کەرکووک. وێنەکانی موکری و مەم لەم ژێدەرەوە کە بۆ نووسینی ئەم باسە بەرچاوی ڕوون کردمەوە، وەرگیراون.

# کلکی سەگەکە لە وێرگول دەچوو

کـە دەنووسـیت، پێـویسـتـە هەر ڕسـتـەیەکت توانـای ئەوەی هەبێت، وەک دەنکەشقارتەیەک، مۆمی تێکستەکەت دابگیرسێنێت. کە دەنووسیت، دەبێت بە تەواوی بە سـەر زمـانی دایکتـدا، زاڵ بیت، ئاخـر ئینسـان زادەی زمـانی دایکیـەتی. ئێمـە بە هۆی زمـانەوە، دەتوانین بیـر بکەینەوە، چونکە، فیکر لە دەرەوەی زمان، هەبوونی نییە. ئەو دەقەی ڕەخنە ئاوڕی لێ نەداتەوە، لە مردن نزیک دەبێتـەوە، مەبەستم ڕەخنەی ڕاستەقینـەیە، نەک هی ساختـە. ڕەخنەی ساخـتـە، زادەی شتگەلێکە کـە هیچ پێوەندییـان بە دەقەکەوە نییـە. ڕەخنەی ڕاسـتـەقـینە، کـارێک دەکـات، خـوێنەر بە تامـەزرۆییـیـەوە، دەقی جـوان بخـوێنێتـەوە. دەقی جـوان، زادەی زمـانی جـوانە، ئاخـر داهێنـان لە زمـاندا خەست دەبێتەوە. (گەورەترین کارەسات کە دەقێک لە ژیانیدا تووشی دەبێت، ئەوەیە لەبەر تیشکی بڕیارێکی پێشوەختدا بیخوێنینەوە.)

بۆ ئەوەی شـتێکی نوێ بڵێین، پێویستە لە سـفرەوە دەست پێ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە سفرەوە دەست پێ بکەین، دەبێت خۆمان لە بازنەی کەلەپوور قـوتار بکەین. (کـە ئەوەی گـوتووتە، مـەبەسـتت نەبووە بیـڵـێیت، کـە ئەوەی مـەبەسـتتە بیـڵێیت، توانای ئەوەت نییـە، بیـڵێیت، ئیدی دەست لە نووسین هەڵبگریت، چاکـترە.) دەبێت بە شـێوازێکی ئاسـان، دەربارەی ئەو شـتـانە بنووسین کـە خوێنـەر چاوەڕێیان ناکات و کارێک بکەین، هەمیـشـە خـوێنەر بەرەو ڕووی کـوتوپڕی ببێتـەوە و بە ڕوونـی باسی شتـی قـووڵ و بە سـاکاری باسی شتی ئاڵۆز و بە شێوەیەکی ئاسایی باسی شتی سەیر بکەین.

نووسـەر هـەر ئازاد نـیـیـە، بەرپرسـیـشـە، بەرپرسـە لەوەی بە گـژ ناشیرینییەکاندا بچێتەوە، هەوڵی چەسپاندنی جوانی بدات، ترووسکەی هیوا

نیشانی نائومێدان بدات و (زەردەخەنە بخاتە سەر لێوی شکستخواردووان، تا سەرکەوتووان چێژ لە سەرکەوتنەکەیان نەبینن.) من بۆیە دەخوێنمەوە، چونکە بێ خوێندنەوە هەڵناکەم، من تامەزرۆی زمانی جوان و وێنەی شیعریم. باشلار گوتەنی: هێندە وەختم بە دەستەوە نەماوە، بە خوێندنەوەی کتێبی لاوازەوە بە فیڕۆی بدەم.

(بارۆنی سەر دارەکان) ڕۆمانێکی نووسەری ئیتالیایی (ئیتالۆ کالڤینۆ ١٩٢٣ ـــ ١٩٨٥)یە، عەتا نەهایی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. (کۆزیمۆ)ی قارەمانی ڕۆمانەکە، بە دوازدە ساڵی لە ڕێساکانی خێزانە خانەدانەکەی یاخی دەبێت و تا کۆتایی ژیانی، تا تەمەنی دەگاتە شەست و پێنج ساڵ، هەر لەسەر درەختەکان ژیان بەسەر دەبات و هەرگیز پێی ناکەوێتەوە سەر زەوین، ئاخر لە سەرەمەرگدا بە هۆی باڵۆنێکەوە دەفڕێت و دواتر (دەکەوێتە نێو کەنداوێکەوە.) ل٢٩٦ ڕۆماننووسین، بریتییە لە هونەری گێڕانەوە، ئیتالۆ کالڤینۆ، هێندە بەسەر هونەرەکەیدا زاڵە، بە درێژایی نزیکەی چوارسەد لاپەڕە، باسی پەنجا و سێ ساڵ لە تەمەنی کارەکتەرەکەی کە بەسەر درەختەکانەوە، ژیان دەگوزەرێنێت، دەکات، بێ ئەوەی گێڕانەوەکەی تاقە یەک ڕستە فرەوێژیی پێوە دیاربێت. گێڕەرەوەی هەموو شت زان برای قارەمانی ڕۆمانەکەیە کە لە کۆزیمۆ گچکەترە، وەلێ تەنیا لە تاقە بەشێکی ڕۆمانەکەدا (بەشی ٢٧) کۆزیمۆ خۆی دەبێتە گێڕەرەوە. ئەم تەکنیکە کە ئیتالۆ کالڤینۆ پەنجا ساڵێک بەر لە ئێستا بە سەرکەوتوویی بە کاری هێناوە، تازەکی لە ڕۆمانی کوردیدا سەری هەڵداوە.

گرنگ ئەوە نییە ڕۆمانێکی درێژ بنووسین، گرنگ ئەوەیە چرای پەرۆشیی خوێنەر بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە هەتا دوا دێڕەکانی هەر داگیرساو بێت. بارۆنی سەر دارەکان، کە جوانتر وابوو، بە کوردی ناوی (بارۆنە دارەوانەکە) بێت، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی خوێنەر بە تاسەوە، دوای ڕووداوەکانی دەکەوێت. لەم ڕۆمانەدا کە فانتازیا ڕۆڵێکی کاربڕ وازی دەکات، چونکە قارەمانەکەی خوێنەرێکی چالاکە، ئەدەب و فەلسەفە بایەخێکی زۆریان پێ دراوە و چونکە

نووسەرەکەی داهێنەرە، قارەمانێکی هێندە تایبەتی خوڵقاندووە، ئەستەمە هەرگیز لە بیری خوێنەر بچێتەوە.

نازانم ڕۆمانی (ڕۆبنسۆن کروزۆ)ی (دانیاڵ دیفۆ ١٦٦٠ - ١٧٣١)تان خوێندووەتەوە یان نا؟ بارۆنی سەردارەکانی ئیتالۆ کالڤینۆیش ڕۆمانێکە لەو بابەتە. دانیاڵ دیفۆ باسی بیست و هەشت ساڵ لە ژیانی ڕۆبنسۆن کروزۆ دەکات کە لە دوورگەیەکی دوورەدەستدا بە سەری بردووە و کالڤینۆیش پەنجا و سێ ساڵ لە تەمەنی کۆزیمۆ بەسەر دەکاتەوە کە بەسەر دارەکانەوە ژیاوە. گەرچی دەشێت کالڤینۆ سوودی لە دیفۆ وەرگرتبێت، وەلێ سوودوەرگرتنەکەی تەواو وەک سوودوەرگرتنی هەنگە لە گوڵ کە لە شیلە، هەنگوین چێ دەکات. گەرچی بارۆنی سەر دارەکان، ئەو ناوبانگەی ڕۆبنسن کروزۆی نییە، وەلێ یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە بە هەق شیاوی خوێندنەوەن. کاڵڤینۆ کە بە چوارسەد لاپەڕەیەک باس لە ژیانی کۆزیمۆ لە ناو سروشتدا دەکات، هێندە شارەزایانە باس لە درەخت، گژوگیا و گیانەوەر دەکات، تەنانەت (کارڵ ڤۆن لینێ ١٧٠٧ ـــ ١٧٧٨)یش کە بەناوبانگترین زانای ئەو بوارانەیە و خۆی ناوی لە درەخت، گوڵ، گیا و گیانەوەرەکان ناوە، ئەگەر زیندوو ببێتەوە، هەڵەیەک لە ڕۆمانەکەدا نابینیتەوە.

(ئاخرییەکەی دایکمان بڕیاری دا، مل بە واقیعەکە بدات و کۆزیمۆ بەو شێوەیە وەربگرێت کە هەیە.) ل٦٠ دەشێت یەکێک لە پەیامەکانی ڕۆمان ئەوەبێت، پێ لەسەر جیاوازییەکان دابگرێت و باسی فرەدەنگی و فرەڕەنگی بکات. کۆزیمۆ بەسەر درەختەکانەوە سەرقاڵی خوێندنەوەیە و ئاگاداری بیر و بۆچوونەکانی فۆلتیر و ڕۆسۆیە. کۆزیمۆ (بۆ ئەوە نەچووبووە سەر دارەکان، تا لەو سەرەوە بەسەر خەڵکیدا بمیزێت،) ل٨٦ (بۆ ئەوە لە زەوین دوور کەوتبووەوە، تا چاکتری ببینێت.) ل١٩٩ یەکێک لە خەوشەکانی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە، ڕۆمانێکی درێژ دەخوێنیتەوە و تووشی ڕستەیەک نابیت، کەمەندکێشت بکات و ناچارت بکات، هێڵێک بەژێریدا بهێنیت و لای خۆت بینووسیتەوە و پێت وابێت هەقە ئەو ڕستەیە بە ئاوی زێڕ تۆمار بکرێت،

ڕستەیەکی وەکو: (ئەگەر شتێک لە خەڵک زیاتر بزانم، دەبێت کە پێویستییان پێی بوو، پییان ببەخشم، بە بۆچوونی من، فەرماندەیی ئەوەیە.) ل١٥٠ مەرج نییە ڕۆمان بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، وەلێ لە ڕۆماندا، ڕستەی شیعری سەرنج ڕادەکێشێت و لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێنیتەوە. (سەگەکە هەڵدەهات و هەڵدەهات، تا ئەوەی کە تەنیا فاریزەیەک لەناو مێرگەکەدا دەبینرا کە کلکی بوو، پاشان ئەویش ون بوو.) ل٢٠٥ لە ڕۆمانی کوردیدا، بە دەگمەن خوێنەر تووشی ڕستەیەکی شیعری دێت.

ڕۆمانەکە بە زمانێکی جوان کراوە بە کوردی کە هەقە ئەوی کوردییەکی وەک ئەوەی عەتا نەهایی نازانێت، خۆی لە قەرەی وەرگێڕان نەدات. جێی داخە لە (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)دا، نووسەرێک نییە، شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبێت و بەو کتێبانەدا بچێتەوە کە دەزگاکە بڵاویان دەکاتەوە، ئەگەر نا، بڵاوکراوەکانی لە هەڵە، بە تایبەتی هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان، تژی نەدەبوون. ئەوە جێی سەرسووڕمانە، دەزگایەکی وەک سەردەم، نە ڕێنووسێکی هاوبەشی هەبێت و نە بایەخ بە زمان بدات، کەچی پێی وابێت، ئەو (زمان)ەی ڕەچاوی دەکات، شیاوی ئەوەیە، ببێتە زمانی ستانداردی کوردی! وەرگێڕ نووسیویەتی: (هیچ موشکیلە و گرفتێکی نەبوو. دەستچنەکانی بە نەخشە و خەریتەی جوغرافیا دەڕازاندەوە. گۆشە و زاویەی جۆراوجۆر.)(*) وەرگێڕ بە هەر مەبەستێک ئەو وشە هاوواتایانەی بە دوو زمان دووپات کردبێتەوە، هەر زیانی بە دەقەکە گەیاندووە.

٢٠٠٨/١٠/١٦

---

(*) ئیتالۆ کالڤینۆ، بارۆنی سەر دارەکان، وەرگێڕانی: عەتا نەهایی ٢٠٠٧ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

# باوکێک کە لە جانەوەر دەچێت

ژن خۆشەویستی لە شووکردندا دەبینێتەوە،

پیاو ترسی ئەوەی هەیە، بە هۆی ژنهێنانەوە خۆشەویستییەکەی بمرێت.

گوستاف لۆکلیزیۆ بۆیە خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا، چونکە لە ڕۆمانەکانیدا کۆمەڵگەیەکی داهێنا، جیاواز لەو کۆمەڵگەیانەی خەڵک پێیان ئاشنایە و جۆرە کولتوور و شارستانییەکی دۆزییەوە کە هێشتا کەس پەی پێ نەبردوون، ئەوە بۆیە بێ سێ و دوو، دەتوانین بە داهێنەری نێوزەد بکەین. داهێنەری گەورەی وەک ئەو، نە مێژوو دەگێڕێتەوە، نە واقیع دەنووسێتەوە، دێت بە ناخی دەروونی مرۆڤدا ڕۆ دەچێت. کەرەسەی خاوی شاکارەکانی شەکسپیر، ژیاننامەی پاشایان بوو، وەلێ لۆکلیزۆ بە ڕۆچوون بە ناخی کەسانی پەراوێزخراوی لە چەشنی کۆیلە و بیابانشیناندا، جوانترین دەقی پێشکەش کردووە.

(محەممەد شوکری) کە لە ڕۆمانی (نانی ڕووت)دا، ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا ژیانی توێژە هەرە بێبەش و پەراوێزخراوەکان وەبەر ڕووناکی دەدات. خوێنەر لەو ڕۆمانەدا بە ئاسانی هەست بەوە دەکات کە ڕۆماننووس بتی ئەو سانسۆرەی شکاندووە کە چۆکی لەسەر سنگی هەر یەکێک لە ئێمە داداوە، ئاخر بەوپەڕی بوێرییەوە و بێ ترس و دوودڵی، بێ سڵکردنەوە لە سانسۆر، ڕووداوەکان وەک خۆیان دەگێڕێتەوە. ڕەنگە هەر ئەو بوێرییەش، هەوێنی ئەو ناوبانگ و دەنگدانەوەیەی ڕۆمانی نانی ڕووت بێت، ئاخر بوێرییەک بەو ڕۆمانەوە دیارە، مەگەر ددانپێدانانەکانی ڕۆسۆ، هێندە ئازایانە نووسرابێت. مارکیز پێی وایە، هەر یەکێک لە ئێمە سێ ژیانی

جیاوازی هەیە، ژیانێکی گشتی، یەکێکی تایبەتی و یەکێکی دیکەی نهێنی. شوکری بە ڕاشکاوییەوە باسی هەر سێ ژیانەکەی خۆی دەکات. تۆلستۆی پێی وایە، ژیانی خێزانە بەختیارەکان لە یەکدی دەچێت، وەلێ ژیانی خێزانە خەمناکەکان، هەر یەکە و بە جۆرێکی تایبەتی خەمناکە. شوکری لە نانی ڕووتدا، چیرۆکی ژیانی خەمناکی خێزانەکەیمان بۆ دەنووسێتەوە.

هابەرماس پێی وایە، مۆدیرنێتە دابڕانە لە ڕابردوو، گوێزانەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دیکە کە تەواو جیاوازە لەوەی پێش خۆی و خوێندنەوەی واقیعە بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوازە دێرینەکان و فەرامۆشکردنی دابونەریتی کۆنە. لای دیکارت، مۆدێرنێتە بریتییە لە بڕوابوونی ئینسان بە خودی خۆی، کاتێک دەتوانێت ملکەچی هەژموونی خودی خۆی بێت، نەک کۆیلەی ئەم باوەڕ یان ئەو دەسەڵات. ئەوی لە کۆت و پێوەندی دۆگما ڕزگاری نەبووبێت، پێ بزانێت یان نا، هێشتا لە سنووری مۆدێرنیتە نزیک نەبووەتەوە.

محەمەد شوکری لە نانی ڕووتدا، نە ڕەخنە لە ئاین دەگرێت نە لە سیاسەت، کەچی لە کۆمەڵگەی عەرەبیی ئیسلامیدا، ئەو ڕۆمانە وەک تابوو سەرنج دەدرێت، ئەمەیش زادەی ئەوەیە شوکری بە گژ بابسالاریدا کە لەو کۆمەڵگەیەدا سەروەرە، چووەتەوە. لەو کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییە داخراوەدا، نەک هەر کەسانی غەیرە موسڵمان، بۆ نموونە: جوو، مەسیحی و ئێزدی،(*) سووکایەتییان پێ دەکرێت، بەڵکو تەنانەت ئەو موسڵمانانەیشی غەیرە عەرەبن، هەمان بەهای موسڵمانێکی عەرەبیان نییە.

(مێژوومان، یاسامان نییە.) ئەوە هاواری یەکێک لە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بوو، مەبەستی لەوەیە پێویستە دیرۆکمان نەبێتە یاسامان و نابێت خەڵک لە زیندانی مێژوویاندا بەند بکرێن، چونکە ئینسان توانای ئەوەی هەیە خۆی لە ڕابردووی ڕزگار بکات و ئایندەیەکی جیاواز لە ڕابردووی بخوڵقێنێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئینسان کە لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە دەتوانێت خۆی لەژێر هەژموونی هەلومەرجەکانی سروشتی و مێژوویی

دەرباز بکات. ئینسان نە ملکەچی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، وەک مارکس بۆی چووبوو، نە کۆیلەی دەستی ئارەزووەکانییەتی، وەک نیتشە پێی وابوو، نە گیرۆدەی نەست و چەپاندنی سێکسییە، وەک فرۆید بیری لێ دەکردەوە.(**)

هەژاری، نەخوێندەواری و نەخۆشی، جاران زوو زوو باسی ئەو سێکوچکەیە دەکرا، محەممەد شوکری کە لە ڕۆمانی نانی ڕووتدا، ئەو سێ دیاردەیە بەسەر دەکاتەوە، مەبەستی ئەوەیە خەڵک لەو سێ مۆتەکەیە ڕزگاریان ببێت و هەلومەرجێکی نوێ بێتە ئاراوە کە تێیدا ئینسان بە ڕووی ژیاندا پێ بکەنێت و لە ئایندەی خۆی دڵنیا بێت. (خۆر بە ئاسمانەوە، هەر لە زەردێنەی هێلکەیەک دەچوو لەناو سینییەکی شیندا.) ئەو لێکچوواندنە، قسەی کەسێکە برسی، کەسێک کە تەنانەت نانی ڕووتیشی دەست ناکەوێت. ئەگەرچی ئینسان تەنیا بە نان ناژی، کەچی زۆر لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی نانی ڕووت، تەنانەت نانی ڕووتیشیان دەست ناکەوێت.

قارەمانی ڕۆمانەکە کە بەردەوام خەو بە کوشتنی باوکییەوە دەبینێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ لە گۆڕنانی بابسالاری کە کۆمەڵگە بە دەستییەوە دەناڵێنێت. (ئەگەر باوکم بمرێت، دەچمە سەر گۆڕەکەی و میزی پێدا دەکەم. ل١٠٣) ئەو زمانە زبرە، زادەی ئەو زەبروزەنگەیە کە بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی باوکانەوە دیارە. وەک لە ڕۆمانی نانی ڕووتدا هاتووە، لە کۆمەڵگەی عەرەبیی ئیسلامیدا، لە ئاکامی هەژارییەوە، ژن بۆ دابینکردنی بژێوی هانا بۆ فرۆشتنی سێکس دەبات. لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە لە سوێد لەمێژە، سیکس کڕین تاوانە و لە نەرویجیش لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە، سێکس کڕین نەک هەر لە ناو نەرویجدا، بەڵکو لە دەرەوەی نەرویجیش، هەر تاوانە، واتا: ئەگەر هاووڵاتییەکی نەرویجی، بچێت لە تایلاند سێکس بکڕێت، کە گەڕایەوە، سزا دەدرێت.

عەلمانیبوون و ئیلحاد دوو ڕوخساری یەک دراو نین، هیچ مەرج نییە، ئەوی عەلمانی بوو، ئیدی مولحید و بێ باوەڕیش بێت. عەلمانیبوون، وەک

جیاکردنەوەی ئاینە لە دەوڵەت، ڕێزگرتنیشە لە ئاین و لە ئازادیی تاکەکان لە بواری خواپەرستیدا. سیکۆلاریزم، ڕەتکردنەوەی ئەم یان ئەو ئاین نییە، تەنیا ڕێگە نەدانە بە ئاین کە دەست لە کاروباری دەوڵەت وەربدات. ئەوەتا لە ئەڵمانیا حیزبێک کە پاشناوی مەسیحیی هەڵگرتووە، لەسەر مۆدێلی عەلمانی، دەوڵەت بەڕێوە دەبات. لەوێ نە ئاین دەست دەخاتە ئیشوکاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، نە دەوڵەتیش هیچ کۆسپێک لەبەردەم دیندارانداا قوت دەکاتەوە. لە سیستەمی عەلمانیدا ئاین، کەلەپوورە نەک ئیدۆلۆگیی ئەم دەسەڵات یان ئەو حیزب.

ڕۆمانەکەی شوکری کە ١٩٧٢ نووسراوە، بۆ ٣٨ زمان وەرگێڕدراوە، باس لە (مەغریب)ی سالانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەکات، ئەو سەروەختەی ئاین دەستی لەبەر بینی دەوڵەت گیر کردبوو، ئەو سەردەمەی لەوێ چ باسێک لە دیمۆکراسی و سیکۆلاریزم نەبوو، ئەوە بۆیە ئەو سەروەختە کە نانی ڕووت بۆ هەژاران لە گەرووی شێردا بوو، دەسەڵات بە ئاگر و ئاسن وەلامی داخوازییەکانی خەڵکی دەدایەوە. ئەوی ڕۆمانی نانی ڕووت بخوێنێتەوە، لەوە تێدەگات کە ئەوە چییە وای لە (کارلۆس فوینتس) کردووە بڵێت: لەودیو هەر زەردەخەنەیەکەوە خراپەیەک و لەناو هەر نیگایەکی خۆشەویستیدا شەڕێک خۆی مەڵاس داوە.

عەلمانیبوون هاوزەمان دیمۆکراسیبوون، بروابوون بە فرەلایەنی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیشە، ئەوە نییە لە تورکیا کە سیستەمێکی عەلمانییە، ڕێگە لە بەردەم ئیسلامییەکاندا تەخت و خۆشە، بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگەن. ئاخۆ لە وڵاتێکدا، سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی بێت، قەت ئومێدی ئەوە هەیە، دەسەڵات بە شێوەیەکی دیمۆکراسی دەستاودەست بکات؟ هەموو سیستەمێکی دیمۆکراسی، عەلمانیشە وەلێ سیستەمە دیکتاتۆرییەکان وەک چۆن دیمۆکراسی نین، عەلمانیش نین، ئەوە عەلمانیبوون و دیمۆکراسبوونە کە دوو ڕووی یەک دراون. ئەوە عەلمانیبوونە کە هەموو ئاین، ئاینزا و نەتەوەکان لەژێر چەتری یەک نیشتماندا کۆ دەکاتەوە، بە هەمان

چاوی ڕێزەوە سەرنجی هەموو پێکهاتەکان دەدات و وەک ئازادییەکی تاکەکەسیی ڕێز لە چالاکییە ئاینییەکانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەگرێت.(***)

لەو کۆمەڵگەیەدا کە محەممەد شوکری بەسەری کردووەتەوە، چونکە کۆمەڵگەیەکی ناعەلمانی، نادێموکراسی و بابسالارە، سووک سەرنجی ژن دەدرێت، ژن وەک کالا سەیر دەکرێت و لە ڕوانگەی پیاوەوە، ئەرک یان ڕۆڵی مێ، بریتییە لە بەدەنگەوە هاتنی پێویستییە سێکسییەکانی نێر. لەو کۆمەڵگە داخراوەدا، هیچ بایەخێک بە توانا فیکری و عەقڵییەکانی ژن نادرێت و ژن تەنیا وەک جەستە دەبینرێت. (ئەو ژنەی دەمێکی بچکۆلەی هەبێت، زێیەکی بچکۆلەشی هەیە. ل١٣٠) یان: (سێ زمان دەزانێت بەڵام وەک زۆربەی ژنان، عەقڵی لەناو زێیدایە. ل١٦٦) لە ڕێی جۆکەوە کە زادەی پارادۆکسە، کاریگەرییەتیی کارەسات لەسەر کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە. وەک چۆن جۆکی وا هەیە، سروشتێکی گشتگرەوەی هەیە و هەموو مرۆڤایەتی دەهێنێتە پێکەنین، جۆکیش هەیە لەم کۆمەڵگە هەوێنی پێکەنینە و لەو کۆمەڵگەی دیکە نا. لە کۆمەڵگەی بابسالاردا، لە ڕێگەی جۆکەوە، سووکایەتی بە ژن دەکرێت و ئەو جۆکانە کەمن کە ڕووی مەجلیسی ژنانیان هەیە.

٢٠٠٨/١١/٢٨

---

(*) بە هۆی ڕۆمانی نانی ڕووتەوە، ئەوە دەزانین کە لە مەغریب ئێزدی هەیە.

(**) هاشم صالح، هل یتحکم التاریخ بمصیر الانسان؟ ٢٧ نوفمبر ٢٠٠٨ الشرق الاوسط.

(***) منير العبيدي، العلمانية كما في بيئتها ١٤ نوفمبر ٢٠٠٨ إيلاف.

(****) محەممەد شوکری، نانی ڕووت، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

# شازادەیەک کە شەیدای دیمەنی خۆرنشینە

(باوکی چاک، هەوڵ نادات منداڵەکەی وەک خۆی بێت،
هەوڵ دەدات منداڵەکەی لە خۆی باشتر بێت.)
زستانم بۆ چییە؟
کە نە بارانی تێدا بباریّ، نە بەفر،
شیعرم بۆ چییە؟
کە نە نائومێدی لە چوارچێوەی وشە بگریّ، نە هیوا.
یان نووسەر مەبە یان ئاشقیش بە!
ئاخر ئەوە تەنیا نووسەری ئاشقە
کە لە جەنگەڵێکی نوستوودا،
دارێکی بێدارە.

یان مەنووسە، یان هەرگیز لەگەڵ دەوروبەردا مەگونجیّ! ئەوی لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێت، هەر چییەک بێت، نووسەر نییە. نووسەر هێندە بە ڕوونی و بە ڕاستگۆیی دەدوێت، کەسانی ئاسایی تووشی شۆک دەکات. لە ڕوانگەی (تورگنیڤ)ەوە، (ئینسان) دوو جۆرن، یان وەک هاملێت حساب بۆ هەموو ئەگەرێک دەکەن، بیّ ئەوەی بە کردەوە یەک هەنگاو بنێن، یان وەک دۆن کیخۆت، بیّ ئەوەی بیر لە ئەنجام بکەنەوە، مل دەنێن. نووسەر لە دۆن کیخۆتەوە نزیکترە وەک لە هاملێتەوە.

کتێبی (شازادە چکۆل)ی نووسەری فەرەنسایی ئێکزوپێری، (١٩٠٠ – ١٩٤٤) چیرۆکی شازادەیەک دەگێڕێتەوە کە ئەستێرەکەی خۆی بەرەو زەوین

بەجێ دەهێڵێت و لە بیابانێکدا تووشی فڕۆکەوانێک دەبێت کە لە ناچارییەوە نیشتووەتەوە. ئێکزوپێری کە خۆی فڕۆکەوان دەبێت و کاتێک لە ٢٩ی دیسەمبەری ١٩٣٥دا لە (پاریس)ەوە بەرەو (سایگۆن) دەفڕێت، ناچار دەبێت، لە بیابانی گەورەدا بنیشێتەوە، سێ ڕۆژ دواتر، بە ڕێکەوت بە هۆی هەندێک کۆچەرییەوە، خۆی و هاوکارەکەی ڕزگاریان دەبێت، بیرۆکەی چیرۆکی شازادە چکۆلی لەو ڕووداوەوە بۆ هاتووە. شازادە چکۆل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوژینی و ئەزموونی نووسەر، ڕۆڵی کاربڕ لە سەرهەڵدانی چیرۆکی سەرکەوتوودا دەبینن. ڕەنگە نهێنیی جوانیی شازادە چکۆل ئەوە بێت کە بە شێوازێکی سادە، خۆڕسک و دوور لە زۆر لە خۆکردن نووسراوە و پشتی بە هیچ فێڵێکی هونەری نەبەستووە.

ئێکزوپێری وێڕای ئەوەی کە نووسەر و ڕۆژنامەوان بووە، نیگارکێشیش بووە، ئاخر خودی خۆی نیگارەکانی کتێبەکەی کێشاوە. ئەو بۆ تێگەیشتن لە واقیع، هانای بۆ بەگەڕخستنی خەیاڵ بردووە و ئەگەرچی شازادە چکۆلی بۆ منداڵان نووسیوە، وەلێ هەم زمانێکی شیعرئامێزی بەکار هێناوە و هەمیش گەلێک پرسیاری فەلسەفییانەی وروژاندووە کە خوێنەر بۆ بیرکردنەوەی قووڵ هان دەدەن. خەیاڵ هێندەی بە هانای شاعیرەوە دەچێت، ئەوەندە فریای چیرۆکنووس ناکەوێت، ئێکزوپێری ئەوە دەزانێت کە چیرۆک تەنیا بە خەیاڵ نانووسرێت، بەڵکو چیرۆکنووس پێویستە زۆرترین زانیاریش دەربارەی بابەتی نووسینەکەی کۆ بکاتەوە، ئەگەرنا ئەوەی دەینووسێت، کەلێنی تێ دەکەوێت. لە شازادە چکۆلدا وەک چۆن شیعر، حیکمەت و فەلسەفە هەیە، هەر وایش خۆشەویستی، خەمۆکی، نائومێدی و قۆشمەیش هەیە. هەموو چیرۆکێکی چاک، با بۆ منداڵانیش نووسرابێت، بۆ گەورە ساڵانیش دەگونجێت، شازادە چکۆل، یەکێکە لەو چیرۆکە هەرە چاکانە، ئەوە بۆیە زیاتر لە هەشتا ملیۆنی لێ فرۆشراوە، بۆ نزیکەی سەد و پەنجا زمان وەرگێڕدراوە و وێڕای ئەمانە بە فیلم و بە فیلمی (کارتۆن)یش هەیە.

ئەگەرچی بە گۆڕانی زەمان، مەرجەکانی داهێنانیش گۆڕانیان بەسەردا

دێت، وەلێ ئەوە تەنیا شاکارە، لە هەموو سەردەمەکاندا هەر وەک داهێنان سەرنجی دەدرێت. داهێنان بۆیە تووشی سەرسوورمانمان دەکات، چونکە پەی بە دۆزینەوەی دنیای نوێ دەبات و لەو دەرگەیانە دەدات کە پێشتر لێیان نەدراوە و ئەو ڕێیانە تاقی دەکاتەوە کە پێشتر کەس پێیاندا ڕەت نەبووە، یان دروستتر، خۆی ڕێی نوێ دادەهێنێت. کەسی داهێنەر هیچ بەرهەمێکی دێرین ناکاتە نموونەی باڵای خۆی، ئاخر ئەگەر وای کرد، ئەوی دەینووسێت، دەکەوێتە خانەی لاساییکردنەوەوە و وەک داهێنان سەرنجی بەرهەمی نادرێت. شەکسپیر لەسەر زاری هاملێتەوە دەڵێت: (لەم دنیایەدا، لە دوو هەزار کەسدا، یەک خاوێن هەیە.) قارەمانی چیرۆکەکەی ئێکزوپێری ئەو کەسە خاوێنەیە و سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی ناخی ئینسانە.

خوێنەر کە شازادە چکۆل دەخوێنێتەوە، خۆی تێدا دەناسێتەوە، ئاخر ئێکزوپێری نەک هەر منداڵ سەرسام دەکات، بەڵکو منداڵە نوستووەکەی ناخی گەورە سالانیش وەئاگا دەهێنێتەوە. ئەگەرچی شازادە چکۆل بە ڕووکەش وەک چیرۆکێکی ساکار دێتە پێش چاو، وەلێ ڕاستییەکەی گەلێک مانای قووڵی لە هەناویدا حەشار داوە و هێندە لێزانانە باس لە مەرگ و ژیان دەکات، خوێنەر بۆ ڕامان و بیرکردنەوە هان دەدات. ڕێوی کە لە کولتووری ئێمەدا، سیمبۆلە بۆ فێڵ و ساختە، لە کن ئێکزوپێری، لە شازادە چکۆلدا، ڕەمزە بۆ ژیریی.

ئێکزوپێری ١٩٤٠ لە تاو جەنگ ئەورووپا بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لە ئەمریکا دەکات، لەوێ شازادە چکۆل دەنووسێت و ئەو چیرۆکە بۆ یەکەمین جار، بەهاری ١٩٤٣ لە نیویۆرک بڵاو دەبێتەوە. هەر هەمان ساڵ ئێکزوپێری بۆ خەبات لە دژی نازیستە داگیرکارەکان بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە و وەک فڕۆکەوانێکی جەنگی بەشداریی لە ئازادکردنی وڵاتەکەیدا دەکات، تا لە ٣١ی ئایاری ١٩٤٤دا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێک لە (کۆرسیکا)وە بەرەو زەریای سپیی ناوەڕاست دەفڕێت و ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە. شازادە بچکۆل، کتێبێکی هێندە گرنگە، لە فەرەنسا، خەڵکی (بێگانە) بە هۆی خوێندنی ئەو چیرۆکەوە، فێری زمانی فەرەنسایی دەکرێن. چونکە ئێکزوپێری هەر نووسەرێکی گەورە

نییە، قارەمانێکی نەتەوەییشە، ئەوە بۆیە وەک ڕێزلێنانێک وێنەکەی بە دراوی کاخەزینی پەنجا فرەنکییەوەیە.(*)

لە سوێد ناوی وەرگێڕ بە بچووکی لە دیوی ناوەوەی کتێب دەنووسرێت، نەک لەسەر بەرگ و بە گەورەیی، وەک لای ئێمە باوە. خەبات عارف و بەڕۆژ ئاکرەیی کە شازادە چکۆلیان کردووە بە کوردی، ناوی خۆیان لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیوە، وەلێ نە لەسەر بەرگ و نە لە ناوەوە، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە، ئەو چیرۆکەیان لە کامە زمانەوە کردووە بە کوردی! خوێنەر چۆن بزانێت لە فەرەنسایی، ئینگلیزی، سوێدی، عەرەبی یان فارسییەوە وەریان گێڕاوە؟ ئەمەیش ئەگەر بە گەمەکردن بە ئاوەزی خوێنەری کورد لێک نەدرێتەوە، ئەوا لای کەم، هەم هەڵەیەکی گەورەیە و هەم ڕێزنەگرتنیشە لە ماندووبوونی وەرگێڕی یەکەم، کە ئەگەر سوێدی نەبێت، ئەوا فارسە، ئاخر خەبات عارف سوێدی و بەڕۆژ ئاکرەییش فارسی دەزانێت.(**)

٢٠٠٨/١٢/١٣

(*)Thomas Jansson, Den lille prinsen, 30 mars 2001

(**) ئانتوان دۆ سانت ئێکزوپێری، شازادە چکۆل، وەرگێڕانی: خەبات عارف و بەڕۆژ ئاکرەیی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.

# کۆتر لە سەرووەختی فڕیندا

ئەگەر ئەورۆ بمرم
مۆبایلەکەم هەشتا و نۆ مەسیج و
گیرفانم بیست پاوەند و
دڵم تاقە پیاوێکی تێدایە.
"نیگار نادر"

شیعر چییە؟ یەکێک لە پێناسە هەرە جوانەکانی شیعر، ئەوەی (ئیبن ڕەشیق)ە کە دەڵێت: (شیعر ئەوەیە کە ژنەوتن دەکاتە بینین.) پێ ناچێت سەردەمی ئیبن ڕەشیق شتێک هەبووبێت بە ناوی (وێنەی شیعری)یەوە، وەلێ ئەو بێ ئەوەی ناوی بهێنێت، باسی وێنەی شیعری دەکات، ئەوە بۆیە کە گوێمان لەو ڕستە شیعرییانە دەبێت کە پشتیان بە وێنەی شیعری قایمە، بە چاویش هەست بە بابەتی شیعرەکە دەکەین. شاعیر واقیع نانووسێتەوە، کار لەسەر زمان دەکات و هەوڵی بە شیعرکردنی واقیع دەدات. ئەدیب بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی، زمان لە خڵتە خاوێن دەکاتەوە، لێ ناگەڕێت زمان لە ئاوی جۆگەلەیەکی لێڵ بچێت، کارێک دەکات، زمان وەک ئاوی کانیی بناری چیا ڕوون بنوێنێت.

شاعیر وەک چۆن بانگەشە بۆ شتی پووچ و سووک ناکات، هەر وایش خەریکی گوتنەوەی دەرسی مۆراڵ نابێت. شاعیر بە هۆی تێکستەکانییەوە، پەیامێک، هێمایەک یان بیرۆکەیەک بۆ خوێنەر دەنێرێت، ئەوە ئەرکی ڕەخنەکارە ڕووناکی بخاتە سەر تێکستەکە و بۆ باشتر تێگەیشتن لە پەیامی شاعیر، کۆمەک بە خوێنەر بکات، ئاخر شیعر ئەگەر ت. س. ئەلیەت (١٨٨٨ – ١٩٦٥) گوتەنی: (زمانحاڵی ڕاستگۆی ئاڵۆزییەکانی شارستانیی نوێ بێت، ئەوا سەخت دەبێت) و خوێنەر بۆ لێ تێگەیشتنی، پێویستی بە هاوکاریی

ڕەخنەکار دەبێت. ڕێ دەکەوێت، لێکدانەوەی ڕەخنەکار بۆ شیعرێک، تەنانەت لە خوێندنەوەی خودی شاعیرەکەیشی دروستتر بێت، ئاخر جاری وا هەیە، مەکسیم ڕۆدنسۆن گوتەنی: (تەواو نزیکبوونەوە وا دەکات، هەموو شتێک نەبینین،) دروست وەک چۆن بۆ بینینی جەنگەڵێک، پێویستمان بەوە دەبێت، هەندێک لێی دوور بکەوینەوە.

ڕەخنەکار کەسێکە هەم بوێر و هەم ئۆبجێکتیڤیست، ئەوی جارێک بەمدا هەڵدەدات و کەڕەتێک بەودا هەڵدەشاخێت، ڕەخنەکار نییە. سروشتی هەندێک کەس وایە، نە گەردێک لە گیانی لێبوردەییان تێدایە، نە ڕێز لە هیچ ڕەخنەیەک، ئەگەر ئاڕاستەی خۆیان کرابێت، دەگرن. بۆ ئەوەی گەشە بکەین، نەک هەر دەبێت بە سنگێکی فراوان و گیانێکی وەرزشکارانەوە، گوێ بۆ ڕەخنەی کەسانی دیکە ڕادێرین، بەڵکو پێویستە ناوبەناو ببینە ڕەخنەگری خۆمان و ڕەخنە لە خودی خۆمان بگرین. ئەگەر پێمان وابێت، ڕەخنە بریتییە لە دووانەی ڕاست و هەڵە، یان دروستتر، بریتییە لە جیاکردنەوەی هەڵە لە ڕاست، ئەوا هەمیشە خۆمان پێ ڕاست و ئەوی دیکەمان پێ هەڵە دەبێت. بورخیس دەڵێت: (هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕەخنانەدام کە ئاڕاستەم دەکرێن، ئەگەر ماوەیەک کەس ڕەخنەم لێ نەگرێت، حەز دەکەم، بە ناوێکی خوازراوەوە، خۆم ڕەخنەیەکی توند لە خۆم بگرم.)(*)

ئەوە سروشتی داهێنانە کە جۆرێکە لە نوێکردنەوە، ئەزموونگەری، یاخیبوون و تەنانەت شۆڕشیش. (بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بە من بچێ، دە ئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە!) دوا کتێبی (نیگار نادر)ە کە بریتییە لە دەفتەری یادداشتە ڕۆژانەییەکانی، بە درێژایی هەموو ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٦ کە بە گوێرەی زانیاریی من، ئەمە یەکەمین جارە، شاعیرێک بێ ئەوەی باز بە سەر تاقە ڕۆژێکدا بدات، بیرەوەرییەکانی ساڵێکی تەواوی خۆی بنووسێتەوە. لایەنێکی نوێی دیکەی کتێبەکە ئەوەیە، ڕووپەلەکانی شێوەی ڕۆژژمێریان هەیە، وەلێ لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی ، ئەو بوێرییە بێ وێنەیە کە یەکەمین جارە نووسینی کوردی بە خۆیەوە دەبینێت.

نەرمایی گوێچکەم ڕامووسە!

زمانت ماچ دەکەم، سەگبابی زمانخۆش.
چووم لە بن درەختێک ڕاکشام، وەکی بن تۆ، خۆش.
ماچێکت لە مەمکی ڕاستم دەکرد و
ماچێکت لە مەمکی چەپم، تا وەخەبەرت هێنام.
لەبن (تۆ)ڕا لە ژیان دەڕوانم،
ئای ژیان لەبن تۆڕا
چەند گەرم و جوانە، سەگباب!(**)

تا ئەم بیرەوەرییانەی نیگار نادر بڵاو نەکرابووەوە، هیچ شاعیرێکی کورد ئەوەندەی قوبادی جەلیزادە، بوێرانە باسی لە جەستەی ژن و تینوویەتیی بۆ سێکس نەکردبوو، وەلێ بە بڵاوبوونەوەی (بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بە من بچێ، دە ئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە!) کێبڕکێکارێکی ڕاستەقینە لە قوباد پەیدا دەبێت کە وەک هونەری نووسین نا، وەلێ وەک بوێریی دەربڕین، نەک هەر هاوشانی ئەو ڕێ دەکات و بەڵکو هەندێک جار بەجێشی دەهێڵێت.

دەستەیەک قەڵەمم هەیە بۆ نووسین و
دەستەیەک پیاویش بۆ عەشق.
پیاوان وەک چەپکەگوڵ وان،
هەر بۆ دوو سێ ڕۆژ
ڕەنگیان جوانە و بۆنیان خۆش،
پاشان دەبێ فڕێیان دەی.

لە کتێبی (بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بە من بچێ، دە ئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە!)ی (نیگار نادر)دا، (کۆتر) و (تامەزرۆیی بۆ فڕین) پانتاییەکی بەرینیان داگیر کردووە. باڵندە بە گشتی، سیمبۆلی ئازادییە، ئەوە بۆیە پیاوێک کە لە قەفەزی زێڕیندا بەند نەبێت، زوو زوو دەڵێت: ئازادم وەک مەل. شەیدایی بۆ فڕینیش لە ڕوانگەی (فرۆید)ەوە، تامەزرۆییە بۆ جووتبوون. نیگار نادر وێڕای کۆتر و فڕین، هانا بۆ گەلێک وشەی دیکەیش

دەبات کە تایبەتن بە باڵندە، وەک: هێلانە، نیشتنەوە، هەڵنیشتن، (گمە) کە دەنگی کۆترە و (تەقلەلێدان)یش کە تایبەتە بە جۆرێک کۆتر.

دەستت بێنە لەسەر ناوکمی دانێ،

نەیبزێوی! نە بۆ خوارتر نە بۆ سەرتر،

دەنا کۆترەکانم هەڵدەفڕن.

نامەیەکت هاویشتە سەر سینگم،

نووسیبووت: کۆتر، گەردنت دەمژم.

سەر بە سینگم بکە!

هێندەم نەماوە لە لات،

کۆتری وەک من نابینیتەوە، ها سەگباب.

لەم بەرهەمەی نیگار نادردا گەلێک جار (سەگباب) پاتە دەبێتەوە، بڕوا ناکەم کەس وەک ئەو (سەگباب)ی وەها شیرین و جوان لە ڕستەدا جێ کردبێتەوە و وای کردبێت، ئاوازی ئەو جنێوە لە هی پێداهەڵدان خۆشتر و بەجۆشتر بێت. زێدەگۆیی نییە گەر بڵێم، خوێنەر پڕ بە دڵ حەزی لێیە پریشکی ئەو جنێوەی بەر بکەوێت.

جنێوم پێ دەدا ئەو شۆخە هەرچەندە جنێو تاڵە

کوتوپڕ خۆش و شیرینی دەکا، لێوی شەکرباری.

قەت بڕوا ناکەم، جنێوی شۆخەکەی (کەمالی،) هێندەی ئەوەی نیگار نادر، خۆش و شیرین بووبێت. ئەو زمانەی ن. ن پێی دەنووسێت، زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و پاراوە، وەلێ زۆر جار زیاد لە پێویست ناوچەییە و هەندێک جاریش لەبری ڕەچاوکردنی کورتبڕی، وشەی هاوواتای دووبارە کردووەتەوە، وەک:

خۆشەویستی و جغارە،

کەم کەس دەخوازێ (تەرکیان کا و دەستبەرداریان بێت.) تەرکیان کا، زیادەیە. یان:

دەزانم لەناو خۆتدا

(شاردووتمەوە و حەشارت داوم.) شاردووتمەوە، زیادەیە. یان:

پیاوان (هەمیشە) هەنار و مین (تێکەڵ دەکەن و لێک ناکەنەوە.) لێک

ناکەنەوە، زیادەیە و هەمیشە بۆ (تێکەڵ دەکەن،) دروستە، وەلێ بۆ (لێک ناکەنەوە،) چونکە نەرێنییە هەڵەیە، (هەرگیز) لەگەڵ (مەنفی)دا دروستە.

نیگار نادر لە کۆشیعری (هەموو ژتەدا ژیونەتەوە)یشدا بە هەمان ڕاشکاوی و بە هەمان بوێرییەوە، خۆی نووسیوەتەوە، ڕاشکاوی و بوێرییەک کە شیاوی ئێرەیی پێ بردنن. ژن کە بە نهێنی سیگار دەکێشێت، لای ئەم هێندە (سەرەڕۆ)یە، بە ئاشکرا سیگار، نێرگەلە و (مەروانە)[***] دەکێشێت و شەرابیش دەنۆشێت:

ئەز ژنەکم
سەربەخۆ و بنبەخۆ،
ژنێکم بێ پیاو، بێ ئاوەڵکراس،
ژنێکم عەشق بێ تەقە دەمگرێ.
نازانم لە بن درەختێک دانیشتووم
یان لە بن پیاوێک،
لێ دەزانم، ژنێکی جووتم، ئەوڕۆ.[****]

بڕوام بەوەیە کە ژن زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر شیعرێک بەرهەمی قەڵەمی ژن بێت و گەواهی لەسەر خاوەنەکەی نەدات کە ژنە، ئەوا ئەو ژنەشاعیرە، خۆی لە زیندانی زمانی پیاوان قوتار نەکردووە و هێشتا دیلی دەستی زمانی باوە کە زمانی پیاوە. نیگار نادر وەک ژنێکی بوێر، بێ ترس و دڵەڕاوکێ، بە زمانێک کە هی مێیینەیە، گۆرانی بۆ ئەو پیاوە دەچڕێت کە لە هێلانەی دڵیدایە.

٢٠٠٨/١٢/٢٧

---

(*) مروة كريدية، نقد النقد ٢٣ ديسمبر ٢٠٠٨ إيلاف.

(**) نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بە من بچێ، دە ئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(***) سەرەڕۆ، دەربڕینی ن. ن خۆیەتی، مەروانە، جۆرێکە لە تلیاک.

(****) نیگار نادر، هەموو ژتەدا ژیونەتەوە، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

# له گەڵای زەیتوونەوە بۆ شوێنەواری پەپوولە

که له نیشتماندا هەستم به غەریبی دەکرد، هەوڵم دەدا به وشه خۆم
لەو غەریبییه ڕزگار بکەم، که له مەنفادا غەریبی زۆری بۆ دەهێنام،
هەوڵم دەدا به هۆی وشەوە، بۆ نیشتمان بگەڕێمەوە. وشه لای من
ڕێگەیه، پردە، تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوونیشه.
مەحموود دەرویش

به هۆی شیعری مەحموود دەرویشەوە، گوێی شیعردۆستانی دنیا به جریوەی چۆلەکەکانی (جەلیل) ئاشنا دەبێت و لەگەڵ ژنەوتنی ئاوازی شیعریدا، ڕۆحیان دەکەوێته باڵەفڕێ، ئاخر شیعری وی بۆ دەیان زمان وەردەگێڕدرێت و هەستی ملیۆنان خوێنەر دەبزوێنێت. ساڵی ١٩٩٨ به خامەی ئەو جاڕنامەی سەربەخۆیی فەلەستین دەنووسرێتەوە. لایەنێکی هاوبەشی نێوان گەلی کورد و خەڵکی فەلەستین ئەوەیە، هەردوو لایان، چونکه جوگرافیایان به دەستەوە نییه، توند توند دەستیان به مێژووەوە گرتووە، ڕەنگه هەر لەبەر ئەوەیش بێت، کورد به شیعری مەحموود دەرویش سەرسام بن.

شتی هاوبەش له نێوان من و مەحموود دەرویشدا زۆرن، منیش وەک ئەو حەزم له یاریی تۆپی پێیه، منیش وەک ئەو به ترس و دڵەڕاوکێوە نووسینی خۆم بۆ بڵاوکردنەوە دەنێرم، منیش وەک ئەو، ئەوانەم زۆر پێ (ئازا)یه که زات دەکەن، قسەی بێ کێش و بێ سەروا و بێ مانا که گوایه شیعری نوێیه، بڵاو بکەنەوە و منیش وەک ئەو خوێنم له کۆلیسترۆڵ تژییه. دەرویش دەیگوت: (عەقڵم شیعر بەرهەم دەهێنێت و جەستەشم کۆلیسترۆڵ.) ئەوە شیعرە ئەو به

زیندوویی دەهێڵێتەوە، ئەوە کۆلیسترۆڵ بوو، ئەوی کوشت.

که هەویری وشەکانی هەر لەوە دەچێت بە فرمێسک شێلرابێت، هی ئەوەیە، شەرمی لە فرمێسکەکانی دایکی دەکرد. بۆیە شەیدای تەمەنی خۆی بوو، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو، بمرێت و ئیدی بارانی فرمێسکی دایکی خۆش نەکاتەوە، هەر وایش دەرچوو. لە غەریبی لە هەموو شتێک زێتر، تامەزرۆی نانی دەستی دایکی بوو. ساڵی شەست و حەوتی سەدەی ڕابردوو، عەرەب تووشی دژوارترین نسکۆ هات، پێ دەچێت بۆ عەرەب شەست و حەوت ژمارەیەکی شووم بێت، ئەوە نییە مەحموود دەرویشی میری شاعیرانی عەرەب، بە شەست و حەوت ساڵی دڵی لە لێدان دەکەوێت؟ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، عەرەب سێ شاعیری مەزنی هەبوو، دە ساڵ لەمەوبەر (۱۹۹۸) نزار قەبانی، کۆچی دوایی کرد، مەحموود دەرویشیش دە ساڵ دوای وی، (۲۰۰۸) هەمان ڕێی گرتە بەر، بەو هیوایەی تەمەنی ئەدونیس تا دە ساڵی دیکە (۲۰۱۸) و زێتریش بڕ بکات.

زۆر لە ئێمە بە وشە، بەرەو ڕووی مەرگ دەبینەوە و تەنانەت بانگاشە بۆ ئەوەیش دەکەین کە گرەوی لێ دەبەینەوە، کەچی لە کۆتاییدا هەمیشە مەرگ دەیباتەوە. (ئەوە بۆچی جوانترین پیاوی فەلەستین سەری کردە سەر سەرین و ئیدی وەئاگا نەهاتەوە؟) تۆ بڵێیت لە داخی ئەوانە بووبێت کە پێیان وابوو، هەموو حەقیقەت لە کن خۆیانە؟ مەحموود دەرویش کە پێشتر دوو جار دڵی کرابووەوە، کە زۆر بەوە سەغڵەت دەبوو، گەمە بە جەستەی بکەن، دەیگوت: ئیدی مەرگ نامترسێنێت، ئاخر من دوو جار ئەوم بەزاندووە. مردن تەواو وەک ئەوە وایە لەسەر (پەڵە هەورێکی سپیی کۆچەری)ی بخەویت. تۆ بڵێیت هەنووکە لەسەر باڵی هەورەوە، شیعر بخوێنێتەوە؟ ترسی مەحموود دەرویش لە مردن لەبەر ئەوە بوو، ئازار بە دایکی دەگات و دۆستەکانی خەمی بۆ دەخۆن.

لە شیعری مەحموود دەرویشدا کە تا دوا هۆنراوەی دەستی لە کێشی بڕگە و تەنانەت لە پاشبەندیش هەڵنەگرت، کە گوێمان لە دەنگی خودی خۆیشی

دەبێت، هەر وا هەست دەکەین کە بە ناوی کۆمەڵەوە گۆرانی دەچڕێت. شیعری وی ئەگەر لیریکیش بێت، وێڕای ئەوەی کە دەربڕی خودی خۆیەتی، خەمی گەورەتری تا ئاستی خەمی هەموو خەڵکی دنیایش بەرجەستە دەکات. ئاخر ئەوێک کە لە زێدی خۆیشیدا هەستی بە نامۆیی دەکرد، تەنیا هاووڵاتییەکی فەلەستینی نەبوو، هاووڵاتییەک بوو دنیای بە نیشتمانی خۆی دەزانی. لە شیعری ئەودا وەک چۆن ڕاستەوخۆیی و ناوچەگەری هەیە، گەلێک حیکایەت و ئەفسانەی گەلانی دیکەیش هەیە. ئەوە بۆیە ئەوێک کە فەلەستینییەکی لە زێدی خۆی هەڵکەندراو بوو، زۆری بە لاوە ئاسایی بوو، خۆی بە هیندییەکی سوور بچوێنێت.

لە سەرەتای شیعریدا ئەو (کۆمەڵ) بوو لەناو (تاک)دا، ئەوە گەڕان بوو بە دوای ئازادیدا وای لێ کرد ببێت بە (تاک)ێک لەناو (کۆمەڵ)دا. هەر بۆیە ساڵانێک بوو بەوە دڵگران دەبوو کە داوای خوێندنەوەی شیعری (حەماسی)یان لێ کردبا، ئاخر بە ئومێدی ئەوەبوو، شیعر بەسەر سیاسەتدا سەربکەوێت و واقیع لە بەردەم خەوندا چۆک دابدات و خۆی بە شاعیری ئەوین و ئاشتی دەزانی، نەک بە شاعیری بەرەنگاربوونەوە. مەحموود دەرویش پێی وابوو، شیعر زادەی دیاردەیەک نییە، ئاخر ئەگەر وابا، بە بزربوونی دیاردەکە شیعریش نەدەما. لە کن ئەو، (شیعری شۆڕشگێڕانە، زادەی کارێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو مژدەبەخشی شۆڕشە، ئاخر شیعر مژدەی سبەینێیە، نەک تۆماری دوێنێ.)

دەرویش بە پێچەوانەی ئەو شاعیرانەوە کە تا بە ساڵدا بچن، شیعری خراپتر دەنووسن، هەتا تەمەنی هەڵدەکشا، شیعری باشتری دەنووسی. هەتا بە (پایز)ی تەمەندا ڕۆ دەچوو، شیعری زێتر (بەهار)ی لێ دەچۆڕا. هێدی هێدی لە دروشم و دەنگی بڵند دوور دەکەوتەوە و بە داهێنانەوە بالانسی نێوان شیعر و واقیعی ڕادەگرت. ئەوە بۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، مەگەر نزار قەبانی، ئەگەر نا، شاعیرێکی دیکە نەبوو لە نێو عەرەبدا، هێندەی وی خۆشەویست بووبێت. ئەو تا ژیا موڵکی میللەت بوو، تا

مرد میللەت لێی نەگەڕا تاوێک موڵکی خۆی بێت، دەبوو هەمیشە وا ڕەوتار بکات، وەک میللەت دەخوازێت، نەک وەک خۆی دەیەوێت. ئەوە باجێکە، جێی داخە دەبوو شاعیرێکی مەزنی وەک ئەو کە هاوزەمان شاعیری هەڵبژاردە و هی (گەل)یش بوو، بیدات.

لە شیعری مەحموود دەرویشدا، پەیامێکی هێندە پاک و تامەزرۆییەکی هێندە سۆفییانە بۆ نیشتمان هەیە، بۆیە هاونیشتمانییەکانی تەنیا هەر بە شاعیریان نەدەزانی، بە (قەدیس)یشیان دەزانی و بە هۆی سیحری شیعری ئەوەوە، هەستیان بە جوانیی خۆیان دەکرد. لە کاتێکدا ئەو لە لووتکەی داهێناندا بوو، مەرگ وەک ڕاهاتووە، دزئاسا خۆی بە ژوورەکەیدا کرد و خۆی گەیاندە سەر جێخەوەکەی، (لێی نەگەڕا کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت و جانتاکەی ئامادە بکات.) بۆ مەحموود دەرویش کە لە پایزی تەمەنیشیدا، شاعیرێکی لاو بوو، وادەی مەرگ نەبوو. لەوە دەچێت هەستی بەوە کردبێت کە مەرگ ئەمجارە بواری نادات، ئەوە بۆیە پێش سەفەر بۆ ئەمریکا، بە مەبەستی نەشتەرگەریی دڵ، بە دۆستەکانی گوتبوو: (دەچم تۆزێک دەمرم و دەگەڕێمەوە.)

دەگمەنن ئەو شاعیرانەی هێندەی گۆرانیبێژێکی گەورە جەماوەریان هەبێت، لە عەرەبدا تەنیا نزار قەبانی و مەحموود دەرویش یەکی هێندەی گۆرانیبێژێکی مەزن جەماوەریان هەبووە. هەرچەندە دەرویش ئەو جەماوەرە زۆرەی هەبوو، هەرچەندە شیعری زەمانی دەبڕی و سنووری وڵاتانی دەبەزاند، کەچی ئەو وەک هەر شاعیرێکی مەزنی دیکە، بە ترس و لەرزەوە دەینووسی و هیچ لە شیعرەکانی دڵنیا نەبوو، هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژیا و ترسی ئەوەی هەبوو، ئەوەی دەینووسێت، شیاوی بڵاوکردنەوە و خوێندنەوە نەبێت، بۆیە بە ترسەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەناردن. کە شیعرێکی تازەی دەنووسی، هێندە لە بڵاوکردنەوەی دەترسا، دەتگوت یەکەمین جارە شیعر بنووسێت. تەنانەت جارێک بە کەمال ئەبودیب، چونکە هیچی سەبارەت بە شیعری وی نەنووسیبوو، دەڵێت: (دەزانم تۆ منت پێ شاعیرێکی هیچە.)

بەس نییە محەممەد دوا پێغەمبەر بوو،
ئەگەرنا هەر مافیایەک بگریت، دەبووە خاوەنی پەیامبەری خۆی،
حوزەیران لە یادی چل ساڵەیدا سەرسامی کردین،
کە کەسمان چنگ نەکەوت دیسانەوە تووشی نسکۆمان بکات،
خۆمان خۆمانمان بەزاند.
کەس دەناسن
شانازیی بە کوشتنی برای خۆیەوە بکات و پێی بڵێ: هەی کافر!
نێرگزمان بۆ چییە
کە هەست بە جیاوازیی نێوان
جامیع و جامیعە ناکەین!

مەحموود دەرویش چونکە هەر لە تافی لاوییەوە (١٩٦١) بە حیزبی شیوعییەوە پێوەست دەبێت، هەرگیز لای ئیسلامییە توندڕۆکان خۆشەویست نابێت و تەنانەت سەرانی (حەماس) بە بیستنی هەواڵی مەرگی، دڵخۆش دەبن و ئەو شادییەشیان ناشارنەوە.

بنووسە من عەرەبم،
خەڵکی گوندێکی دوورەدەست و فەرامۆشکراو،
کە هەموو پیاوانی کێڵگە و کارگەی،
کۆمۆنیزمیان خۆش دەوێ.

لە یەکێک لە چاپەکانی دیوانەکەیدا، ئەو کۆپلەیەی هۆنراوەی (بنووسە من عەرەبم) فەرامۆش کرابوو، شیعرێکی بۆ (کوردستان)یش گوتبوو، ئەویش هەمان چارەنووسی هەبوو! دەزانم وازی لە حیزبی شیوعی هێنا و سەنگەری خەباتی بۆ ناو (فەتح) گوێزایەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ بزربوونی ئەو کۆپلەیەی گۆرانیی بۆ کۆمۆنیزم دەگوت و ئەو شیعرەی داکۆکیکردن بوو لە کوردستان، خۆی فەرامۆشی کردن، یان سانسۆر ملی هەڵکێشان؟

دوای ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆ مەحموود دەرویش واز لە فەتح دەهێنێت و تەنانەت لەژێر گوشاری زۆری (یاسر عەرەفات)یشدا، قایل نابێت، لە یەکەمین حوکوومەتی فەلەستیندا، ببێتە وەزیری ڕۆشنبیری. کە عەرەفات پێی دەڵێت: بۆچی تۆ لە (ئەندریە مالڕۆ) زێتری کە بووە وەزیری ڕۆشنبیری لای دیگۆڵ؟ ئەویش پێی دەبێژێت: (نە ئەم تۆزە خاکەی بندەستی ئێمە فەرەنسایە، نە تۆ دیگۆلیت و نە منیش مالڕۆ. فەلەستین فەرەنسایش بێت، تۆیش دیگۆڵ بیت و منیش مالڕۆ، ئەوسایش هەر وەزیریی ناکەم، هەڵوێستم وەک هی سارتەر دەبێت کە دەسەڵاتی ڕەت دەکردەوە.)

بە ئامادەبوونی بۆ مەربەدە شیعرییەکانی سەردەمی بەعس، شکۆمەندیی مەحموود دەرویش بریندار دەبوو، ئاخر بەعس بۆ نیازی پیسی خۆی، داوەتی دەکرد و هەلی بۆ دەڕەخساند، وێڕای بەسرە لە بەغدایش کۆڕی شیعری بگێڕێت. (کە عێراق کوەیتی داگیر کرد، مەحموود دەرویش لایەنی سەددامی گرت و کە سەددام تێکشکا، هەستی بە نائومێدی کرد.)[1] ئەو کە سەرمایەیەکی (ڕەمزی) بوو بۆ هەموو گەلی فەلەستین، زۆر جار شاعیرێکی (ڕەسمی)یش بوو، کەیفی بەوە دەهات کەسانی خاوەن پۆستی بڵند، لە ڕیزی پێشەوەی کۆڕەکانیدا دابنیشن. مەحموود دەرویش شاعیرێکی گەورە بوو، وەلێ ڕۆشنبیرێکی بەهەڵوێست نەبوو. شاعیر کاتێک دەمرێت کە توانای نووسینی نەمێنێت، وەلێ ڕۆشنبیر کە توانای نواندنی هەڵوێستی نەما، ئیدی با لەسەر نووسین بەردەوامیش بێت، هەر حسابی مردووی بۆ دەکرێت.[2]

٢٠٠٨/٨/١٤

---

(١) هاشم صالح، رحيل شاعر كبير ١١ ,٠٨، ٢٠٠٨ الشرق الاوسط.

(٢) باسم النبريص، الشاعر الذي خدشته المؤسسة , ١٠ ,٠٨ ٢٠٠٨ ايلاف.

(٣) ناونیشانی باسەکە ناوی یەکەمین و دواهەمین کۆشیعری مەحموود دەرویشن: گەڵای زەیتوون ١٩٦٤ و شوێنەواری پەپووله ٢٠٠٨.

# گەڕانەوە لە لچ قەور

هەڵەی گـەورەی ئێـمـــە ئەوەیە، خــۆمـــان بە
هەڵەی کەسانی ترەوە سەرقاڵ دەکەین.

جوبران خەلیل جوبران

شیعر پیشەیەک نییە لە وەستایەکەوە فێری ببین، توانایەکە بە هۆی ئەزموونی ژیانەوە دەوڵەمەند دەبێت. شیعر ژیاننامەی شاعیرەکەی دەگێڕێتەوە و جوانترین شیعر ئەوەیە ڕاستگۆیانە باسی ژیانی خاوەنەکەی بکات. ئەوە ڕاست نییە کە دەگوترا، شیعر تا (درۆ)ی زێتری تیدابێت، جوانترە. زمانی شیعر کانیاوێکە هەستی ڕاستەقینە و سۆزی گەرمی لەبەر دەڕوات و زمانێکی گۆرانیئامێزە و ئەگەر کێشەیەک یان ڕووداوێک شاعیری نەهەژاندبێت، ئەستەمە بتوانێت خوێنەر ببزوێنێت. مەحموود دەرویش دەڵێت: (من لەگەڵ ئەوەدام گۆرانی لە شیعردا هەبێت، ئەو کەشوهەوا خەمناکەی ئینسانی تێدا دەژی، ڕوونیی لە دەربڕیندا دەخوازێت و زۆر جار ئەو ڕوونییە تەنیا لە گۆرانیدا هەیە.)(*) هەر بۆیە کاتێک یانیس ڕیستۆس سەبارەت بە شیعرەکانی دەرویش دەبێژێت: (داستانئاسا و گۆرانیئامێزن،) دەرویش ئەم لێکدانەوەیەی ڕیستۆسی بە لاوە پەسەند دەبێت.

هەندێک ڕەخنەگر شیعر کە بەبێ هەبوونی هەست و سۆز لە دایک نابێت، دەبەنەوە سەر منداڵییەتیی مرۆڤایەتی یان قۆناغی شوانکارەیی و لەو ڕوانگەیەوە نوقڵانەی ئەوە لێ دەدەن کە خۆری هۆنراوە ڕوو لە ئاوابوونە، چونکە دیاردەیەکی دواکەوتووانە و دژ بە مودێرنێتەیە. عەرەب زۆر شانازیی بە شیعریانەوە دەکەن، ئەوە بۆیە دەڵێن: شیعر دیوانی عەرەبە، کەچی

ناودارترین شاعیری زیندووی عەرەب کە ئەدونیسە، دەبێژێت: (شارستانیی عەرەب چونکە توانای ئەوەی نییە، بەشداریی لە ڕۆنانی جیهاندا بکات و ڕۆڵی لە جوانترکردنی ئایندەی مرۆڤایەتیدا نییە، بۆیە وەک نەبوو وایە و بەو مانایە ڕوو لەناوچوونە.) شیعر دەشێت فەلسەفەی تێدابێت، وەلێ شاعیر فەیلەسووف نییە، با هیچ شاعیرێک بەوە دەستخەڕۆ نەبێت کە یاقووتی حەمەوی سەبارەت بە ئەبوحەییانی تەوحیدی گوتوویەتی: (فەیلەسووفی ئەدیبان و ئەدیبی فەیلەسووفان.)

به ددان نینۆکەکانم دەکەم،

لە دەبلیو سیدا دەخوێنمەوە،

هەفتەی جارێ ڕدێنم دەتراشم،

ئەوەندە سیگار دەکێشم،

هێندەی قیتارێک دووکەڵ دەکەم. (یەحیا جابیر)(**)

ئەمجەد ناسر پێی وایە، محەممەد ماغووت و ئونسی ئەلحاج چونکە سەبارەت بە کێشی شیعر بێ سەواد بوون، ئەمە وای کرد، لە هەواری پەخشانەشیعردا بارگە بخەن، نەک ئەوەی بە هۆشیارییەوە ئەو ژانرەیان هەڵبژاردبێت. ڕەنگە دیارترین جیاوازیی نێوان شیعر و پەخشانەشیعر ئەوەبێت: (شیعر لە کۆمەڵێک دێڕی سەربەخۆ پێک دێت، وەلێ ڕستەکانی پەخشانەشیعر لەناو یەکدییەوە هەڵدەقوڵێن.) یەکەمین دەق کە تێکەڵەیەک بێت لە شیعر و لە پەخشان، (گۆرانییەک بۆ شەو)ی نۆڤالیس (١٧٧٢ – ١٨٠١) بوو. ڕامبو کە بە حەڤدە ساڵی دەستی بە نووسین کرد و بە بیست و دوو ساڵی دەستی لێ هەڵگرت، پەخشانەشیعری سوریالیی داهێنا و جێدەستی خۆی بەسەر نەخشەی شیعری جیهانەوە جێ هێشت. ڕامبو وەک هەر داهێنەرێکی مەزن، سۆزان بەرنار گوتەنی: (هاوزەمان ڕووخێنەر و بنیاتنەریش بوو،) کە تەلاری شیعری ڕووخاند، قەڵای پەخشانەشیعری ڕۆ نا.

ئەگەر دیکتاتۆر هەرەسی هێنا

سێ جار لە دەرگای گۆڕەکەم بدەن،
تا تێبگەم شەوی عێراق کۆتایی هاتووە. (ڕوشدی ئەلعامیل)

هەندێک دەق لەبری پەخشانەشیعر، هەقە ناویان خۆڕسکە پەخشان بێت، خۆڕسکەپەخشان، ژاک کیرواک گوتەنی: بە چاوپۆشین لە جلەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکان، بە ڕووخاندنی دیواری نێوان گێڕەرەوە و شاعیر و بە فەرامۆشکردنی سنووری نێوان زمانی ئەدەبی و هی ڕۆژانە، وەک ئاوی سەرچاوەیەکی سروشتی، خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت. لە خۆڕسکەپەخشاندا، ئامانج بەخشینی چێژە بە شاعیرەکەی و هیچی دیکە. ئەوانەی خۆڕسکەپەخشان بەرهەم دەهێنن، بە زمانێک نانووسن، زمانێک دەیاننووسێتەوە، یان وەک ئۆلیڤێ بیفۆر گوتوویەتی: زمانی شیعر دەکەن بە شیعری زمان.

ئەگەر شاعیر پشتی بە بەهرە و سروش ئەستوور بێت و هێندە متمانەی بە پێشبینییەکانی خۆی پتەو بێت، تا ئاستی ئەوەی لای کەم خۆی پێ نیمچە پەیامبەرێک بێت، ئەوا پەخشانە شیعرنووس زێتر کەسێکە نامۆ لە خودی خۆی و لە زێدی خۆی، کەسێکە لەتوپەتبوو، نائومێد و تێکشکاو کە نوقمی زەریاچەی دڵەڕاوکێیە، تروسکایی بەدی ناکات، خاوەنی هیچ ئامانجێک نییە و چونکە دنیا وەک تێکەڵەیەک لە کارەسات و گاڵتەجاڕی دەبینێت، بۆیە ژیانی لە کۆمیدیایەکی ڕەش دەچێت و خودێکی هێندە خەمناک و شکستخواردووە، (خۆی وەک ئەسپێیەک دێتە بەر چاو کە بە ملی زیندانییەکەوە بێت.) ئەدی خۆ لە خۆڕا نییە کە پەخشانەشیعرنووس کە خاوەنی خودێکی پەراوێزخراوە، بە گژ واقیعدا دەچێتەوە، یاخی دەبێت، کەلەپوور ڕەت دەکاتەوە و دەسەڵاتی باوک تێک دەشکێنێت. پەخشانە شیعرنووس لە بری سۆز، هانا بۆ خەون دەبات، لە جیاتی یەقین، گومان و پرسیار دەورووژێنێت، لە شوێنی ماسک، ڕەمز، ئەفسانە و داستان، زێتر پشت بە پارادۆکس دەبەستێت، بیر لە گۆڕینی دنیا ناکاتەوە، کۆشش بۆ خاپوورکردنی دەکات. لە لایەکەوە باس لە بە شتبوونی ئینسان دەکات، لە لایەکی دیکەوە بایەخ بە ئێرۆتیکا دەدات.

پێیەر لویس (١٨٧٠ ١٩٢٥) کە پێی وایە، (لەژێر گۆی خۆردا، نە هیچ شتێک لە خۆشەویستیی جەستە پیرۆزترە و نە هیچ شتێکیش لە لەشولاری ئینسان جوانترە،) کە دروشمی (چی دەکەیت بیکە، بە مەرجێک زیانی بۆ کەس نەبێت)ی بڵند کردبووەوە، دەڵێت:

دوگمەی کراسەکەی ترازاند و

هەر وەک جووتێ کۆتر پێشکەشی خوداوەندێک بکا،

جووتە مەمکەکەی بۆ دەرهێنام،

پێی گوتم:

دەبێ تۆش خۆشت بوێن،

ئاخر خۆم زۆرم خۆش دەوێن،

دوو منداڵی گچکەن،

گەمەیان لەگەڵدا بکە!

چێژیان پێ ببەخشە!

بە شیر بیانشۆ!

گوڵاو پرژێنیان بکە!

چونکە خۆم دەمم نایانگاتێ،

تۆ لەبری من ڕایانمووسە!

پەخشانەشیعر وێڕای کورتبڕی و گێڕانەوە، پشتی بە بێمەبەستی قایمە، ئاخر لەو ژانرەدا دەق هیچ مەبەستێکی نییە، خۆی ئامانجە، ئەوە بۆیە پەخشانەشیعرنووس خاوەنی خودێکە داماڵراو لە هەڵوێستی ئایدیۆلۆگی و بیروڕای پێشوەخت، سەرقاڵی نواندنی هەڵوێست نییە، ویژدانی خۆی دەهێنێتە گۆ و خەریکی داهێنانە نەک دەربڕینی بیروڕا.

(بەختەوەری ... لەناو ئەو حەرفە سووتاوانەدایە

کە بۆمان نابنەوە بە وشە. ل٥

ئەوەی زەوی ڕۆشن دەکاتەوە، وشەیە. ل٤٨)

لە (ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمندا) کە دوا کۆ (شیعر)ی بەختیار عەلییە، تەنیا ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوەم بینییەوە کە لە شیعر بچن. باسی هەڵەی ڕێنووس ناکەم کە لە ژمارە نایە و تەنانەت لە ناونیشانی (دیوان)ەکەیشیدا هەیە، ئاخر دەبوو بنووسێت: ئەی کەشتیی دوژمن، چونکە کەشت، مانای نییە. جێی بایەخە، زۆر جار هەڵەی ڕێنووس، هەڵەی لە واتا و لە ڕێزمانیشدا بە دوادا دێت.

شەوێک وەک سندووقێکی داخراو،

نە قوفڵ و نە کلیلی نییە. ل١٣

چونکە (نە) هەیە، ئیدی نابێت (نییە) هەبێت، دەبوو بڵێت:

نە قوفڵی (هەیە،) نە کلیل.

(نە دەفتەر، نە مەرەکەبی نییە. ل١٤)

دەبوو بڵێت:

نە دەفتەری هەیە، نە مەرەکەب.

(لە مەیی هەزار لالەزارت نۆشیوە و هاتوویتەتە لای ئێمە. ل١٥)

مەی زادەی ڕەزە نەک لالەزار. هاتوویتەتە لەو دێڕەدا دەڵێیت مێشێکە لەسەر مێزی نانخواردن.

(ئەمە تۆیت هاتوویت بە مەبەست،

ئەمە تۆیت هاتوویت دەست بە دەست،

ئەمە تۆیت ئەی ڕووناکیی مەست؟ ل١٥)

نە پەخشانەشیعر ئەوەیە کە سەروای نەبێت، نە شیعر ئەوەیە کە پاشبەندی هەبێت.

(پێش ئەوەی سەیری دووربینەکان بکەن،

پێش ئەوەی دوژمن ببینن. ل٢٥)

دووربین بۆ ئەوە نییە سەیری بکەیت، بۆ ئەوەیە سەیری پێ بکەیت.

(زرکەکان دەچن بە ڕۆحدا. ل٤٢)

ئەوی دەچێت بە ڕۆحدا، زەرگە، زرک کاڵەکی کاڵ، واتا پێنەگەیشتووە.

ملوانکەیەک دەپچڕم و دەیهۆنمەوە. ل٦١

دەپچڕێنمەوە، دروستە.

(شوورا وەها بەهێز بوو، بەرگەی پەلاماری سوپا دڕندەکانی دەگرت. ل٩٤)

(درەختە بەرزەکان بە شوورای نزم گەمارۆ دراون. ل١٥٢)

شوورا (وأمرهم شورى بينهم.) پەرلەمانی ئیسلامە، شوورە کە پێ دەچێت لە (سور)ی عەرەبییەوە هاتبێت، ڕاستە کە دیوارە.

(گوڵی تێدایە سپی کە لەسەر چڵی ڕەش وەستاوە. ل٩٨)

گوڵ لەسەر چڵ ناوەستێت، بە چڵەوەیە، بۆیە (بە چڵی ڕەشەوە،) دروستە.

(چی بکەم، خودا و خۆر و ئەستێرە تێم بگات؟ ل١٠٦)

بگەن، دروستە.

(ئەو سەعاتانەی زەمانی ئێمە و زەمانی ئەوان جیا دەکاتەوە. ل١٠٧)

دەکەنەوە، ڕاستە. ئایا ئەوە سکانداڵ، یان لای کەم کارەسات نییە، نووسەرێک جیاوازیی لە نێوان تاک و کۆدا نەکات و دەیان جار بکەوێتە ئەو هەڵە زەقەوە.

(چی لە شاعیران بکەین کە من و تۆ لەسەر مەرهەمێک ڕێنەکەوین، بیدەین لە هاواری ئێمە کاتێک بە تیشکی یەک دەسووتێین. ل١١٠)

ڕێ، دەگوترێت، وەلێ ڕێک ڕاستە و دەنووسرێت. ئێمە لەوێدا هەڵەیە، (خۆمان) دروستە، ئێمە بکەرە، خۆمان بەرکارە. ئایا بێجگە لە کورد، گەلی دیکە هەیە، ئەدیبانی جیاوازیی لە نێوان بکەر و بەرکاردا نەکەن؟

(من هەمیشە دەڵێم ستایشت لێ بێ ئەی دڵ. ل١١٤)

ستایش وەها ناخرێتە ڕستەوە، سڵاو بۆ ئەوێ ڕاستە.

(لەو بەرچاییە تاڵانەی بە دەم خەوەوە دەیخۆین. ل١١٨)

ئەوەی کە دەشێت تاڵ بێت، بەرچایی نییە، (چا)یە، دەیخۆین، هەڵەیە، دەیانخۆین، دروستە، نا دەیانخۆینەوە، ڕاستە، ئاخر دەبوو بڵێت: لەو چاییە تاڵانەی بە دەم خەوەوە دەیانخۆینەوە.

٢٠٠٩/٩/٢٥

---

(*) صلاح فضل، محمود درويش حالة شعرية، ص٣٥ سبتمبر ٢٠٠٩ كتاب دبي الثقافية، دار الصدى، دبي.

(**) عبدالله السمطي، الذات الشاعرة في قصيدة النثر، ٢٠٠٩, ٠٧, ١٧ ايلاف.

(***) بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، شیعر ٢٠٠٩ کتێبخانەی ئەندێشە، شوێنی چاپی لەسەر نییە. (لە نموونەکاندا ڕێنووسم بۆ ڕاست کردووەتەوە.)

# پەپوولە، گوڵە بە دەم فڕینەوە

(نزیکەی وەک مەحاڵ وایە، بەرهەمێکی ئەدەبی ببینینەوە،
لاساییکردنەوەی دەقێکی دیکە نەبێت،
یان شتێکی لە تێکستێکی تر قەرز نەکردبێت،
یان بە دەستکارییەوە، سەرلەنوێ نووسینەوە و
گێڕانەوەی شیعرێک یان چیرۆکێکی دێرین نەبێت.)[١]

ئیدی لە ئەدەبی کوردیشدا ئەوە تەنیا هەر پیاو نییە کە پرسیار دەورووژێنێت و ئەو شتە دەڵێت، زۆربە لێی بێدەنگن. ئیدی ژنیش خوێنەر تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و بە دەستی گومان، درەختی (یەقین)ی دەهەژێنێت. ئیدی ژنیش ڕاستگۆیانە خودی خۆی دەنووسێتەوە، بوێرانە کۆچ بەرەو نادیار دەکات و ئیدی ژنیش نە سڵ لە تێکشکاندنی بتەکان دەکاتەوە، نە ڕێز لە شتە پیرۆزە ساختەکان دەگرێت. (ناڵە عەبدولڕەحمان) دەڵێت:

(بە دیار تەمەنی خورمایەکەوە دانیشتم
کە ڕەنگی لە ڕەنگی قژم دەچێ،
ناوکی لە گلێنەی چاوەکانم دەکا،
فرمێسکەکانی لە شەکراوی ڕوحم دەچێ
کاتێ پیاوێ لە دوورەوە بە نیگا گەرمەکانی
گازی لێ دەگرێ. ل١٠)

ڕەنگە ئەوە کارێکی گەلەک ئاسان بێت کە هەست بەوە بکەین، بنووسی ئەو شیعرە، مێیە. هەیە وای بۆ دەچێت، لە کۆمەڵگەی بابسالاردا، ژنیش بەو زمانە دەنووسێت کە پیاو دای هێناوە، هەیە پێی وایە نووسین هیچ

پێوەندییەکی بە ڕەگەزەوە نییە، ئاخر نووسین شتێکە دەکەوێتە نێوان ڕووناکی و تاریکییەوە، شتێکە لە نێوان واقیع و خەوندا دێت و دەچێت، شتێکە لە نێوان نێر و مێدا هاتوچۆیەتی و ناناسرێتەوە سەر بە کام ڕەگەزیانە. (مەنسوورە عیززەدین) کە ڕۆماننووسێکی میسرییە دەبێژێت: (سەروەختی نووسین، من لە ڕووی ڕەگەزەوە خۆم بێلایەن دەکەم.) ئەز پێم وایە، بەرهەمی ئەدەبی چونکە زادەی نووسینەوەی خودە، بۆیە گەواهی لەسەر ڕەگەزی بنووسەکەیشی دەدات و خوێنەر پێویستی بە هۆشیارییەکی قووڵ نابێت، بۆ ناسینەوەی ڕەگەزی بنووسی تێکستە ئەدەبییەکان.

مەرج نییە کە سەبارەت بە جەستە قسەمان کرد، ئیدی وا لێک بدرێتەوە کە خەریکی قسەکردنین دەربارەی سێکس. ئێرۆتیکایش ئەوە نییە، ڕووهەڵماڵراوانە باس لە چەپاندن یان تێربوونی سێکسی بکەین. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ئێرۆتیکا و پۆڕنۆگرافی ئەوەیە، یەکەمیان داهێنانە و دووەمیان نواندنی زەبروزەنگە دژ بە ژنان. ئێرۆتیکا، گوڵی ژیانە لە سەروەختی گەشانەوەدا، وەلێ پۆڕنۆگرافی، زیندەبەچاڵکردنی مەعنەویی ژنانە. ئێمە ژنی وا شک دەبەین، لە تێکستەکانیدا تەواو ئازادە، بەڵام ئازادیی لە واقیعدا دەکرێت بە پێوانە نەک ئازادیی نێو دەق. لە ڕوانگەی (ترۆتسکی)یەوە، ئەوە نائومێدییە وا دەکات، چین و توێژە چەوساوەکان هانا بۆ گوتەی ناشیرین ببەن، بەڵام ئەوە لووتبڵندییە وای لە چین و دەستەی باڵا و دەسەڵاتدار کردووە بە زمانێکی دزێو بدوێن.

ئەدرەسی قەسیدەکانم
زەمەنی شێتبوونی پیاوێکی (سۆزانی)یە
کە ئاوڕ لە یاساکانی خوایش ناداتەوە
لە بەرانبەر ژنێکدا چۆک دادەدا. ل٤١

وشەی (سۆزانی) لەو شیعرەی (ناڵە عەبدولڕەحمان)دا، زادەی ئەو چەوسانەوە درێژخایەنەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ژنی هەراسان و هیوابڕاو کردووە. ئەگەر (ئەحمەد بەلحاج) گوتەنی: (جیاوازیی نێوان سۆفی و

متەسەوویف ئەوە بێت کە یەکەمیان شارەزای هونەری ژیانە و دووەمیان پێوەندیی خۆی بە ژیانی سەر زەوینەوە پساندووە،) ئەوا جیاوازیی نێوان شیعرنووس و شاعیر ئەوەیە، ئەمیان شیعر دەنووسێت و ئەویان شیعر دەینووسێتەوە. وەک چۆن گورگ هەیە خۆی لە پێستی مەڕدا نیشان دەدات، ئاوەهایش هەم سۆفیی ساختە هەیە و هەم شیعرنووسی قەڵب. وەک چۆن متەسەوویف ڕێی تایبەت بە خۆی بەرەو لای خودا دەدۆزێتەوە، شاعیریش لاسایی شاعیرانی پێش خۆی ناکاتەوە، ئەزموونی خۆی دەنووسێتەوە، ئاخر لە شیعردا نە ڕێسای نەمر هەیە، نە هیچ شاعیرێکی دێرین دەبێتە باوک بۆ شاعیرێکی نوێ.

(پیاو بەر لەوەی باوەڕ بە خوا بهێنێ،

باوەڕی بە ژن هێناوە. ل٢١)

لە زۆر زماندا (پیاو) تەنیا بە مانای (نێر) نایەت، بە مانای (ئینسان)یش دێت، ڕەنگە تاکە زمانێک کە (ئینسان)[٢] تێیدا مێ بێت، سوێدی بێت. لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، وا باوە کە بیرکردنەوە، پەیڤین و نووسین، کارەیلی پیاون، ئیشەکانی ژنیش بریتین لە گوێگرتن، خاوێنکردنەوەی ناو ماڵ، ئامادەکردنی خۆراک، تێرکردنی ئارەزووی پیاو و بەخێوکردنی منداڵ. گەرچی فێمینیزم جۆری هێندە زۆرە، ئەگەر بڵێم لە ژمارە نایە، زێدەڕۆییم نەکردووە، تەنیا بۆ نموونە: سۆسیال فێمینیزم، لیبرال فێمینیزم، پۆستکۆلۆنیال فێمینیزم و ڕادیکال فێمینیزم، وەلێ شتی گرنگ و هاوبەش لەو بزووتنەوەیدا، خەباتکردنە بۆ دابینکردنی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا. هەقە ئەوەیش بڵێم، کرۆکی هیچ کام لە ڕێبازەکانی فێمینیزم بریتی نییە لە دژایەتیکردنی پیاو. فێمینیستە ڕادیکالەکان بە توندی دژی ئەو بۆچوونە دەبنەوە کە پێی وایە، کارکردن لە بوارەکانی هونەر، فەلسەفە، سیاسەت و ئەدەبدا، تەنیا لە پیاوان دەوەشێتەوە، ئەوە بۆیە هەوڵ دەدەن لە هەموو ئەو بوارانەدا (بە زمانێکی تایبەت بە ژن) چالاکی بنوێنن.

(تیوفیل گۆتێ) (١٨١١ – ١٨٧٢) دەبێژێت: (نیشتمان ئەو وڵاتە نییە کە

تێـیدا لە دایک دەبین، ئـەو وڵاتەیە کە خـۆمـانی تێـدا دەبینینـەوە.) ئایا ژن ئەو وڵاتە بە نیشـتمانی خۆی دەزانێت کە تێیدا دووچاری چەوساندنەوە دەبـێتەوە؟ ئەوپەڕی جـەهل ئەوەیە، وای بۆ بچین، بە هۆی سـەرکـوتکردنییـەوە، دەتوانین وا بکەین، ژن بـە پاکژی بمێنێتـەوە، ئاخـر زەوتکردنی ئازادی، هـەرگـیـز نابێتـە هـەوێنی سـەرهـەڵدانی شتێکی پاک و جوان.

(بۆنی مەمکەکانت لە بۆنی بەهەشت دەچێ،

ئەی کە وایە نوێژ بۆ چی دەکا

کە ئامێزی منیش بۆ خۆی عەدەنێک بێ! ل١٦)

(ئۆدن) هیـچی نەکـرد تەنـیا ئەوە نـەبێت، زمـانی ئینگلیـزیی لە خـڵـتـە پاکـژ کـردەوە، (ڕێلکە)یش وەک (ڕۆبیـرت مـوزیـل) دەڵێت: هیـچی نەکرد، ئەوە نەبێت شـیـعری ئـەڵمـانیـاییی گـەیاندە باڵاترین جـێگە. لایەنـی گـەشی شـیـعـری (ناڵە عەبدولڕەحمـان) ئەوەیە، هـەرچەندە شیعری درێژ دەنووسێت، کەچی بە درێژایی شیـعرەکانی هـەست بە هـەبوونی کڵـپـەیەک دەکەین، مـەگـەر بە کورتەشیـعرەوە، دیار بێت. (ناڵە عـەبدولڕەحـمـان) نە لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووباردا مـەلە دەکات، نە دژ بە ڕەوتـی زێ، ئاخـر ئەو سـەرقـاڵی لایـەنگرتـن یان دژایەتیـکردنی ئەم یـان ئەو دیاردە نییـە، خـەریکی گێڕانـەوەی چیرۆکـی ژیانی خـۆی و تەیکردنی زەریاچەی خودی خـۆیەتی. ئەوە بۆیە ئەگـەر بۆ کـارەکتـەرە سـەرەکییـەکانی نێـو شـیـعـری بگەڕێـین، ئەو پرسـیـارانـەن کـە لە ناخـی خـۆیەوە هـەڵدەقـوڵێن و ڕاسـتگۆیانە، تەنانـەت هـەندێک جار وەک ئەنارک فێمینیستێک، دەیانورووژێنێت.

٢٠٠٩/١٠/١٩

........................................................................................

(1) Pia Bergström, Kvinnokamp p liv oh död, Aftonbladet 14. 10. 2009 Stockholm.
(2) människa

(٣) ناڵە عـەبدولڕەحـمـان، ئەو پیاوانەی لەنـاو ڕەنگی تابلۆکـانمدا سـەمـا دەکـەن، لە بڵاوکـراوەکـانی یـەکـیـەتیی نووسـەرانی کـورد- دهۆک، چاپخـانەی هـاوار ٢٠٠٩ دهۆک.

(٤) ناوونیشـانی باسـەکە، گوتەی (ڕۆدۆڵف شتاینەر)ە.

# ژنێک لێوانلێو لە ئەوین
# دڵێک لێوانلێو لە برین

(من ئەگەر بڵێم، ئەوم خۆش ناوێ
لەگەڵ ئەویندا، درۆم کردووە،
بڵێم لەمێژە، دڵم لای ئەوە
نهێنیی ئەشقی، خۆم درکاندووە.)
یبارووود

ئەگەر بڕوات بە ئاینێک یان فیکرێک بەهێز بێت، دەشێت ئەوە وورەت بڵند بکاتەوە، کاتی تەنگانە بە هاناتەوە بێت و یارمەتیت بدات تا بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ ببیت. فیکر وەک (کارل مارکس)یش بۆی چووە، گەرچی شتێکە مەعنەوی، وەلێ کە بڕوامان پێی هێنا دەبێتە هێزێکی ماددی. ئەوە نییە بە پشتبەستن بەم یان بەو فیکر، خەڵکانێکی زۆر بە گژ مەرگدا دەچنەوە. بۆ ئەوەی ببین بە شاعیر، پێویستمان بەوە هەیە بڕوامان بە توانای شیعریی خۆمان هەبێت و بەردەوام پەرەی پێ بدەین، ئاخر ئەستەمە شاعیر متمانەی بە لێهاتوویی و بەهرەی خۆی نەبێت و لەسەر شیعرنووسین مکوڕ بێت. ئەوەیش گرنگە شاعیر لە خۆی بایی نەبێت و هەمیشە لە کۆششی خۆ پێشخستن و لە خۆ تێپەڕاندندا بێت.

(ژنێک لێوانلێو لە ئەوین) تازەترین کۆشیعری شاعیری ڕۆمانتیک (خالید باشبلاخی)یە کە من تازەکی لە خوێندنەوەی بوومەتەوە و هێشتا تامی شیعرە ناسکەکانی لە بن ددانی هەستمدا ماوە. لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا گەلەک

شاعیری کورد لەو شیعرانەیان بڵاو کردووەتەوە کە بۆ ئەوە دەشێن، ئەڤینداران بە شێوەی کورتەنامە بە هۆی مۆبایلەوە بۆ یەکدی ڕەوانە بکەن، وەلێ لە ڕوانگەی منەوە بۆ شیعر، لەو بوارەدا کەسیان هێندەی خالید باشبڵاخی لە دنیای شیعری ڕۆمانتیک نزیک نەبوونەتەوە.

کێ وەک من خەنجەری دووریت

جەرگی لەتوپەت کردووە؟

کێ وەک من ڕۆژی دەیان جار

ڕۆحی بەساقەت کردووە؟ ل٣٩

زۆربەی شیعرەکانی خالید هێندە بە گەرمی و ناسکی باس لە هەستی عاشقانەی شاعیرەکەی دەکەن، بۆ ئەوە دەشێن بکرێن بە گۆرانی، دوو لایەنی هەرە جوانی دیکەی شیعرەکانی باشبڵاخی بریتین لەوەی، هەم کێشیان تەواوە و هەم سەروایان سوار. جێی سەرنجە زۆربەی ئەوانەی پێیان وایە شیعری کێش و سەروادار بۆ گۆرانی دەنووسن، نە هیچ لە کێش دەزانن، نە هیچ لە سەروا.

ژنێک دەڕوا و لە هەندەران

خەمم دەکا بە گۆرانی،

ختووکەی ڕۆحی من دەدا

هەموو شەوێ تا بەیانی. ل١٥

شیعری ئەویندارى زادەی دابڕانە، بڕوا ناکەم شاعیرێک هەبێت، سەروەختی بە یەکگەیشتن شیعر بۆ ئەویندارەکەی بنووسێت. شاعیر کە دەردی دووریی تەنگی پێ هەڵدەچنێت، ئەوسا بیر لە یار دەکاتەوە و بە شیعر هەستی خۆی دەردەبڕێت. زۆربەی ئەو شیعرە جوانانەی چیرۆکی دڵداری دەگێڕنەوە، باس لە لێکدابڕان دەکەن، نەک بە یەکدی گەیشتن. نازم حیکمەت لە دوورەوە شیعری بۆ مننەوەری ژنی نووسیوە، مەولەوی شیوەنی بۆ مەرگی عەنبەر خاتوون کردووە، نالی گەر بە حەبیبە گەییشتبا، شیعری بۆ نەدەگوت.

پێشکەشە بەو ژنەی دڵی
بووە بە نیشتمانی من،
دیوانێ شیعری پێم نووسی و
شەوێ نەهاتە ژووانی من. ل١١

سێ ساڵ زێتر بەر لە ئێستا، هەندێک سەرنجم لەسەر مۆبایلەشیعری باشبلاخی دەربڕیبوو، بە وەلامەکەیدا پێ دەچوو دڵی ناسکی لێم زیز بووبێت، وەلێ هەنووکە خۆی دەستپێشخەری دەکات و خوازیارە بە چاوی ڕەخنەوە لە شیعرەکانی ورد ببمەوە، ئەمەیش زادەی ئەوەیە، هەم وەک شیعرنووسین بەرەو پێشەوە چووە و هەم متمانەی بە خۆیشی پتەوتر بووە، ئاخر سروشتی ئینسان وەهایە، تا بەتواناتر ببێت، زێتر متمانە بە خۆی پەیدا دەکات و کەمتر لە ڕەخنە دەترسێت. جێی داخە لە کن مە، وشەی ڕەخنە لێکدانەوەیەکی نێگەتیڤی بۆ دەکرێت، گەرچی بە مانای هەڵسەنگاندن و بایەخپێدان دێت، من بەش بە حاڵی خۆم بایەخ بە کتێبێک نەدەم نەک ڕەخنەی لێ ناگرم، تەنانەت نایشی خوێنمەوە و نووسەر یان شاعیرێکیش شیاوی گرنگیپێدان نەبێت، ناوی ناهێنم. لەمێژە سەردەمی بتپەرستی و بە پیرۆز سەیرکردنی ئەم و ئەو بەسەرچووە، ئەوە ڕێزلێنان نییە، پەسنی ئەم شاعیر یان ئەو سەرکردە بدەین، ئەوە ڕێزلێنانە، بە چاوی ڕەخنە و تەنانەت گومانیشەوە سەرنجی یەکتری بدەین و هەر بۆ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان نا، بۆ جیاوازییەکانیشمان بگەڕێین. مایەی شانازیمە لای کەم، بە کوردی ئەوە من بووم بۆ یەکەمین جار، دژی ئەوە وەستامەوە کە ڕەخنە دوو جۆرە، بنیاتنەر و ڕووخێنەر!

لە مەملەکەتی ئەوینما،
تەنها هەر خۆت فەرمانڕەوای
سلێمانیش پوورەی هەنگە
تۆیش ئەو شاژنەی لە ناویای. ل٢٧

یان:

خەم وەک هەنگوینی شاهانە
دەوری گەرای ڕۆحی داوم. ل٥٠
یان:
هەنگوین لە زاری دەچۆڕێ
کاتێ کە گفتوگۆ دەکا. ل٥٨

شیعر گەرچی باڵێکی لە واقیع و باڵەکەی دیکەی لە خەیاڵدایە، شیعر گەرچی لە نێوان خەون و بێداریدا هاتوچۆیەتی و تیشکێکە تاریکایی لە خۆیەوە پێچاوە و بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات، وەلێ خاوەنەکەی دەناسرێتەوە. خالید لە گوندی باشبلاخ بۆ دابینکردنی بژێوی، خەریکی پەروەردەکردنی هەنگە، ئەو چونکە شاعیرێکە ڕاستگۆ، ئەوە بۆیە خەریکی نووسینەوەی خودی خۆیەتی و بە هۆی شیعرەکانییەوە ئەو ژینگەیەیش دەناسینەوە کە ئەوی تێدا دەژی. شیعری جوان ئەوەیە زوو لە بەری دەکەین و درەنگ لە بیرمان دەچێتەوە. ئەگەر بڵێم شیعری جوان بەرهەمی مێتافۆرە، زێدەگۆییم نەکردووە، ئاخر وێنە و دەربڕینی شیعریی، زادەی ئەو مێتافۆرانەن کە شاعیر دایاندەهێنێت.

لەم پاییزەدا دەستی ئازارێک
دێت و هەناری دڵم دەگوشێت. ل٣١
یان:
بۆ ڕەزی دڵم پڕ دەکەی
لە هێشووی مەراق و ئازار؟ ل٦٠
یان:
ئەگەر پۆشاکی نوێی ویست دڵبەری من
قەدیفەی زامی خوێنینم لەبەر کا. ل١٥٤

(دەستی ئازار هەناری دڵ بگوشێت، ڕەزی دڵ پڕ بێ لە هێشووی مەراق و

قەدیفەی زام ببێ بە پۆشاک.) مەلی ئەو وێنە شیعرییانە کە زادەی کۆمەڵێک (میتافۆر) خوازەن، بەرهەمی خەیاڵی بەپیتی باشبلاخین و چونکە جوان و سەرنجڕاکێشن، زوو لە هێلانەی بیرماندا جێگیر دەبن و درەنگ جێی دەهێڵن. ئەوەی وای کردووە، شیعری خالید باشبلاخی سەرنج ڕابکێشێت، ئەو کڵپەیەیە کە بە ڕستەکانییەوە، ئیدی شیعرەکەی کورت بێت یان درێژ، دیارە. کڵپەیەک کە هەر زوو خوێنەر هەست دەکات نیشانەی ڕاستیگوتنە و زادەی تەبایی نێوان خودی شاعیر و شیعرەکانییەتی، کڵپەی ڕاستیگوتنێک بە شیعرییەوە دیارە، خوێنەر وای بۆ دەچێت، ئەو بە قەڵەم نا، بە دڵ بنووسێت.

هیچ شاعیرێک لە سفرەوە دەست پێ ناکات، کەم یان زۆر کاریگەریی شاعیرانی دیکەی لەسەر دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانێت، وەک چۆن هەنگ لە شیلەی گوڵان، هەنگوین چێ دەکات، ئەویش هەوڵ بدات بە کۆمەکی شاعیرانی تر، شتێک بنووسێت تایبەت بێت بە خۆی، تا ئەو ئاستەی کە سوود لە ڕستەی شاعیرێک وەردەگرێت، وای دابڕێژێتەوە، تەنانەت خودی شاعیرەکەیش قسەکەی خۆی نەناسێتەوە. سوودبینین بەو شێوازەی هەنگ بۆ چێکردنی هەنگوین لە شیلەی گوڵی وەردەگرێت، لە ئەدەبدا دەبێتە دەقئاوێزان، ئەگەرنا شاعیر پێویستە ئاماژە بەو سەرچاوانە بدات کە کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

خالید باشبلاخی کە سوودی لە (گۆران) بینیوە، سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشاوە، کەچی کە دەڵێت: (پرچەکەتم بۆ خۆم دەکرد بە ڕەشماڵێ. ل١٠٨) لە بیری چووە، لە پەراوێزدا بنووسێت: (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە،) ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی لەتیف هەڵمەتە. بێ ئەوەی خوێنەر ئاگادار بکاتەوە، بۆ نووسینی هۆنراوەی (ژنێک لێوانلیو لە ئەوین) سوودێکی زۆری لە هەردوو شیعری (ئەو ژنەی بالانسی تێکدام و گلەیی) نووسەری ئەم باسە وەرگرتووە. وێڕای ئەوە لە هەندێک لە شیعرەکانی دیکەیشیدا، کەڵکی لە ڕستە و دەربڕین و وێنەی شیعریی بنووسی ئەم دێڕانە بینیوە، وەک نموونە:

ژنێک هەستم کرد وام لەبەر
تاڤگەی ڕۆحیدا خۆم دەشۆم. ل١٣
منیش گوتوومە:
وەرە بەڵێنت پێ دەدەم
لە چاوما جێت بۆ ڕابخەم
شەوانە بۆت ببم بە مۆم
لەبەر تاڤگەی شیعرا بتشۆم. (ل٣٢ ئەڤیننامە.)
ئەو دەڵێت:
ئەگەر هاتی
لە زەنگی دەرگای دڵ مەدە،
هەر یەکسەر وەرە خوێنمەوە. ل٢٦
منیش گوتوومە:
وەرە دەرگای ماڵی دڵم کراوەیە،
زەنگ لێ مەدە
ڕاستەوخۆ وەرە ژوورەوە،
بێ تۆ دەڵێی کەلاوەیە. (ل٥٤ ئەڤیننامە.)
باشبلاخی دەنووسێت:
من ئەوەندە خۆشم دەوێی
هێندەی بەرزیی هیمالایا. ل٢١
منیش نووسیومە:
هێندەی بەرزایی چیاکان خۆشم دەوێی. (ل٢٨ ئەڤیننامە.)
خالید دەنووسێت:
بۆ غەریبی؟

ئەی ئەوە نییە من دڵم

بۆت کردووە بە وڵاتێ؟

منیش گوتوومە:

با هەست بە غەریبی نەکەی

ئەوە دڵم

وەرە بیکە بە نیشتمان. (ل٣٢ ئەڤیننامە)

خالید زۆر جوانی گوتووە کە دەڵێت:

ئەوەندەیان تۆپەڵە بەفر تێ گرتووی

دەڵێی دارچوالەی گوڵکردووی. ل١٤٦

بەڵام هۆنراوەیەکی شاعیری سوێدی، پێر لاگەرکڤیست (١٨٩١ ـــ ١٩٧٤) هەیە کە بنووسی ئەم دێڕانە کردوویە بە کوردی، وەها دەست پێ دەکات: (خۆشەویستەکەم وەکو دارچوالەی گوڵکردوو وایە.) (هاژە ل٨٥) جێی سەرنجە خالید ئەو ڕستە شیعرییەی لە نێوان کەواندا نووسیوە.

هەڵە لە نووسیندا جۆری زۆرە، وەک هەڵەی چاپ کە ئەمە ئیشی هەڵەچنە ڕاستیان بکاتەوە، هەڵەی ڕێنووس، ئەمەیان فەرامۆش دەکەم، وەلێ هەندێک هەڵە دەستنیشان دەکەم کە پێوەندییان بە زمان و ڕێزمانەوە هەیە، وەک:

تۆوی عیشقت لە دەروونی

وشکەوەردمدا دەکێڵێت. ل١٩

تۆو ناکێڵدرێت، دەوەشێندرێت.

هانا بەرم بۆ کام شێخ و جادووکار؟

سلێمانی و نەرویج بکاتە یەک شار. ل١٢٣

سلێمانی شارە، وەلێ نەرویج، وڵاتە، بۆیە دەبوو بۆ نموونە بڵێت: سلێمانی و ئۆسلۆ بکاتە یەک شار.

(هەمیشە ترپەی پێ و چرپەی دەنگت

له گەرووی گوێمدا هەر ماون وەک خۆی. ل١٣٩)

(خۆیان) دروستە، چونکە ترپەی پێ و چرپەی دەنگ، دوو شتن.

(سیمای لە مرۆڤێک دەچوو

جەڵدە دابێتی لە دڵی. ل١٢٥)

ئەوەی لە دڵ دەدات جەڵتەیە، جەڵدە سزایەکی ئیسلامییە.

پەنجەی شنەبایە دەدا

لە پەنجەرەی ڕۆحی تەنیام،

پێ دەچێ بۆنی پرچی تۆی

هێنابێ بۆ دڵی شەیدام. ل٤٣

بەم کۆپلە زێدەجوانەی خالید باشبلاخی کۆتایی بە باسەکە دەهێنم و بەوانەی لە بواری نووسینی شیعری گۆرانیدا خۆیان بە وەستا دەزانن، دەڵێم: با بچن لای وی ببن بە شاگرد.

٢٠٠٩/١٠/٩

---

(*) خالید باشبلاخی، ژنێک لێوانلێو لە ئەوین، چاپخانەی کارۆخ ٢٠٠٩ سلێمانی.

(**) حەمەسەعید حەسەن، ئەڤیننامە، دەزگای ئاراس ٢٠٠٦ هەولێر.

(***) حەمەسەعید حەسەن، ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، ل ٢٩ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(****) حەمەسەعید حەسەن، هاژە، ل ٨٥ بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاپێک ١٩٩٦ ستۆکهۆڵم.

(*****) ناونیشانی ئەم باسە، ناونیشانی دوو هۆنراوەی کۆمەڵە شیعرەکەی خالید باشبلاخین.

## شاعیر و سۆزانی

پیاو کە سەرنجی ژن دەدات، وەک خودێک نایبینێت،
وەک نێچیرێک دەیبینێت و ڕاوچی ئاسا دەخوازێت
چی زووترە ڕاوی بکات و دەست بەسەر جەستەیدا بگرێت.

سەروەختی ستالین، ناتۆرەی (سۆزانی) دوای ئەخماتۆڤا خرا، بەو پاساوەی گوایە پێوەندیی سێکسیی نهێنی هەبووە! کەچی سارتەر و بۆڤوار بە ئاگاداریی یەکدی، پێوەندیی سێکسیی سەرپێیی و سەفەرییان لەگەڵ ئەم و ئەودا دەبەست. ڤیرجینیا وۆڵف ئەو ژنە نووسەرە بلیمەتە، بۆیە خۆی کوشت، چونکە کەوتبووە بەر پەلاماری دڕندانەی پیاوەوە.(*) کۆمەڵناسی بەلچیکایی، (سۆڵ دەرفال) پێی وایە، ئەدەب زادەی، چێژی سێکسییە. جۆلی لیبیرنۆ کە ژنە سێکسفرۆشێکی شاعیرە، کە بێ ئەوەی هەست بە هیچ کەموکوڕییەک بکات، سێکس دەفرۆشێت و شیعر دەنووسێت، دەڵێت: (شاعیران بە گشتی، قوربانیی ئارەزووە سێکسییەکانیانن و دەیان ئافرەت هەیە کە هاوزەمان سێکسفرۆش و شاعیرن.) جۆلی لیبیرنۆ لە شیعرێکیدا دەبێژێت:

لە زەریاچەیەکدا مەلە دەکەم
چواردەوری بە وانێک تەنراوە.
پیاوی بێ بۆن،
پیاوێکە بێ وانێک.
ڕۆژێ دادێ ئاوەزت
کە لە نێوان ڕانەکانتدا شۆڕ بووەتەوە، بخۆم.

که ترۆپکی وانێکت
سڵاو له گۆی مەمکم دەکا،
حەزی نوستووی ناو زێم
دەستبەجێ بێدار دەبێتەوە.

دەربارەی پێوەندیی پتەوی نێوان سێکس و داهێنان، جۆلی لیبیرنۆ دەڵێت: (که به حەڤدە ساڵی، (گوڵە بەدەکان)ی چارڵس بودلیرم دەخوێندەوە، موچڕکم پێدا دەهات و نێوان ڕانەکانم تەڕ دەبوو، ئیدی هەر کە حەزم له سێکس بووایە، دەچوومەوە بۆ کن ئەو کۆمەڵە شیعرە. هەنووکە که سێکس دەفرۆشم، ئەگەر بەزەییم بە سێکسکڕێکدا بێتەوە، شیعرێکی خەمناکی ڕۆمانتیک دەنووسم، وەلێ که سێکسکڕێک چێژم پێ دەبەخشیت، شیعرێکی ئێرۆتیکم بۆ دێت. ئەگەر له چەند هەفتەیەکدا هیچ شیعرم نەنووسی، له سۆنگەی ئەوەوەیە، ئەو ماوەیە لەشم به پیاوانی هیچوپووچ فرۆشتووە.)

سوزان کۆڵ که ژنه شاعیرێکی سێکسفرۆشی هۆڵاندییە، دەڵێت: (وام هەست دەکرد کە هەندێک له شاعیران و شێوەکاران، شەوانە چالاکیی سێکسییان هەیە، که سەیری لیستی ناوی سێکسفرۆشەکانی هۆتێله پێنج ئەستێرەکانی برۆکسل و ئەمستەردامم کرد، دیتم دەیان شاعیری بەتوانا و شێوەکاری داهێنەر، لەوانەی خاوەنی تەکنیکی نوێ و خەیاڵی بەپیتن، شەوان سێکس دەفرۆشن. س. عەوالی که ژنه شاعیرێکی بە ڕەچەڵەک مەغریبییە و به فەرەنساییی دەنووسێت، دەڵێت: وەک چۆن ئارەزووی سێکس دەکەم، هەمان پەرۆشیم بۆ نووسینی هۆنراوەیش هەیە، ئیلهامی زۆر شیعرم له ئەنجامی کردەی سێکسەوە بۆ هاتووە، جارێکیان کاتێک پیاوێک چێژی له جەستەم وەردەگرت، من شیعرم دەنووسی و به شیعر ئەو خۆشییە کڵپەسەندووەم دەردەبڕی که منیش هەستم پێ دەکرد.)

سوزان کۆڵ هەروەها دەڵێت: (جارێکیان پیاوێک کاتێک کە سێکسی لەگەڵدا دەکردم، داوای لێ کردم، هاوزەمان شیعریشی بۆ بخوێنمەوە، من لەو

کاتەدا هەستم بە بەهای خۆم وەک شاعیرێک دەکرد و زێتر لەوەی چاوەڕێی دەکرد، چێژم پێی بەخشی، چونکە بەو داخوازییەی منی گەیاندە لووتکەی داهێنانی بالاّ، ئاخر داهێنان لە کن من لەو چێژەدا خەست دەبێتەوە کە سێکس و شیعر دەیبەخشن.)

چونکە سۆزانی، دەربڕینێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هیچ پێوەندییەکی بە داهێنانەوە نییە، ئەوە بۆیە لە ڕوانگەی زۆربەی سیاسەتکاران و کۆمەڵناسانەوە، ئەوی سێکسفرۆش بێت، ئیدی مافی ئەوەی نییە، خۆی پێ شێوەکار یان شاعیر بێت. سوزان کۆڵ هەروەها دەڵێت: (جاران کە سێکسم دەفرۆشت، شیعری سێکسیشم دەنووسی، وەلێ لەوساوە ماڵێکی سێکسفرۆشیم کردووەتەوە، لە کەشوهەوای شیعر دوور کەوتوومەوە. جارێک سێکسکڕێک کە شاعیرێکی ناسراو بوو، کە دەیزانی منیش شاعیرم، زۆری پێ سەیر بوو کە خەریکی بازرگانیکردنم بە سێکسەوە.). نۆرما جان کە سێکسفرۆشێکی شیعرنووسە، ١٩٩٧ لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەشفرۆشیدا، شیعرێک دەخوێنێتەوە، تێیدا دەڵێت:

سۆزانی وشەیە، وەلێ من ژنم،
هەر کە سنووری دابونەریتم بەزاند،
خێرا پێم دەڵێن: سۆزانی!
ئەدی کە سۆزانیم
بۆچی وەختی زێڕینی خۆتان بەفیڕۆ دەدەن و
دێن جووت دەبن لەگەڵم؟
قەت وەک ئینسانێک گوێم بۆ ڕانادێرن،
هەمیشە وەک سۆزانییەک گوێم لێ دەگرن!
(تۆ لە سۆزانی بترازێت، هیچی دیکە نیت.)
بە تەوێڵی منەوە، ئەو گوتەیەتان
تفێکە ژاراوی.(**)

کۆمەڵەیەک لە ئەمریکا هەیە، ناوی (گورگی دەشتودەر)ە، ئەندامەکانی سێکسفرۆشتن بە هونەر دەزانن نەک بە خەوش. ئەوان پێیان ناخۆشە بگوترێت، بازرگانیی سێکس، ئاخر سێکس وەک سینەما بە هونەر دەزانن، بۆیە لەگەڵ سێکسدا، بازرگانی نا، هونەر بەکار دەهێنن و وەک چۆن دەڵێن هونەری شیعر، شێوەکاری و سینەما، هەر بە هەمان شێوەیش دەڵێن: هونەری سێکس. هەرچەندە ئەوە ئاساییە بگوترێت: پیشەسازیی سینەما، کەچی ئەندامانی کۆمەڵەی گورگی دەشتودەر، بەوە قایل نابن، بڵێین: پیشەسازیی سێکس، ئاخر لە کن وان گوتەی پیشەسازی، داهێنان دەکوژێت.

لال ڤاگەر کە نووسەرێکی سێکسفرۆشە، ١٩٩٥ لە چوارەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی ژناندا کە بە سەرپەرشتی یوو ئێن، ساز کرا، وەک نوێنەری سێکسفرۆشان گوتی: (لەشفرۆشی و هونەری سێکس، دوو شتی جیاوازن، پێویستە جیاوازیی لە نێوان سۆزانی و ئەوانەدا بکرێت کە لە بواری سێکسدا داهێنانیان تۆمار کردووە. لە ڕۆژهەڵات هیچ دوور نییە ژنێک لەسەر نووسینی شیعرێکی سێکسی کە جۆرێکە لە داهێنان، بکوژرێت.) لال ڤاگەر هەر لەو کۆنگرەیەدا گوتی:

بۆچی بووم بە سۆزانی؟
ئایا لەبەر ئەوەی ئیشە؟
پیشەیە؟ یان شیعرە؟
یان لەبەر ئەوەی بە هانای ئەو پیاوانەوە بچم
کە لە ڕووی سێکسەوە برسین؟
سۆزانیبوون،
فڕینە بە ئاسمانی چێژدا!

بە دەگمەن ڕۆمانێک هەیە، باسی سێکسی تێدا نەبێت، ڕۆماننووسی داهێنەر تەنیا وەختێک باسی سێکس دەهێنێتە گۆڕێ، کە لە ڕاژەی هونەری کارەکەیدا بێت و چنینی ڕووداوەکان و بەرەو لووتکە بردنی درامای

ڕۆمانەکەی، باسکردنی سێکس بخوازێت. ئەو نووسەرانەی بۆ ختووکەدانی حەز و ئارەزووی سێکسیی خوێنەر باس لە سێکس دەکەن، گەواهی لەسەر هەژاریی فیکری و هونەریی خۆیان دەدەن. سێکس بەشێکی گرنگە لە ژیان و بە ڕاشکاوی باسکردنی لە کارە ئەدەبییەکاندا، پێویستی بە بوێریی هەیە. نووسەری کورد لە بواری باسکردنی پێوەندییە سێکسییەکاندا ئەوەندە شەرمنە، تەنانەت کە بەرهەمی نووسەرانی عەرەبی، وەک (محەممەد شوکری) و (عەلاء ئەسوانی)یش دەخوێنێتەوە، دەحەپەسێت.

٢٠٠٨/١٢/١٩

---

(*) رجائي موسى، لماذا نحدق في النساء؟ ١٤ ديسمبر ٢٠٠٨ إيلاف.

(**) عدنان ابوزيد، بائعات هوى يروين تجربتهن في الابداع الادبي ١٨ ديسمبر ٢٠٠٨ إيلاف.

## به خێرایی تارمایی

(وشەکانی کامو دەڵێیت پاچن، لێی ناگەڕێن
بمرێت لە گۆڕەکەی دەری دەهێننەوە و بە
زیندوویی ڕایدەگرن. سارتەر)

نازانم ئێوە لە پێناوی چیدا دەنووسن؟ من بەش بە حاڵی خۆم، ئەنتۆنیۆ توباکی گوتەنی: (دەخوازم لە ڕێی نووسینەوە مەرگ کەویی بکەم،) یان هیچ نەبێت بە گژیدا بچمەوە. ئەوە خۆشویستنی ژیانە وا لە نووسەر دەکات، باسی مەرگ بکات، نەک ترس لە مردن. لە ڕوانگەی (فیلیپ رۆس)ەوە، (جیاوازییەکی نێوان نووسەری خراپ و هی چاک ئەوەیە، یەکەمیان لاسایی واقیع دەکاتەوە و دووەمیان دزی لێ دەکات) و بە کۆمەکی خەیاڵ وەهای دادەڕێژێتەوە کە خوێنەر هەم ئازاری خۆی تێدا ببینێتەوە و هەم چێژیشی لێ وەربگرێت.

هەرچەندە، لەمێژە، لێم ونیت،

لێ هێندە، لێمەوە، نزیکیت،

پێم وایە، تۆ منیت.

ئەمبێرتۆ ئێکۆ پێی وایە، سەروەختی ژاوەژاو نووسەر بێدەنگ دەبێت، ئاخر کە هەمووان بدوێن، دەنگی نووسەر لەنێو غەڵبەغەڵبدا بزر دەبێت. نووسەر ئەو نهێنییانە دەدرکێنێت کە خوێنەر نایانزانێت، ئاخر ئەوی شتی نوێی بۆ گوتن، پێ نەبێت، هەقە کڕ ببێت و حەرامە خۆی لە خوێنەر بکاتە نووسەر. ڕۆژێک دادێت، کانیاوی نووسینی گەورەترین نووسەریش کوێر ببێتەوە، نووسەری چاک، پێش ئەوەی وشک بکات، دەست لە نووسین هەڵدەگرێت، ئاخرگەلەک نووسەر هەنە، هەرچەندە وشکیان کردووە کەچی دەستیان لە نووسین

هەڵنەگرتووە. بۆ داهێنەر ئەوە گرنگ نییە تا دەژی هەر بنووسێت، ئەوە گرنگە کە دڵی لە لێدان کەوت، نووسینەکانی هەر زرپوزیندوو بن و ژیانیان لێ بچۆڕێت. ئەگەر شوێنێک بۆ کرێ لە دڵی نووسەردا هەبێت، بە نووسینی دەدات، نەک بە هیچی دیکە، ئاخر نووسەر هەر تەنیا جارێک ئاشق دەبێت، هەر ئاشقی وشە دەبێت، ئاخر دەقی نەمر، زادەی ئاشقبوونی وشە و مامەڵەکردنێکی ئاشقانەیە لەتەکیدا، بەو مەرجەی کێشەیەک بەسەر بکاتەوە و گوتوبێژ بە دوای خۆیدا بهێنێت. ئەوە زۆر خۆشە، دوا ڕۆژی ژیانت لە هەموو ڕۆژەکانی ڕابردووت خۆشتر بێت، بۆ نووسەریش، دوندی سەرکەوتن ئەوەیە، دوای ئەفراندنی جوانترین دەق، دەست لە نووسین هەڵبگرێت. دەقی جوان، دەقێکە دوای هەر خوێندنەوەیەکی تازە، لایەنێکی جوانی دیکەی تێدا دەبینینەوە کە لە خوێندنەوەکانی پێشووتردا هەستمان پێ نەکردووە. لە دەقی جواندا هەست دەکەین، نووسەرەکەی هاوزەمان بەوپەڕی هێورییەوە نووسیویەتی و سڵی لە هیچ هێزێکیش نەکردووەتەوە. ت. س. ئەلیەت دەڵێت: (ئەوەی بە لای منەوە ئاساییە، بە لای خەڵکەوە سەیرە، ئەوەی خەڵک تووشی شۆک دەکات، لە کن من ئاساییە،) ئاخر دەقی جوان، شتی باو ناڵێت، هەمیشە شتێک دەڵێت، دژی ئەوەی زۆربە پێی ڕاهاتوون.

ئەی خودای گەورە و دلۆڤان!

گەرچی کەسم هێندەی تۆ خۆش نەویستووە،

بەڵام وەک خۆت ئاگاداریت،

قەت هیچم لێت نەویستووە،

تەنیا یەک داخوازیم هەیە،

(تکایە ئەو فریشتەیەی

دەینێریت گیانم بکێشێت،

مێیینە بێت.)(*)

بە شیعربوونی ڕۆمان، لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە نووسەر ئەوپەڕی کورتبڕی

ڕەچاو بکات، شیعریش کاتێک بە نەمریی دەمێنێتەوە کە ئامانج بێت، نەک ئامێر. شیعر و ڕۆمان کاتێک لە دایک دەبن کە بەگەڕخستنی وشە ستراتیژ بێت، ئاخر ئەوە مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەدا کە شیعر لە گوتار و ڕۆمان لە لێکۆڵینەوە جیا دەکاتەوە. ئەو ڕۆمانەی لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت و چەندان خوێندنەوەی لەیەکنەچووی بۆ بکرێت، خوێنەری جیاوازی دەبێت و نەوەی جیاواز ئامێزی بۆ دەکەنەوە.

(پەپوولە بە گڕ، چۆن فریو دەخوا
چاوی تۆش منی، وا فریو داوە،
بە تیشکی چاوت، پەڕەی دڵی من
پەپوولەیەکی، هەڵکوڕووزاوە.)(**)

هەموو ئیدیۆلۆگیاکان هەرەسیان هێنا، تاقە نوایەک ئەگەر مابێت، ڕۆمانە. ڕۆماننووسی داهێنەر ڕێسا دێرینەکان ڕەچاو ناکات، ڕێسای نوێ دەهێنێتە کایەوە، ئەوە بۆیە هەر ڕۆمانێکی چاک بگریت، وەک ڕووداوێکی نوێ وایە. ئەو سەردەمە لەمێژە بەسەر چووگە کە نووسەر بە دوو باڵی ڕەسەنایەتی و حەقیقەت بفڕێت، ئاخر ژان بوردریار گوتەنی: (پۆست مۆدێرنێتە سەردەمی گومانە نەک یەقین،) ئاخر ئیتر وەڵامە کۆنەکان، ئیدی لە فەلسەفەوە سەرچاوە بگرن یان لە ئاینەوە هەڵبقولێن، نە خوێنەرێکی وریایان پێ قایل دەکرێت، نە چارەسەری کێشەیەک دەکەن. یان وەک لیوتار دەبێژێت: (پۆست مۆدێرنێتە، سەروەختی مایەپووچبوونی حەکایەتە گەورەکانە.)

٢٠٠٩/١١/٣

---

(*) عەلی ئەلجوندی.

(**) بارוודی.

# بۆ ئەو هاوڕێیانەی یەکدی ناناسین

ئەگەر هیچت پێ نییە بۆ گوتن بشێت و هەر بەم و بەو سەرسامیت، ئەوا تۆ تارماییی نووسەریت، نەک نووسەر. ئەگەر پێت وایە هەموو شتێک گوتراوە و هیچی دیکە نەماوە شیاوی گوتن بێت، ئیدی خۆت بە نووسینەوە سەرقاڵ نەکەیت، چاکترە. (بۆ ئەوەی باڵات لە هی باب و باپیرانت بڵندتر بێت، پێویستە بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی قسە نەستەقەکانیان بدەیت و پارێزگاریی لەو گەنجینە پڕ لە حیکمەتە بکەیت کە لەوانەوە بۆت ماوەتەوە.) درەنگ یان زوو، کوڕ، باوک نائومێد دەکات، چونکە کوڕ بۆ ئەوە لە دایک نەبووە، دووبارەبوونەوەی باوکی بێت، بۆ ئەوە هاتووەتە بوونەوە، باوکی ڕەت بکاتەوە.

مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨ – ١٩٣٦) دەربارەی ڕۆمانی (بیستوچوار سەعات لە ژیانی ژنێک)ی ستیڤان زیڤایچ، دەڵێت: (هێشتا ڕۆمانی لەوە جوانترم نەخوێندووەتەوە.) بایەخی ئەو قسەیە تەنیا هەر لەوەدا نییە کە ڕۆماننووسێکی گەورەی وەک گۆرکی کردوویەتی، لەوەیشدایە، ئەو ڕۆمانە بە ناخی قومارچییەکدا شۆڕ دەبێتەوە و گۆرکی کە ئەو ڕایەی دەربڕیوە، ڕۆمانی (قومارچی)ی دەستۆیفسکییشی دیتووە. وەک چۆن کە دەڵێین (فلان ڕۆمان شیاوی خوێندنەوەیە،) ئەوە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەیە، هەر وایش کە دەگوترێت، فلان ڕۆمان شیاوی خوێندنەوە نییە، هەر ڕایەکی ڕەخنەگرانەیە. قسەیەک کە پێوەندیی بە ڕەخنەوە نەبێت، ئەوەیە بڵێین: فلان ڕۆمانی کوردی، لەسەر ئاستی جیهان، یەکێکە لە ڕۆمانە جوانەکان! ئاخر کە مێژووی ئەدەبی دنیا دەنووسرێتەوە، جێی داخە هیچ باسێک لە ئەدەبی کوردی نییە و تەنیا باس لەو ئەدەبە دەکرێت کە بە زمانگەلی ناوەند (ئینگلیزی، فەرەنسایی، ئەڵمانیایی، ڕووسیایی و ئیسپانیایی) دەنووسرێن و فارسەکانیش ئەگەر

فیردۆسی، حافیزی شیرازی، عومەری خەیام و جەلالەدینی ڕۆمییان شک نەبردبا، ناویان نەدەهات.(*)

شیعر لە ڕوانگەی (ڕۆبێرت فرۆست)ەوە، ئەو شتەیە کە سەروەختی وەرگێڕان بزر دەبێت، وەلێ شیعر وەک بۆرخیس دەبێژێت، بێجگە لە سۆز و چێژ هیچی دیکە نییە. چونکە شیعر چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆیە کەس مافی ئەوەی نییە، تەنیا لێکدانەوەکەی خۆی بۆ ئەم یان ئەو شیعر بە دروست بزانێت. هەیە پێی وایە ئەرکی شیعر ئەوەیە، ژیان بخاتە ژێر پرسیارەوە، هەوڵی لەقاندنی شتە جێگیرەکان و گۆڕینی ئەو شتانە بدات و کە زۆربە پێی وایە، ملکەچی یاسای گۆڕان نین و بێ سڵکردنەوە لە سانسۆرە دەروونی و دەرەکییەکان، شتە نهێنی و تابووەکان بەسەر بکاتەوە. شیعر چونکە بەردەوام لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدایە، ئەو بۆیە لە بازنەی هیچ پێناسەیەکدا گیر ناخات و کالای هەموو پێناسەیەک کورت و تەنگە بە بالای. شاعیر ئەو کەسە نییە، دیاردە ناشیرینەکان، جوان نیشان بدات، ئەو کەسەیە لەو دیاردە ناشیرینانە، شیعرێکی جوان بەرهەم بهێنێت.

پێش ئەوەی قەدەر ڕووی گرژ بکا،
دەبێ بزانین
ویژدان سوارچاکێکە بێ چەک،
خۆ ڕزگارکردن لە هەژموونی منداڵیی، ناپاکییە،
تەنیا مەرگ نەمرە،
ئەوەی زمان نەیدرکێنێ، زەمان ئاشکرای دەکا،
پاشا کە قسەی هێزی یاسای هەیە،
ئاوەزی مارێکە،
لەنێو گەڵیدا پەپکەی خواردووە،
ئازادی پێش هەموو شت دێ،
ئاخر ئەگەر ئازاد نەبین

هیچ شتێکمان پێ ناکرێ.(**)

(کێش و سەروا، دوو ڕێسای دەرەکین و خۆیان بەسەر شیعردا دەسەپێنن، وەلێ ڕیتم خۆڕسکانە لە ناخی زمانەوە هەڵدەقوڵێت و شەکسپیر گوتەنی: ئەوی موزیک لە ناخیدا نەژی، دەرک بە ڕیتم ناکات.) واڵت وایتمان (١٨١٩ ـــ ١٨٩٢) کە وای بۆ دەچێت: (سێکس جێی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە،) دەڵێت: شیعر چونکە گوتنی گۆرانییە بۆ خودی خۆت، بۆیە دەبێت لە کۆتی کێش و پێوەندی سەروا ئازاد بکرێت. دیوانی (پەلکە گیا)ی واڵت وایتمان، کۆشیعرێکە پڕ بە پێستی وشەکە ئازاد. عەزرا پاوەند (١٨٨٥ – ١٩٧٢) کە ئەویش کێشی فەرامۆش دەکرد، لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا بوو کە بێ ئەوەی شاعیر پلانی بۆ دانابێت، لە خۆوە سەرهەڵدەدەن.(***)

چونکە بۆچوونی شاعیر، (تۆو) و (بەر)یشە، لە ئێستادا تۆوە و لە داهاتوودا بەرە، ئەو بۆیە توانای پێشبینیکردنی هەیە و هەر بە تەنیا کاکڵ، یان ڕۆحی ئێستا نابینێت، داهاتوویش دەبینێت. هەرچەندە حەللاج گوتوویەتی: (ئەوی شارەزای ئاماژەکانمان نەبێت، لە دەربڕینەکانمان حاڵی نابێت،) وەلێ شیعر چونکە زێتر هی خوێنەرە، وەک لەوەی هی شاعیر بێت، وەلێ شیعر چونکە زێتر تێکەڵکردنی واقیع بە خەیاڵ و ڕووداو بە خەونە، ئەوە بۆیە دەشێت چەندان لێکدانەوە هەڵبگرێت. لە شیعر و لە ئەدەبدا بە گشتی، گرنگ ئەوە نییە باسی چی دەکەین، گرنگ چۆنیەتیی بەسەرکردنەوەکەیە، یان: گرنگ چۆنیەتیی گێڕانەوەکەیە.

هێندە بۆ دیدارت تینووم،
گەر ئەمجارە بتبینمەوە،
هێندە قووڵ سەرنجت دەدەم،
دەشێ کۆتری گلێنەم،
کالانەی چاوم جێ بێڵێ،
بەرەو ڕوخسارت هەڵبفڕێ.

نە زمانم لە باسکردنی جوانیی تۆ ماندوو دەبێ،

نە گوێم تێر دەبێ لە دەنگت،

نە چاوم تینوێتیی دەشکێ لە دیتنت.(****)

وەک بەرپەرچدانەوەی شێوازی شیعرنووسینی نازم حیکمەت، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، ڕێبازێکی شیعریی لە تورکیا کە (تەغریب)ی ناو بوو، سەری هەڵدا. سێ (شاسوار)ەکەی ئەو ڕێبازە، ئۆرهان وەلی، ئۆکتای ڕەفعەت و مەلیح جەودەت بوون.(*****) نیو سەدە زێتر دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شیعریی تەغریب لە تورکیا، لە کوردستان، دروستتر لە هەولێر، (تەغریب)ی کوردییش لەسەر دەستی عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ڕۆستەم باجەلان و کەمال مەعرووفدا سەر هەڵدەدات. وەک چۆن تورکەکان بە سێ شاعیر ئەو ڕێبازە شیعرییەیان تاقی کردەوە، لای ئێمەیش دیسان هەر ئەوە سێ شاعیر بوون، ئەو ڕێبازەیان گرتە بەر! شاعیرێکی دیکەی تورک کە ناوی ئیلهان بەیرەکە (١٩١٦ – ٢٠٠٨) دیوانێکی هەیە ناوی (عەشقنامە)یە، بنووسی ئەم باسە بێ ئەوەی ئەوسا ناوی ئەو کۆشیعرەی ژنەوتبێت، کۆمەڵە شیعرێکی خۆی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵاوی دەکاتەوە، ناو دەنێت (ئەڤیننامە.) تۆ بڵێیت سێ شاعیرەکەی هەولێریش، هیچ زانیارییەکیان، دەربارەی (تەغریب)ی تورکیا نەبووبێت؟

چونکە هۆڵبرووک جاکسۆن گوتەنی: (ئەوە کتێبخانەیە پۆرترەیتی ئینسان دەکێشێت) و ئەوە ئەو کتێبانەن کە دەیانخوێنینەوە، کەسایەتی و مێژووی ئێمە دیاری دەکەن، ئەوە بۆیە تۆماس ڕایت بۆ ئەوەی ئۆسکار وایەڵدمان پێ بناسێنێت، دڵی تەنیا بەوە ئاوی نەدەخواردەوە کە بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە بخوێنێتەوە، بەڵکو دەیویست بزانێت ئۆسکار وایەڵد کام کتێبانەی خوێندووەتەوە و کامانەی بە لاوە گرنگ بوون. لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی تۆماس ڕایتەوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، دیالۆگەکانی پلۆتۆن و مێژووی ڕێنێسانسی واڵتەر پاتەر، لە کن ئۆسکار وایەڵد، بەبایەخترین دوو کتێب بوون.(*****)

ئەوی خەون

بە شارێکی جوانترەوە ببینێ،

دەشێ ڕۆژێ وەکو زبڵ،

فڕێی دەنە دەرەوەی شار.(******)

کارڵ پۆپەر کە پێی وایە، تاک پێویستە تا ئەوپەڕی ئازادی، ئازاد بێت، بە مەرجێک سنووری ئازادیی کەسانی دیکە نەبەزێنێت، لە کتێبی (کەساسیی ئیدیۆلۆگی)دا، شتێکی وەها دەڵێت: (ئەو دنیا جوانترەی کە کۆمۆنیزم چاوی تێ بڕیوە، بە هۆی حیزبەوە دێتە ئاراوە، ئەوە بۆیە لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە، ئەوی دژی حیزبی کۆمۆنیست بێت، بەربەستە لە بەردەم سەرهەڵدانی دنیایەکی جوانتر و ئایندەیەکی ڕۆشنتردا، ئەوەیش تاوانە و سزای لەسەرە، کەواتە مەحاڵە بێ نواندنی زەبروزەنگ، کۆمەڵگە لە هەواری کۆمۆنیزمدا بارگە بخات.) لایەنی هاوبەشی نێوان کۆمۆنیزم و ئیسلام ڕەنگە ئەوە بێت، هەردووکیان هەوڵیان بۆ دابینکردنی بەهەشتە، یەکەمیان بەهەشتی سەر زەوین و لەم دنیا، دووەمیان بەهەشتی ئاسمان و لەو دنیا.

ستۆکهۆڵم٢٠٠٩/٣/٢٣

---

(*) جابر عصفور، النقد الأدبي والهوية الثقافية، كتاب دبي الثقافية، فبراير ٢٠٠٩ دبي.

(**) إبراهيم الكوني، في مكان نسكنه في زمان يسكننا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ٢٠٠٦ بيروت.

(***) عبدالواحد لؤلؤة، مدائن الوهم، شعر الحداثة والشتات، رياض الريس للنشر ٢٠٠٢ بيروت.

(****) إبراهيم الكوني، من أنت أيها الملاك؟ كتاب دبي الثقافية، يناير ٢٠٠٩ دبي.

(*****) Kristian Petri, Jakten p Wildes böcker, D. N, 14 Mars 2009 Stockholm.

(******) نصرت مردان، إلهان بيرک عدو من يغنى ويتجول بإرتياح ٢٠٠٩/٣/٦ إيلاف.

## پێش ئەوەی بەهەشت چۆلەکەکانی خۆی بخوات

(سەرم لە ئاگر سوورِ ماوە،
چۆن دڵی هات
پێڵووەکانت بسووتێنێ؟
تەنیا پەڕەی دڵ شک دەبەم،
هانێ بیکە
بە پەردەی پەنجەرەی چاوت.)

١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ ئەدۆنیس لە کتێبخانەی نیشتمانیی جەزائیری پایتەخت، باسێک پێشکەش دەکات، تێیدا دەڵێت: (شارستانیی دنیای عەرەبی بەرەو لەناوچوون بەڕێوەیە، ئاخر عەرەب هیچ شک نابات، بە ئایندەی جیهانی ببەخشێت. ئەو زەبروزەنگەی درێژەی هەیە، ئۆرگانیکانە بە سیستەمی ئیسلامییەوە لکاوە و پازدە سەدەیە زمانی عەرەبی خوێنی لێ دەچۆڕێت، تەنانەت سێ لە چوار خەلیفەکەی ڕاشیدین، بە کوشتن کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. من دژی ئاین نیم، بەڵام دەبێت جیاوازیی لە نێوان ئایندا وەک ئەوەی ئەم یان ئەو تاک بڕوایان پێی هەیە لە لایەکەوە و وەک ئەوەی بکرێتە ئامێرێک بۆ سەرکوتکردن و خۆسەپاندن، لە لایەکی دیکەوە، بکرێت. ئاینی ئیسلام وەک بڕواپێبوون دووچاری تەنگژە نەهاتووە، وەک خوێندنەوە تووشی قەیران هاتووە.

هێندەی نەمابوو کڵێسا ئاینی مەسیح لە نێو ببات، ئەوە ڕەخنەگرتن بوو لە کڵێسا، ئەو ئاینەی لە مەرگ قوتار کرد، جێی داخە بیرمەندێکی عەرەب نییە زات بکات، ڕەخنە بگرێت. هێشتا عەرەب و موسڵمانان بە چرای ڕابردوو، بە

گژ واقیعی تاریکی ئێستایاندا دەچنەوە. ئەو گەڕانەوە بەهێزە بەرەو ئەو پرۆژەی ئیسلامییە سیاسییەی هەنووکە پێڕەو دەکرێت، بەڵگەیە بۆ لەناچوونی شارستانیی عەرەبی. هیچ لایەنێک مافی ئەوەی نییە گوتاری ئاینی مۆنۆپۆڵ بکات و وەک ئێدیۆلۆگی، بۆ ئامانجی سیاسی بیخاتە گەڕ، ئاخر ئاین لە بنەڕەتدا، ئامانجە نەک ئامراز و چونکە بالآیە، نابێت بۆ مەبەستی سیاسیی نزم، کەڵکی لێ وەربگیرێت.)(*)

هێندەی نەبرد، یەکیەتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی جەزائیر، ناتۆرەگەلی لە چەشنی: مولحید، زمانپیس و بەدڕەوشتیان دوای ئەدۆنیس خست و گوتیان: ئەو شاعیرە دژی بنەڕەتە جێگیرەکانی ئیسلامە و داوای دابڕان لە نێوان عەرەب و کەلەپووری ئیسلامدا دەکات و پێی وایە، پێشکەوتنی عەرەب بەو دابڕانەوە بەندە و ئەوە پێبەندبوونە بە ئاینی ئیسلامەوە وای کردووە، عەرەب وەک شارستانی بەرەو لەناوچوون بڕوات. چونکە بەڕێوەبەری کتێبخانەی نیشتمانیی جەزائیر، دوای ئەو کۆڕەی بۆ ئەدۆنیسی ڕێکخستبوو، لە پۆستەکەی دەرکرا، چل و پێنج کەسایەتیی چالاکی بوارەکانی ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندن و ئەدەب، لە نامەیەکدا کە بۆ سەرۆکی جەزائیریان نارد، داوایان لێ کردبوو، لە دژی شکاندنی قەڵەم، بڕینی زمان و گەڕانەوە بەرەو تاکلایەنی، هەڵوێست بنوێنیت.

هەر ئەم ئەدۆنیسەی کە سالآنێکی دوور و درێژ بوو، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بە ناپاک و ئیسلامییەکان بە کافر و بەدڕەوشتیان لە قەڵەم دەدا و ئەو تۆمەتەشیان دەختسە پاڵی کە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆرئاوایە لە خۆرهەلاتدا، کە شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و (حەماس)دا هەڵگیرسا، گوتی: (هەرچەندە لەشکری مەزنی عێراق لە چەند ڕۆژێکی کەمدا تێکشکا، وەلێ گەلی عێراق بەرەنگاری هێزی داگیرکار بووەوە.) کەواتە لە ڕوانگەی ئەدۆنیسەوە، تیرۆر بەرەنگاربوونەوەیە و تیرۆریستانیش نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی عێراقن. ئەدۆنیس داکۆکی لە میلیشیاکەی (حەسەن نەسروڵلا)یش دەکات و پێی وایە: ئەوە حیزبوڵلا بوو کە هاوینی ٢٠٠٦ ئەوەی

سـەلماند، لەشکر تێک دەشکێت بەڵام گـەل نابەزێت.(**) تۆ بڵـێـیـت ئەم سەنگەرگواستنەوەیەی ئەدۆنیس، زادەی ئەوە بێت، لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵ نائومێد بووە؟ ئاخر کەسێک بە هیوای ئەو خەڵاتە بێت، هەرگیز ئەو خۆکوژییە ناکات، نە دژایەتیی جوولەکە دەکات، نە لایەنی تیرۆریستان دەگرێت.

*

د. ڕەفـیق سـابیـر لە دیمانەیەکدا کـە دیدار شـەمێـرانی لەگەڵیـدا سـازی کـردووە، دەڵێت: (کەژاڵ ئەحـمـەد نـامـەی دڵداریی ئاگرینی بۆ دەناردم و پێی دەگـوتم: دەمـەوێت لەگـەڵ تۆدا بژیم. هەر لە سـەرەتاوە زانیم ئەو کـچـە هیچ پرەنسیپ و مەبدەئێکی نییە و ئەو شتانەشی کە لەسەر فێمینیزم و داکۆکی لە ژن دەیاننووسێت، ڕاست ناکات، بۆیە ئەوە بە لای منەوە وەک شۆکێ نەبوو کە بەو جۆرە شووی کرد.)(***)

ئەم هەڵوێستەی د. ڕەفیق سابیر، وەک خۆی لە هەمان دیمانەدا ددانی پێدا ناوە، زادەی ئەوەیە کە کەژاڵ ئەحـمـەد شـازدە سـاڵێک بەر لە ئێستا، قسـەی ناشیرینی بەرانبەری کردووە. شاعیران وەها ناسراون کە دڵیان هەر لە دڵی منداڵ دەچێت و جێگەی هێندەی گەردێک قینی تێدا نابێتەوە، ئایا ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە، قینێک شازدە ساڵ، لە دڵی شاعیرێکدا پەنگ بخواتەوە و تازەکی شـاعـیـری خـۆ بە ژندۆست زان، تۆڵە بکاتەوە! تازەکی شـاعـیـری پۆسـتـمـۆدێرنی ڕووناکـبـیـر لەبەر (تیشک!)ی یاسـای (چاو لە بری چاو و ددانیش لەبر ددان)دا ڕەوتار بکات! ئەگـەر هـەمـوومـان ئەو یاسـا دێرینەمـان ڕەچاو کـردبا، هـەنووکـە مـیللەتێک دەبووین، چاوکـوێر و ددانکەل. د. ڕەفـیق سابیر دەڵێت: (ئەو شووی بە پیاوێکی عەرەب کردووە.) ئەوەیش هەر دەکەوێتە خانەی ئەنتیکەوە، شاعیرێک کە چارەکە سەدەیەک نێونەتەوەییش بووبێت، ئەوەی پێ ئاسـایی نەبێت، ژنە کوردێک شـوو بە پیاوێکی غـەیرە کورد بکات! هەر پیاوێکی ئاسایی بگریت، هێندە شکۆمەندیی شک دەبات، نهێنییـەکانی ئەو ئافرەتەی پێوەندیی لەگەڵیدا هەبووە، چونکە هێڵی سوورە، نەدرکێنێت، یان هیچ نەبێت (نەیدات بە جەریدە!)

هەندێک (ڕۆژنامەوان) داهاتوون کە زێتر لە چەقۆکێشی پرەفیشینالّی کرێگرتە دەچن، زوو زوو دەڵێن: ئێمە هێلّی سوور ناناسین، دەبوو د. ڕەفیق سابیر وەک خاوەن قەڵەمێک ئەوەی زانیبا، پەردە لادان لەسەر ژیانی تایبەتیی ئەم و ئەو، هێلّی سووری تۆخە. کە لە ئەحمەد، میری ئەو هێلّی سوور نەناسانە دەپرسن: چ کارێک تووڕەت دەکات؟ دەڵێت: لە کاتی ممارەسەکردنی مامۆستایەتیدا (خوێندکاری گێل و تەمەڵ.)(****)

* خوێندکار، ناوی بکەرە نەک کار.
* (گێل و تەمەڵ)یش ئاوەڵناون نەک کار.
* تەمەڵ، هەڵەیە، تەنبەڵ، دروستە.
* لە سوێد ئەگەر مامۆستایەک بە خوێندکارێک بڵێت گێل یان تەنبەڵ، دەردەکرێت و ئیدی هیچ قوتابخانەیەک بە مامۆستای ڕاناگرێتەوە. پڕ بە دڵ بەزەییم بە وەزیری پەروەردەدا دێتەوە کە هێندە گەشبینە، بە هیوایە بە (مامۆستا)ی لە چەشنی میری هێلّی سوور نەناسان، ئەوی هێندە سنووربەزێنە، جنێو بە قوتابییەکانیشی دەدات، سیستەمی پەروەردەی سوێد، لە کوردستاندا جێبەجێ بکات.

کە فرەژنیی مەرجدار بوو بە یاسا، د. ڕەفیق سابیر لە سەنگەری داکۆکیکردن لە ژنانەوە، لە (بەیاننامە)یەکی ئاگریندا، داوای لە پەرلەمانتارانی کوردستان کرد، دەست لە کار بکێشنەوە! ئایا کەسێک لە هەوڵی تێکشکاندنی ژنێکی (ناسیاو)ی خۆیدا بێت، خەبات لە پێناوی ئەو ژنانەدا دەکات کە نایانناسێت؟ ئایا ئەوە چ پرەنسیپێکە، شازدە ساڵ بەر لە ئێستا پێوەندیمان لەگەڵ کچێکدا هەبووبێت و کە شووی کرد، هەوڵی ڕیسواکردنی بدەین؟ ئایا کەسێک پرەنسیپی هێندە بە لاوە گرنگ بێت، لەسەر بێپرەنسیپی لەم و لەو بپێچێتەوە، خۆی لە کۆمۆنیستێکەوە کە لای چەپی لە مارکس گرتبێت، دەبێتە ناسیۆنالیستێک کە لای ڕاستی لە د. جەمال نەبەز گرتبێت؟ ئایا هێلّی سوور نەناسین، جۆرێک نییە لە بێپرەنسیپی؟ چونکە

ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ و ناسیۆنالیزمی تەنگەچیکەڵدانە، دوو جۆگەلەی لێڵن لە کۆتاییدا دەڕژێنەوە سەر هەمان گۆمی لیخن، ئەوە بۆیە ئەحمەد، میری هێڵی سوور نەناسان و د. ڕەفیق سابیر لە سووکایەتیکردن بە ئینساندا، ئەمیان بە خوێندکار و ئەویان بە ژن، یەکیان گرتووەتەوە.

*

فەرهاد شاکەلی دەنووسێت: (کە کۆمەڵێ شیعری مامۆستا (گۆران)مان کردە سوێدی، دوو کورد بە خراپی لەسەریان نووسیبوو، یەکێکیان کوردی باکوور بوو، نەک کوردیی خواروو، کرمانجیشی نەدەزانی، ئەوی دیکەیشیان وتبووی، گۆران شیعری چاکتری هەیە، دەبوو ئەوانە تەرجومە بکرێن، وەک لینینی مەزن و بۆ مۆسکۆی جوان.)(*****)

قەت بووە شاعیر هێندە کەپووی بڵند بێت، نە بێزی بێت ناوی ئەو دوو کوردە بهێنێت، نە بە نووسەریان بزانێت و هێندەیش سووک سەرنجی بەرهەمی کەسانی دیکە بدات، تەنانەت پێی ئاسایی بێت، بڵێت: ئەویان کە کوردی باکوورە، کرمانجیی باکووریش نازانێت! تۆ لەوەی گەڕێ گۆران نە شیعرێکی نووسیوە، ناوی (لینینی مەزن) بێت، نە هۆنراوەیەکی هەیە، ناوی (بۆ مۆسکۆی جوان) بێت. ئەگەر ڕێز لە ئاوەزی خوێنەر بگرین، تۆزێک خۆمان ماندوو دەکەین، سەرنجێکی دیوانەکەی گۆران دەدەین و دەزانین، ئەو دوو شیعرە، یەکەمیان ناوی (ڕێگای لەنین) و دووەمیان ناوی (مۆسکۆی جوان)ە.

ئەوە وەکو کارەسات وایە، فەرهاد شاکەلی کە باسکارە کەچی بێ سەرچاوە، قسە فڕێ دەدات، ئاخر ئەو کوردە (سۆرانی)یەی لەسەر شیعرە بە سوێدیکراوەکانی (گۆران)ی نووسیبوو، من بووم و منیش نە نووسیومە، نە گوتوومە، ئەو دوو شیعرەی گۆران بۆ لینین و مۆسکۆی گوتوون، چاکن و دەبوو تەرجومە بکرێن! نووسینەکەی من، لە ستۆکهۆڵم لە (بەربانگ) دا، لە هەولێر لە (ڕامان)دا و دواتریش لە کتێبی لە (تاڤگەیەک لە زیو)دا بڵاو کراوەتەوە، نە بە چاک، نە بە خراپ، ناوی ئەو دوو شیعرەی گۆرانی تێدا نەهاتووە. کەسێک بۆ ڕاست نووسینی ناوی شیعرەکان، سەیرێکی دیوانەکەی

گۆران نەکات، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، نەچووبێتەوە سەر نووسینەکەی منیش و لە خۆڕا قسەی کردبێت. ئەوە وەبیر فەرهاد شاکەلی دەهێنمەوە، ڕەخنەی سەرەکیی من لەو ئەوەبوو، خوێنەری سوێدیی فریو دابوو، ئاخر (گۆران)ی (کۆمۆنیست)ی بە (ناسیۆنالیست) بەوان ناساندبوو. وەک خۆی نایشارێتەوە، ئەوە شاکەلی خۆیەتی لە بیروباوەڕی چەپڕەوانەی خۆی پەشیمان بووەتەوە، وەلێ گۆران تا ژیا، هەر کۆمۆنیست بوو. ئایا ئەوە فریودانی خوێنەری سوێدی نییە، شاکەلی وای بەوان گوتووە کە گۆران لە کۆتایی ژیانیدا لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستانەی خۆی پاشگەز بووەتەوە؟

١٦/ ٠١/ ٢٠٠٩

---

(*) كمال زايت، عاصفة أدونيس في الجزائر، الجيل، المجلد ٣٠ العدد ١ يناير ٢٠٠٩ بيروت.

(**) أدونيس، ضاحية فقيرة في مدينة كونية، ٠٩/ ٠١/ ٢٠٠٩ الحياة.

(***) گۆڤاری هۆنیا، ژمارە ٢٠ لاپەڕە ١٦ سلێمانی ٢٠/ ١٢/ ٢٠٠٨

(****) گۆڤاری هۆنیا، ژمارە ٢٠ لاپەڕە ٢ سلێمانی ٢٠/ ١٢/ ٢٠٠٨

(*****) فەرهاد شاکەلی، ڕووناکبیری ڕۆژاوایی و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی، بارزان، ژمارە ٩٨ یەکشەممە ٠٤/ ٠١/ ٢٠٠٩ هەولێر.

## له هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و له پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم

زمانی جوان، ئارامی و دڵنیایی بە خوێنەر دەبەخشێت.

(دیسان پەڕەمووچەکەم لە مەرەکەبی ڕۆحم هەڵدەکێشم و دەنووسم. من لەبری ئەوەی بژیم، دەنووسم، هەر چی ئەوینێک لە ناخمدا کۆ بووەتەوە، هەمووی هەڵدەڕێژمە سەر کاغەز. ژیان دەخەمە ناو وشەوە و خۆم لێی دەردەچم. هیچی تر ناکەم، هەر هانا بۆ وشە دەبەم، ئاخر وشەماڵی منە. بێجگە لە نووسین هیچ کارێکی دیکە نازانم، بۆ گاڵتەکردن بە مەرگ دەنووسم و دەخوازم دوای خۆم یادگارێک جێ بهێڵم. وشە، لە پێناوی بەدەستهێنانی داهاتوودا، تاکە چەکی خەباتی منە. ئەگەر توانای نووسینم نەمێنێت ، هیچ دوور نییە، ئاوەز لە دەست بدەم.)

ڕۆماننووسین بریتییە لە هونەری گێڕانەوە و لە بواری گێڕانەوەدا، هەر نووسەرە و شێوازی خۆی هەیە. گێڕەرەوە کە خودی ڕۆماننووس خۆیەتی لە ڕۆمانی (ئەرزوحاڵنووس)ی (ئەلتاهیر بن جەللون)دا، وەها باسی قارەمانەکەی دەکات: ( هەمیشە پەلەی بوو، هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبووە جێ، خۆی بۆ سەفەر ئامادە دەکرد. پیاوێکی هێندە نائارام بوو، عاشقێکی هێندە بەپەلە بوو، بە دەم ڕاکردنەوە، خۆشەویستیی دەکرد، ئاخر لە هەڵاتنێکی بەردەوامدا بوو.) قارەمانی ڕۆمانەکەیش کە کەم یان زۆری لە کەسایەتیی ڕۆماننووس تێدایە، دەڵێت: (مامم نەیدەویست بمرێت، ئامادە نەبوو گیان بە دەستەوە بدات، بە درێژایی شەو، خەریکی گوتوبێژ بوو لەگەڵ فریشتەکاندا کە بۆ لێ سەندنی گیانی هاتبوون، وەلێ فریشتەکان هیچ مۆڵەتیان نەدا، ئاخر گیان لێ سەندن لە کن وان، ئیشێکی ڕۆژانەی ئاسایی بوو.)

هەرچەندە وا هەست دەکەین، گێڕەرەوەی هەموو شتزان و کارەکتەری سەرەکی، هەردووکیان هەر ڕۆماننووسن، کەچی جارێک ڕۆماننووس قارەمانەکەی دەدوێنێت: (بۆچی باوکتت خۆش ناوێت؟ زۆر باسی دایکتت بۆ کردم، کەچی هیچی وات دەربارەی باوکت نەگوت. ئەگەر بە دەگمەن باسی باوکت بکەیت، قسە ناکەیت، دەقیژێنیت، کەچی کە دەیبینیت، هێندە ڕێزی دەگریت، دەستی ماچ دەکەیت و لەبەر چاوی جگەرە ناکێشیت.) جارێکی دیکە قارەمان خۆی دەپەیڤێت: (حەز دەکەم بچمە ناوییەوە، حەز دەکەم بمخواتەوە و قووتم بدات، تا لە ناخیدا جێگیر ببم و دوور لە چاوی خەڵک لە ناو ئەوەوە دەست دەربهێنم و مەمکی بگوشم.) یان: (سەردەمێک ئەرزوحاڵنووسی گەڕۆک بووم، لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند دەچووم و نامەی دڵداریم بۆ ئەم و ئەو دەنووسی.)(*)

لە ڕۆمانی ئەرزوحاڵنووسی ئەلتاهیر بن جەللونەوە، کە مەرج نییە بە ڕێکوپێکی، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بیخوێنینەوە، دەتوانین لە ناوەڕاستەوە دەست بە خوێندنەوەی بکەین و دواتر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکەی، فێر دەبین کە (ئینسان خەڵکی هەر شارێک بێت، سینگی و سییەکانی پڕن لە خۆڵ و دووکەڵی ئەو شارە.) فێر دەبین کە: (بێجگە لەو چێشتەی دایک لێی دەنێت، هیچ خۆراکێکی دیکە بە کەڵکی خواردن نایەت) و (شاعیری ڕاستەقینە کەسێکە، شیعرەکانی زادەی بوون و ژیانی تایبەتیی خۆی بن.)

شێوازی گێڕانەوە لای ئیتالۆ کالڤینۆ ١٩٢٣ ١٩٨٥ بەوەدا دەناسرێتەوە کە خەیاڵ تێکەڵ بە دیرۆک و ئەفسانە تێکەڵ بە واقیع دەکات. گێڕەرەوە کە یەکێکیشە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (سوارێکی نەبوو)(**)ی کالڤینۆ کە ساڵی١٩٦١ نووسیویەتی، دەڵێت: (من کە ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە، ناوم خوشکە تیودورایە، ئایندارم و لە هەوادارانی مۆلۆمبانۆی پیرۆزم. بۆ نووسینی ئەم دێڕانە کە لە (دێر)ێکەوە دەیاننووسم، پشت بە هەندێک کاغەزی کۆن، سەرچاوەی (دەم)ی و شایەتیی چەند کەسێک دەبەستم کە لە شوێنگەلی ڕووداوەکاندا ئامادە بوون. ئەوەشی دەربارەی چیرۆکەکە نایزانم، بە پێی

لێکدانەوەی خۆم، تەواوی دەکەم. ل٤٢)(***)

ڕامبالّدۆ کە یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە ڕوو دەکاتە تەرمێک و دەڵێت: (ئەی تەرم! بۆگەنێکت لێ دێت، لە بۆگەنی پاشەڕۆک پیسترە، نازانم بۆچی هەمووان بۆت بە داخن و دروودت بۆ دەنێرن؟ ئاخر تۆ چیت لە من کەمترە؟ پێشتر خۆت دەجووڵایتەوە، ئێستا لەبری تۆ ئەو کرمانە دەجووڵێنەوە کە لەسەر جەستەت دەژین. جاران قژ و نینۆکت درێژ دەبوون، ئێستا بە هۆی لاشەی تۆوە، گیا بڵند دەبێتەوە. مانگا ئەو گیایە دەخوات، دەیکات بە شیر کە دەبێتە خوێنی لەشی ئەو منداڵەی دەیخواتەوە، کەواتە تۆ لە من چالاکتری، ئەی تەرم! ل٧٢)

لەو کالڤینۆوە فێر دەبین کە کرۆکی مۆراڵ لە خۆشەویستیدا چڕ دەبێتەوە و مۆراڵ ئەوەیە بەوپەڕی بوێرییەوە ددان بە (هەڵە)ی خۆماندا بنێین و سەر بۆ (ڕاست)ی ئەوی دیکە دابنەوێنین. ئەو خۆشەویستی و بوێرییە هەر کرۆکی مۆراڵ نین، نیشانەی خەیاڵفراوانیشن، خەیاڵیک بە شیعر ئاو درابێت. ددانپێدانان، هۆکارێکە بۆ ناخی خۆ خاوێنکردنەوە، گێڕانەوە لە ڕۆمانی سوارێکی نەبووی کالڤینۆدا، کە هەر لە ددانپێدانانێکی ڕاستگۆیانە دەچێت، بۆ پاکژکردنەوەی ناخ، کۆمەک بە خوێنەریش دەکات. چونکە شەڕ لە پێناوی دەستکەوتدا بوو، کالڤینۆ هەوڵی بۆ ئەوە بوو، خەڵک ئەو ئەفسانەیەی دەیگوت: لەشکری ئیمپراتور لە پێناوی پاراستنی ئاینی مەسیحدا دەجەنگێت، بە واقیع تێنەگەن. کالڤینۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت دەسەڵات و سامان، بەهای ئینسان دیاری بکەن، بەهای ئینسان پێویستە بەوەوە بەند بێت کە چەند خۆشەویستە. خۆشەویستی و زەبروزەنگ هەردووکیان لە نزیک ئینسانەوەن، کارەسات ئەوەیە ئینسان نەتوانێت سەر بە دنیای خۆشەویستی بێت.

مینیمالیست کەسێکە حەزی بەوە نییە شتی زۆر هەبێت، ئاخر پێی وایە ئەگەر خاوەنی شتی زۆر بێت، ئەوا شتەکان دەبنە خاوەنی وی. ژمارە حەوت لای مینیمالیست بایەخێکی زۆری هەیە و حەز دەکات هەرگیز لە حەوت شت

زێتری نەبێت. ماکسێنس فێرماین، چونکە نووسەرێکی مینیمالیستە، ئەوە بۆیە لە ڕۆمانەکانیدا هێندە گرنگیی بە ژمارە حەوت دەدات، ئەوەتا لە (بەفر)دا کە هەم قارەمانەکەی شاعیرە و هەم ڕۆمانێکە لە شیعر، دەڵێت: (یوکۆ عاشقی هونەری هایکو، بەفر و ژمارە حەوت بوو، لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە بەڵێنی دابوو، هەر زستانێک حەفتاوحەوت هایکو بنووسێت. ل٢٩)(****) مینیمالیزم لە ئەدەبدا دەستگرتنە بە وشەوە و پشتبەستنە بە ڕستەی شیعری. نووسەری مینیمالیست درێژدادڕی ناکات، تەنیا ئەوە دەڵێت کە پێویستە بگوترێت و لێ دەگەڕێت، خوێنەر ڕۆڵێکی چالاک لە بواری تەواوکردنی چیرۆکەکەدا بگێڕێت. ئەرنست هەمەنگوای و سەمۆیل بێکێت دوو نووسەری مینیمالیست بوون و شیعری (عەدرا پاوەند) و (مەکسیم کارلۆس مەکسیم)یش دەکەونە خانەی ئەدەبی مینیمالیزمەوە.

ماکسێنس فێرماین شێوازێکی هەیە سەرنجڕاکێش، هێندە سادە دەنووسێت و فۆرمێکی هێندە ئاسان هەڵدەبژێرێت، خوێنەر سەرسام دەکات. بایەخێکی زۆریش بە ڕەنگ دەدات، بەفری سپی، کەمانی ڕەش و هەنگوینی زێڕین. خەون لای ئەو ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکات و قارەمانەکانی دوای بەدیهێنانی خەونەکانیان دەکەون. (هەموو کتێبەکان لە خەونەوە سەرچاوە دەگرن و هەموو خەونەکانیش لە کتێبەوە. ل٤١٧) ئەو تەواو شارەزای ژینگەی ڕۆمانەکانیەتی، هەموو ژیانت لە بەفرستاندا بەسەر بردبێت، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی بەفر، شتی تازە لە بارەی بەفرەوە فێر دەبێت و لایەنی جوانی دیکە لە بەفردا دەبینێت. لە ڕۆمانی کەمانچە ڕەشەکەدا، هێندە لێزانانە باس لە دروستکردنی کەمان و ژەنینی دەکات، هەر دەڵێیت، شارەزایەکی پرەفیشیۆناڵی ئەو دوو بوارەیە. لە ڕۆمانی (هەنگەوان)یشدا، هێندەی زانایەکی بواری پەروەردەکردنی هەنگ، شارەزای جیهانی سەیر و ئاڵۆزی هەنگە. ڕۆمانەکانی ماکسێنس فێرماین ڕۆمانی کورتی تاکقارەمانن کە بەو کارەکتەرەی دەست پێ دەکەن و هەر بەویش کۆتاییان دێت، کە لە گوندێکەوە دەست پێ دەکەن، هەر لەوێش بە کۆتایی دەگەن. ڕۆمانەکانی پشت

به خەیاڵ دەبەستن و لە بواری بەگەڕخستنی خەیاڵدا، هەر دەڵێت، قوتابییەکی لێهاتووی هۆمیرۆس یان دانتییە.

ئەگەر پۆستمۆدێرنیزم لە ئەدەبدا، لە شێوازی نووسیندا چڕ بکەینەوە، ئەوا ئەو تێکستانەی جەیمس جۆیس و سەمۆێڵ بێکێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەیاننووسی، دەکەونە خانەی پۆستمۆدێرنیزمەوە، وەلێ بەرهەمەکانی تۆنی مۆریسۆن و نایپاوڵ زێتر لە ئەدەبی سەردەمی مۆدێرنیزم دەچن، ئەگەر چی لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا نووسراون. دەتوانین ڕۆمانی (ئولیس)ی جەیمس جۆیس، کە ١٩٢٢ نووسیویەتی و مۆنۆلۆژێکی ناوەوە یان خۆدواندنێکی درێژخایەنە، بە نموونەیەکی باڵای ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم ناودێر بکەین.

وەک ئیدوارد سەعید ئاماژەی بۆ کردووە، زۆر لایەنی لێکچوو لە نێوان ڕۆمانی (لەناو جەرگەی تاریکیدا)ی جۆزێف کۆنراد و ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) ئەلتەییب ساڵح هەیە، بێ ئەوەی نووسەری دووەم، بەرهەمەکەی نووسەری یەکەمی خوێندبێتەوە. لە نێوان کەمانچە ڕەشەکەی ماکسێنس فێرماین و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)یشدا، شتگەلی هاوبەش زۆرن، وەلێ ئایا ئەوە تەنیا ڕێکەوتە و هیچی تر، یان نووسەری دووەم، لای کەم سوودی لە ڕۆمانەکەی نووسەری یەکەم وەرگرتووە؟ ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئیشەکانی پاولۆ کۆیلۆ و ماکسێنس فێرمایندا بکەین، بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نووسەری دووەم کاریگەرییەتییەکی زۆری نووسەری یەکەمی لەسەرە و هەست دەکەین شێوازی گێڕانەوەی فێرماین زۆر نزیکە لە هی کۆیلۆوە.

وەرگێڕی دەستپاک کەسێکە گلۆکالیست، ئەوە نییە لۆکاڵ بە گلۆباڵەوە گرێ دەدات؟ ئایا وەرگێڕی ناپاک، تەنیا ئەو وەرگێڕەیە کە جەللادێک لە ئۆرگیناڵدا، وەک قوربانی لە وەرگێڕاندا نیشان دەدات؟ یان: ئایا وەرگێڕی ناپاک، تەنیا هەر ئەو وەرگێڕەیە کە پاکیزەیەک لە ئۆرگیناڵدا، وەک بازرگانێکی بواری سێکسفرۆشی لە وەرگێڕاندا دەخاتە ڕوو؟ یان ئەو

وەرگێڕەشە کە ڕستەیەک فەرامۆش دەکات؟ یان ئەو وەرگێڕەشە کە مانای وشەیەک دەشێوێنێت؟

(پەیکەرێک سەهۆڵی بەستوو. ل٢٧) هەموو سەهۆڵێک هەر بەستوویەتی، ئەگەر نا پێی ناگوترێت سەهۆڵ. (یۆهانز هەڵوەدای بەدیهێنانی ئارەزوویەکی بێشوماری ناو دڵی بوو. ل١٣٥) بێشومار بە مانای لە ژمارە نەهاتوو دێت. کە تاقە ئارەزوویەک بێت، ئیدی چۆن بێشومارە؟ (ئەمە ڕێورەسمی گیانەڵڵای مەرگ بوو. ل١٤١) چونکە گیانەڵڵا بە مانای سەرەمەرگ دێت، بۆیە ئەو (مەرگ)ە لەو ڕستەیەدا زیادەیە. هەق نەبوو وەرگێڕێکی لێزانی وەک ئازاد بەرزنجی ئەو شتە ئاسانانەی بەسەردا تێبپەڕێت و هەقیش نەبوو بەوە قایل ببێت، ئەو سێ ڕۆمانە جوانە، هێندە ناشیرین چاپ بکرێن.

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٩/٣/٦

---

(*) الطاهر بن جلون، الكاتب العمومي، ترجمة: علي پاشا، ورد للطباعة ١٩٩٨ دمشق.

(**) Den obefintlige riddaren.

(***) ايتالو كالفينو، الفارس الخفي، ترجمة: معن مصطفى الحسون، دار حوران للطباعة ٢٠٠٣ دمشق.

(****) ماکسێنس فێرمین، سێ ڕۆمان: بەفر، کەمانچە ڕەشەکە و هەنگوین، وەرگێڕانی بۆ فارسی: د. ئەحمەد سەلامەت ڕاد، لە فارسییەوە بۆ کوردی: ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی. (قارەمانی ڕۆمانی بەفر، یوکۆی ناوە، نەک یۆکۆ، ئەو شیعرە کورتانەشی دەیاننووسێت، هایکویان ناوە، نەک هایکۆ.)

## نووسەری گەورە و خوێنەری نیگەران

(مرۆڤ وەک چۆن کە سەیری ئاوێنە دەکات، ددانی خۆی دەبینێت، ئەگەر بیر بکاتەوە، دەتوانێت چاودێریی ئاوەزی خۆیشی بکات.)

ئۆرهان پاموک

لە کۆتایی سالآنی شەستەوە، ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسم، ئەوە چل سالە سەرقالی ڕەخنەی ئەدەبیم. یەکەمین ڕەخنەی ئەدەبیی من، خوێندنەوەیەک بوو بۆ کۆمەڵە شیعری (ناسۆری دەروون)ی (ع. ح. ب) کە لە کۆتایی سالآنی شەستدا، لە (برایی)دا بلاو کرایەوە. لەوساوە تا ئێستا، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەیان کتێب و نامیلکە و سەدان بابەتم چاپ و بلاو کردووەتەوە. لەسەر شیعری هاوچەرخم نووسیوە، چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و هی بێگانەم بەسەر کردووەتەوە. تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا، سێ کتێبم: (ڕۆشنبیر و دەسەڵات، تاڤگەیەک لە زیو و بەفر و گڕکان) کە تایبەتن بە ڕەخنەی ئەدەبی، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و هاکا کتێبی چوارەمیشم کە ئەویش هەر تایبەتە بە ڕەخنەی ئەدەبی، بلاو کرایەوە. هەرچەندە ڕەخنەم لە بەرهەمی دەیان، ئەگەر نەڵێم سەدان، نووسەر و شاعیری کورد و بێگانە گرتووە، کەچی زوو زوو، دەنووسن و دەڵێن: کورد نە ڕەخنەگری هەیە، نە ڕەخنەی ئەدەبی!

وەک چۆن بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، سەیری بەرهەمی شاعیران و نووسەرانم کردووە کە بە هەمان چاوی ڕەخنەگرانەوە، سەرنجی بەرهەمە ڕەخنەییەکانی خۆم دەدەم و لەگەڵ کارە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانی گەلانی دراوسێ و دووردا بەراوردیان دەکەم، هەرچەندە نووسینەکانی خۆم بێ کەموکووڕی نابینم، وەلێ هێشتا بێ گەردێک لە زێدەگۆیی یان پەسنی خۆ

دان، دەڵێم: ئەو گوتەیەی کە گوایە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەبوونی نییە یان بزرە، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و قسەی ئەوانەیە کە بە هەڵە خۆیان پێ نووسەر و شاعیرە و وای بۆ دەچن ڕەخنەی کوردی فەرامۆشی کردوون. ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە، ئەدی چۆن، ئەوە سێ ساڵە، بنووسی ئەم باسە، بە هۆی پاداشتی نووسینەکانییەوە کە ڕەخنەی ئەدەبین، بژیویی خۆی دابین دەکات؟

(من بۆچی منم؟) ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە (ئۆرهان پاموک) لە ڕۆمانی (قەڵای سپی)دا بە دوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت. ئەز وەها بەرسیڤی ئەو پرسە دەدەمەوە: من بۆیە منم، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسم. هەقە ئەوەیش بڵێم: (وەک چۆن چیرۆکنووس لە پێناوی ژیاندا چیرۆک نانووسێت، لە پێناوی چیرۆکنووسیندا دەژی،)(*) منیش لە پێناوی دابینکردنی بژێویدا ڕەخنەی ئەدەبی نانووسم، لە پێناوی نووسینی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەژیم.)

(تاعوون)ی ئەلبێر کامو (١٩١٣ــــ ١٩٦٠) کە ساڵی ١٩٤٧ دا بڵاو کراوەتەوە، ڕۆمانێکی ئالیگۆرییە، (چیرۆکی ڕەمزی) باس لەو پەتایە دەکات، کە بە شاری (ئۆران)ی باکووری جەزائیردا، بڵاو دەبێتەوە. بۆیە دەڵێم ڕەمزییە چونکە کامو مەبەستی لەو پەتایە، داگیرکردنی فەرەنسایە لە لایەن ئەڵمانیاوە. تاعوون تیشک دەخاتە سەر خەباتی ئینسان لە پێناوی ژیاندا و لە دژی مەرگ، مەرگێک کە بە هەمان چاو سەرنجی هەمووان دەدات و هیچ جیاوازی لە نێوان تاوانبارێک و منداڵێکدا ناکات. کە ئەدەبی کامو بە گشتی دەکەوێتە خانەی ئەدەبی ناماقووڵەوە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە باسی ئەو ناماقووڵییەی ژیان دەکات. لە تاعووندا کە هەم فەلسەفە هەیە و هەم مۆرال، کامو باس لەوە دەکات کە ئینسان لە تەنگانەدا چۆن ڕەوتار دەکات و بۆ ئەوە هانمان دەدات کە هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە خۆمان بین و وا هەڵسوکەوت بکەین کە خۆمان وەک تاک دەخوازین، ئازادانە بڕیار بدەین و لە ڕەوتاری خۆمان بەرپرس بین.

بۆیە باسی تاعوونی کاموم کرد، چونکە زۆر شتی هاوبەش لە نێوان

تاعوون و (قەڵای سپی)ی ئۆرهان پاموکدا کە ساڵی ١٩٨٥ دا بڵاو کرایەوە و لەسەر ئاستی دنیا دەنگی دایەوە، هەن. پاموک لە (بەیاز قەڵا)دا، کە ڕۆمانێکی دیرۆکییە و باس و خواسی فەلسەفییانەیش دەوروژێنێت، چیرۆکی ژیانی خانەدانێکی ڤینیسایی دەگێڕێتەوە کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا، چەتە زەریاییە تورکەکان دیلی دەکەن و دواتر لە ئەستەنبوڵ (خۆجە) کە ئەستێرەناسە، دەیکڕێت و دەیکاتە کۆیلەی خۆی. لایەنە هاوبەشەکانی دوو ڕۆمانەکە بریتین لە: بڵاوبوونەوەی پەتا، هەڵسوکەوتی تاکەکان سەروەختی تەشەنەکردنی پەتاکە و نیشاندانی ترس و دڵەڕاوکێیان. لای کامو ڕۆژنامەنووسێک تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ کن خۆشەویستەکەی کە لە پاریس دەژی، لای پاموک خانەدانی بە کۆیلە بوو، تاسەی ڤینیسیا و خۆشەویستەکەی دەکات، وێڕای ئەمانە هەردوو ڕۆماننووس بە درێژی باس لە بوون دەکەن.

(یوسف سائیغ کەسێک بوو تەنیا، گاورێک بوو لە نێوان موسڵمانان‌دا، کۆمۆنیستێک بوو لەناو بەعسییەکاندا، موسڵاوییەک بوو لەنێو بەغدادییەکاندا.)(**) یوسف سائیغ هەمان ڕێی بەدر شاکر سەییابی تاقی کردەوە و لەویشی تێپەڕاند. سەییابی کۆمۆنیست، بوو بە نەتەوەیی، سائیغی کۆمۆنیستی گاور، هەم بوو بە ناسیۆنالیست و هەم بوو بە موسڵمانیش! کارەکتەری سەرەکی قەڵای سپی، کەسێکە بە هەموو مانای وشەکە تەنیا، دیلە لە نێو ئازادەکاندا، غەریبە لە وڵاتێکی بێگانەدا و گاورە لەنێو موسڵمانان‌دا، وەلێ کە پێی دەڵێن: (ئەگەر ببیت بە موسڵمان ئازادت دەکەین، ئەگەر نا دەتکوژین، ل٣٤) ئەوێک کە پێی وایە، ئاین شیاوی ئەوە نییە ژیانی لە پێناودا بەخت بکرێت، کەچی لە نێوان گۆڕینی ئاین و مردندا، دووەمیان هەڵدەبژێرێت. خانەدانی دیل، کە ئامادەیە دەست لە ژیان و لە ئازادی هەڵبگرێت، لە پێناوی ئایندا نییە، لە پێناوی ئەوەدایە کە دەخوازێت خۆی، خۆی بێت و لەژێر گوشاردا بوونی خۆی لە کیس نەچێت. ئەمە ئەو مەسەلە هەرە گرنگەیە کە جێی بایەخی ئەلبێر کامویش بووە لە تاعووندا.

(کێ لە ڤرگینیا وۆڵف دەترسێت؟) ناونیشانی شانۆنامەیەکی بەناوبانگی، شانۆنامەنووسی ئەمریکایی، (ئادوارد ئەلبی)یە، بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەک لە نێوان ناوی شانۆنامەکە و ناوەڕۆکەکەیدا هەبێت، ئاخر لەو تێکستەدا هیچ باسێک لە ڤرگینیا وۆڵف(١٨٨٢ – ١٩٤١) نییە! پاموک لە ساڵی ١٩٩٠ دا ڕۆمانی قەرە کیتاپ کە دەبێتە کتێبی ڕەش بلاو دەکاتەوە، لە (قەلای سپی)یەوە بۆ (کتێبی ڕەش،) ئەو وەک ئەدوارد ئالبی ناکات، لە خۆڕا ناو لە کارەکانی نانێت. مەبەستی لە قەلای سپی، ئەو قەلایەیە کە دەکەوێتە پۆلۆنیاوە و لەشکری عوسمانی دەیەوێت بە هۆی ئەو چەکە زەبەلاحەوە کە خۆجە دروستی کردووە، دەستی بەسەردا بگرێت.

ڕۆمان هونەرێکە تایبەت بە شار، لە شاردا دەنووسرێت و هەر لە شاریشدا چاپ دەکرێت و دەخوێنرێتەوە. شیعر هونەرێک بوو، بۆ هەڵبژاردە دەنووسرا، ڕۆمان لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، ڕووی دەمی لە زۆربە بوو. جاران شیعر ئەم خێڵی لە دژی ئەو خێڵ هان دەدا و ئەم نەتەوەی دەکرد بە گژ ئەو نەتەوەدا، وەلێ ڕۆمان هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا، بانگەشەی بۆ لێبوردەیی دەکرد و ڕێزی لە جیاوازی دەگرت. ڕۆماننووس کەسێکی شارنشینی سەر بە چینی ناوەندە، کەسێکە چاوی لە داهاتووی ڕۆشن بڕیوە. دەستۆیفسکی شەیدای پەترۆسبورگ بوو، قاهیرە شوێنی ژیانی کارەکتەرەکانی نەجیب مەحفووز بوو، جیمس جۆیس پێی وابوو، بۆ ئەوەی جوان لەسەر دیبلن بنووسێت، پێویستە لێی دوور بکەوێتەوە، چارلس دیکنز خەریکی نووسینەوەی لەندەن بوو. لە ڕۆمانی (بەفر) دا، شوێن شاری قارسە، وەلێ ئەستەنبووڵ لە زۆربەی کارەکانی دیکەی (ئۆرهان پاموک)دا، کارەکتەرێکی سەرەکییە.

لە (قەلای سپی)یشدا، شوێن هەر ئەستەنبووڵە، ئەستەنبووڵی سەدەی حەڤدە کە (پەتایەک وەک سەرسەرییەکی بێ ئامانج بە شاردا دەسووڕێتەوە، ل١٠٧) کە تێیدا دوو کەسە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، بەردەوام بیۆگرافیای خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و لە ڕێی ددانپێدانانەوە، ڕەخنەی توند لە خۆیان دەگرن و لە هەوڵی ئەوەدان، ناخی خۆیان پاکژ بکەنەوە، خودی خۆیان

بدۆزنەوە و هەر یەکێکیان لەوە تێبگات کە (ئەو بۆچی ئەوە؟) پاموک لە قەڵای سپیدا، لە ڕێی تەکنیکگەلی گێڕانەوەی ژیاننامە، مۆنۆلۆگ، خەون و مۆتەکەوە، فێرمان دەکات، خودی خۆمان بڕیار لەسەر ڕەوتار و هەڵویستەکانمان بدەین و لێ نەگەڕێین، ببینە بووکەشووشە و هێزێکی دەرەکی بمانبزوێنێت. وەک چۆن (نورا)ی کارەکتەری سەرەکیی (ماڵی بووکەشووشە)ی هەنریک ئیبسن (١٨٢٨ ـــ ١٩٠٦) بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی، ماڵ جێ دەهێڵێت، پەیامی قەڵای سپی ئەوەیە، سەرقاڵی دۆزینەوەی خودی خۆمان بین. ماڵی بووکەشووشە کە لە ١٨٧٩ دا نووسراوە، نموونەیەکی باڵای ئەدەبی مۆدێرنە، وەلێ قەڵای سپی ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرنە.

زۆرن ئەوانەی توانای گێڕانەوەیان هەیە، کەمن ئەوانەی بە هۆی گێڕانەوەوە چیرۆکی هونەری دەخوڵقێنن. ڕاستە چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە، وەلێ ئەرکی سەرەکیی داهێنەر بە تێکستی ئەدەبی کردنی، گێڕانەوەیە. نووسەر ڕەنگە کەسێک بێت کە تەنیا توانای نووسینەوەی بیۆگرافیای خۆی هەبێت، وەلێ داهێنەر، وێڕای نووسینەوەی هونەرییانەی ژیاننامەی خۆی، توانای خوڵقاندنی دەیان و بگرە سەدان کارەکتەری هەیە. سەرنجی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی (١٨٢٨ – ١٩١٠) بدەن، دەڵێیت کەرنەڤاڵی کارەکتەرە. ئۆرهان پاموک یەکێکە لەو نووسەرە داهێنەرانەی توانای خوڵقاندنی کارەکتەری نەمریان هەیە، ئەوە بۆیە ئەوی قەڵای سپی بخوێنێتەوە، ئەستەمە هەرگیز خۆجە و کۆیلە ڤینیسیاییەکەی لە بیر بچێتەوە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان گێڕانەوە و تێکستی هونەری ئەوە بێت، یەکەمیان پشتی بە واقیع قایمە و دووەمیان زادەی خەیاڵە، یان دەتوانین بڵێین، یەکەمیان ڕووداوی ڕاستەقینە دەکات بە سەرچاوە و دووەمیان، گۆنتەر گراس گوتەنی: جۆرێکە لە جۆرەکانی درۆ، ئاخر ئەوی نووسین بکات بە پیشە، ناچار دەبێت، درۆیش بکات. (ڕۆمان نە لە بازنەی هیچ پێناسەیەکدا گیر دەخوات، نە مل بۆ هیچ ڕێسایەک کەچ دەکات، ئەوە بۆیە ژان ڕیکاریۆ کە ڕەخنەگرێکی فەرەنساییە، دەبێژێت: ڕۆمان نووسینەوەی سەرکێشی نییە، سەرکێشییە لە

نووسیندا.)(***)

(غەریب پشدەری) هەر شاعیرێکی چاک نییە، وەرگێڕێکی چالاکیشە، چونکە لە یەکدی جوداکردنەوەی شیعر و زاری دایک، کارێکی ئاسان نییە، ئەوە ئاساییە بە هۆی زمانی شیعرەکانییەوە، بزانین خەڵکی کام دەڤەرە، وەلێ کاتێک ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەیش کە لە فارسییەوە تەرجومەیان دەکات، دەخوێنینەوە، ئەگەر پاشناوی (پشدەری)یەکەیش بە ناوەکەیەوە نەبێت، هەر هەست دەکەین، خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. (بەکر شوانی) ئەو وەرگێڕە لێزانەی کە بێجگە لە (قەڵای سپی،) هەردوو ڕۆمانی (بەفر) و (من ناوم سوورە)ی وەرگێڕاوە و خەریکی تەرجومەکردنی کارەکانی دیکەی ئۆرهان پاموکە، هەمیشە نا، هەندێک جار ئەگەر پاشناوی (شوانی)یش بە ناوەکەیەوە نەبێت، هەست دەکەین خەڵکی دەڤەری گەرمیانە. وا بزانم هەقە ئەوە جێی مشتومڕ نەبێت کە وەرگێڕان پێویستە بە زمانی ستاندارد بکرێت، نەک بە شێوەزار، یان بنزاری ئەم یان ئەو ناوچە. زمانی ستاندارد و سەرکەوتوو، ئەو زمانەیە کە خوێنەر هەست ناکات، نووسەرەکەی خەڵکی کام دەڤەرە. بە هۆی ئەو زمانەوە کە شیعری پێ نووسیوە، دەرک بەوە ناکەین (نالی) شارەزووری بووە، بە هۆی ئەو زمانەوە کە ڕۆمانی یەشار کەمالی پێ وەرگێڕاوە، هەست بەوە ناکەین (شوکور مستەفا) گەرمیانی بووە، بە هۆی ئەو زمانەوە کە قورئانی پێ کردووە بە کوردی، بەوە نازانین (هەژار) موکریانی بووە.

١٠/ ٠١/ ٢٠٠٩

(*) ئۆرهان پاموک، قەڵای سپی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی، ل٢٤ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(**) علي بدر، ٣ سنوات على الرحيل, ٢٠ ,١٢ ٢٠٠٨ الحياة.

(***) د. جابر أحمد عصفور، إبتدأ زمن الرواية، الرواية العربية، ممكنات السرد، أعمال الندوة الرئيسية لمهرجان القرين الثقافي الحادي عشر، ص ١٥٥ المجلس الأعلى للثقافة والفنون والآداب ٢٠٠٨ دولة الكويت.

## نووسین به ترسولەرزەوە

دێمۆکراسی ئەوە نییە
پیاو بیروڕای سیاسیی خۆی
بڵێ و کەسێ ڕێی لێ نەگرێ،
دێمۆکراسی ئەوەیە ژن،
باسی خۆشەویستیی بکا و
کەس نەیکوژێ.(*)

یان مەنووسە، یان کە نووسیت، هەویری نووسینەکانت بە ئاوی ڕاستگۆیی بشێلە! یان مەنووسە، یان کە نووسیت، با ئەوین، یان یاخیبوون، هاندەرت بێت بۆ نووسین. نووسین حیلەی ئەسپی قەڵەمە، ئەگەر ئەسپی قەڵەمەکەت لە حیلە کەوتووە، وا باشترە چی زووترە، دەست لە نووسین هەڵبگریت. کێشەی نووسینمان نییە، کێشەی ئەوەمان هەیە، زۆربەی نووسینەکان کەسێک نییە بیانخوێنێتەوە. ئەگەر کەس نییە بتخوێنیتەوە، ئەوە هەڵەی خۆتە، تۆ کە توانای ئەوەت نییە بە زمانێکی پاراو بنووسیت، کە ناتوانیت بە زمانێکی ئاسان باسی کێشەیەکی ئاڵۆز بکەیت، کە پێت ناکرێت هاوزەمان ڕوون و قووڵ بنووسیت، کە بۆت جێبەجێ ناکرێت بە شێوازێکی خۆڕسک بنووسیت، خۆت مەکە بە گاڵتەجاڕ! واز لە نووسین بهێنە! بە شێوازی خۆڕسک نووسین، ڕەچاونەکردنی قاڵبە دێرینەکان و تەکنیکە کۆنەکانی نووسینە.

ئیبن خەلدوون (١٣٣٢ – ١٤٠٦) دەیگوت: (مانا بۆیە کراسی گوتە دەپۆشێت چونکە مانا بێ کراسی گوتە، هەبوونی نییە.) کەواتە ئەگەر نازانیت بە زمانێکی جوان بنووسیت، بانگاشە بۆ ئەوە مەکە کە خاوەنی مانای

جوانیت. بۆ ئەوەی بتوانیت جوان بنووسیت، پێویستە لە نهێنیی گوتە و لە چۆنییەتیی بەگەڕخستنی تواناکانی تێبگەیت. پێویستە لەوە ئاگادار بیت، نووسین لە ڕۆژنامەدا کە ڕووی دەمی لە زۆربەیە، جیاوازە لە نووسین لە کتێبیکدا کە بۆ دەستەبژێر دەپەیڤێت.

قەت ڕۆمانی واتان خوێندووەتەوە، چەند پەڕەیەکی کۆتایی پێوە نەمابێت و بە خەیاڵی خۆتان چیرۆکەکەیتان تەواو کردبێت؟ نووسەری چاک چونکە ڕێز لە خەیاڵی خوێنەر دەگرێت، هەموو شتێک نانووسێت، هەندێکی بۆ خەیاڵی خوێنەر جێ دەهێڵێت. بە دڵەڕاوکێوە بنووسە! هەر نووسینێک شتێکی نوێ نەخاتە سەر خەرمانی نووسینەکانی پێشووت، بڵاوی مەکەوە! ئەگەر نووسین لە کنت ئامانج نییە، مەنووسە! خۆت بە شتێکی دیکەوە خەریک بکە! قەت هانا بۆ وروژاندن مەبە! ئەوانەی دەخوازن لە ڕێی وروژاندنی سکانداڵەوە، ناوبانگ پەیدا بکەن، کەسانی ناساغن و ئەگەر توانایەکیشیان هەبێت، لە کیس خۆیانی دەدەن.

گلەیی لە بەختی خۆت مەکە! ئەوە نەک دەگمەن، تەنانەت مەحاڵیشە، تۆ شتی باڵا بنووسیت و خوێنەر نزم سەرنجی بدات. بەشێک لە (ناوبانگ)ی محەممەد شوکری بە (زڕاندنی ناو)ی باوکییەوە بەندە، ئەو لە ڕۆمانی (تەنیا بە نانی ڕووت)دا کە ناودارترین بەرهەمیەتی، بە جۆرێک ناوی باوکی زڕاندووە، شکۆمەندیی خاپوور کردووە. ئەوە نیشانەی ئازایەتیی فیکری و زیرەکییشە، نووسەر لەبری ئەوەی پەسنی خۆی بدات، ڕەخنە لە خۆی بگرێت، وەلێ ئایا ئەوە کارەسات و تەنانەت سکانداڵیش نییە، نووسەر لە ڕێی زڕاندنی ناوی باوکییەوە، لە هەوڵی پەیداکردنی ناوبانگدا بێت؟

گیانی من، بۆ تەڵێ، وەنەوشە، پەرۆشە،

کە لەژێر، سێبەری، تووترکا، خامۆشە.(**)

شیعر هاتوهاوار نییە، هونەری شیعر خۆزیە پاڵنتی گوتەنی، لەوەدایە: (پێش ئەوەی دەنگی وشەکانی بژنەویت، بێدەنگییەکەی بە گوێت ئاشنا ببێت.)

لە شیـعردا ئەوە بە نەمـریی دەمێنێتـەوە کە بێـدەنگیی دەیڵێت، نەک بانگ و هاواری وشـە. هـەمـیـشـە وشــە خـامـۆشـەکـانـی بەر سـێـبـەر، لە وشــە دەم بەهاوارەکانی بەر هەتاو کاریگەرترن. لە خۆتەوە شت مـەنووسە و وەک شیـعر بە خوێنەری مەفرۆشـە! ئەگەر بێجگە لەو شتانەی خۆت بـە شیعریان دەزانیت، ناتوانیت هیـچی دیکە بنووسیت، ئەوا گومانت لەوە نەبێت، نە شـاعیریت و نە هیچ.

لە پێدەشتەکانی ڕۆحدا

بە دوای ئاسکە سرکەکانی خەونەکانمدا

ڕا دەکەم.

ئەو ڕستـە شیـعرییـە، هـی عەلی حـەدداده، ئەگەر قـەت ڕستـەیەکی وا جوانت نەنووسـیـوە، یان دروسـتـتـر، ئەگـەر هـەرگـیـز بە وشــە وێنەیـەکی وا جـوانت نەکـێـشـاوە، ئیـدی بە چییـەوە لافی ئـەوە لێ دەدەیت کـە شـاعـیـریت؟ تۆ کـە نازانیت نووسـەر بە یەک واو دەنووسرێت یان بە دووان، ئیدی بۆچی خـۆت پێ نووسەرە؟ تکایە پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەیت، خۆت فێری خـاڵبەندی بکە! ئـاخـر جـاری وا هـەیە فـەرامـۆشکردنی وێرگـولێک، مـانـای پەرەگـرافـێک دەشێوێنێت. تۆ کە نازانیت، پەرەگراف چییە، نازانیت لە کوێدا خـاڵ، فاریزە و نیشـانـەکـانی دیکەی خـاڵبـەندی دادەنرێن، ئیـدی هـەق نییـە خـۆت بە نووسـەر بزانیت. حـەز دەکەم لـەوە دڵنیا بیت، جیـاکردنەوەی پەرەگـرافـەکـان، دانانی نیشـانەکـانی خاڵبەندی بە دروستـی و لە جێی شیـاوی خۆیاندا، ڕەچاوکردنی ڕێنووس و پێبەندبوون بە ڕێزمانەوە، شتگەلی شکڵی نین، جەوهەرین.

شـیـعـر لە ڕوانگەی (ڕۆبەرت فـرۆست)ەوە، ئەو شـتـەیـە کـە سـەروەخـتـی وەرگێڕان بزر دەبێت، وەلێ شیـعر وەک بورخیس دەبێژێت بێجگە لە (سـۆز و چێژ،) هیـچی دیکە نییـە. چونکە شیـعر چەندان لێکدانەوە هـەڵدەگرێت، بۆیە کەس مـافی ئەوەی نییە، لێکدانەوەکەی خۆی بۆ ئەم یان ئەو شیـعر بە دروست بزانێت. ئەرکی شیـعر ئەوەیە، هەوڵی لەقـاندنی شتـە جێگیـرەکان و گۆڕینی

شته نەگۆڕەکان بدات و بێ سڵکردنەوە لە سانسۆرە دەروونی و دەرەکییەکان، شتە نهێنییەکان بەسەر بکاتەوە. شاعیر ئەوە نییە، دیاردە ناشیرینەکان، جوان نیشان بدات، ئەوەیە لەو دیاردە ناشیرینانە، شیعرێکی جوان بەرهەم بهێنێت.

(کێش و سەروا دوو ڕێسای دەرەکین و خۆیان بەسەر شیعردا دەسەپێنن، وەلێ ڕیتم خۆڕسکانە لە ناخی زمانەوە هەڵدەقوڵێت و شەکسپیر گوتەنی: ئەوی موزیک لە ناخیدا نەبێت، دەرک بە ڕیتم ناکات.)(***) چونکە وەک واڵت وایتمان (١٨١٩ ١٨٩٢) دەڵێت: (شیعر گوتنی گۆرانییە بۆ خودی خۆت،) بۆیە دەبێت لە کۆتی کێش و پێبەندی سەروا ئازاد بکرێت. دیوانی (پەلکە گیا)ی وایتمان کۆمەڵە شیعرێکە پڕ بە پێستی وشەکە ئازاد. (ئەزرا پاوەند ١٨٨٥ – ١٩٧٢) کە ئەویش کێشی فەرامۆش دەکرد، لەگەڵ ئەو جۆرە کێشەدا بوو کە خۆڕسکانە پەیدا دەبێت.

گرێی دەروونیت بەرانبەر ژن نەبێت! چارەنووسی خۆت بە ژنێکەوە گرێ بدە و لە هیچ مەترسە! شۆپنهاوەر (١٧٨٨ ـــ ١٨٦٠) بە هەڵەدا چووبوو کە دەیگوت: (ژن لە پیاو نزمترە،) دەیتوانی بەو بیانووەی کە ناخوازێت ئازادیی لە کیس بچێت، وەک بێتهۆڤن و بێرنارد شۆ، ژن نەهێنێت. عەقڤادیش کە بەرانبەر ژن عوقدەی هەبوو، دەیگوت: (ژن و ناپاکی، دووانەن،) یان: (ژن هەمیشە کۆمبارس بووە، لە هیچ بوارێکدا کارەکتەری سەرەکیی نەبووە.) بیرمەندی ئیتالیایی جیۆردانۆ برۆنۆ کە لە سەرەتای یەکەمین ساڵی سەدەی هەڤدەیەمدا بە هۆی بیروڕا زانستییەکانییەوە، ئاگری تێ بەر درا، دواتر لە هەمان ئەو گۆڕەپانەدا کە تێیدا سووتێندرا، پەیکەری بۆ چێ کرا. شۆپینهاوەر و عەقڤاد سزا نەدران، بەو گوتانەیان، خۆیان سزای خۆیانیان دا.

لەم سەردەمە نووتەکەدا
تەنانەت هەتاویشیان برد،

بە تاوانی ئەوەی نامەی پرشنگاوی،
بەسەر پەنجەرەی ماڵاندا دابەش دەکا،
لە کونجی زیندانیان توند کرد.(****)

لە ساڵی ١٩٢٥ دا، شێخ عەلی عەبدولڕازق کە لە قاهیرە قازی بوو، کتێبێک بە ناونیشانی: (ئیسلام و بنەڕەتەکانی فەرمانڕەوایی)یەوە بڵاو دەکاتەوە، تێیدا باس لەوە دەکات کە (نە خەلافەت یەکێکە لە بنەڕەتەکانی ئیسلام، نە فەرمانڕەوا سێبەری خودایە لەسەر زەوین، نە بە میرات مانەوەی دەسەڵات شتێکی شەرعییە، ئاخر ئیسلام سیستەمێکی حوکمکردنی دیاری نەکردووە و ئەوەی بۆ لێکدانەوەی موسڵمانان جێ هێشتووە.) هەرچەندە ئەو سەردەمە توندڕۆکان سەرئێشە و کێشەیان بۆ دروست کرد، وەلێ لە کۆتایی تەممووزی ٢٠٠٨ دا، ئەزهەر فەتوای دا: (گوێزانەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ، کارێکی ناشەرعییە و دەبێت سەرۆک لە ڕێی دەنگدانی گشتیی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە دیاری بکرێت.)(*****) کەواتە ئەوی جوان بنووسێت و جوان بیر بکاتەوە، زوو یان درەنگ، ڕێز لە خۆی و بەرهەمی دەگیرێت.

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٩/٢/١٤

---

(*) و (****) (سوعاد ئەلسەباح،) بە کەمێک دەستکارییەوە.
(**) گۆران.
(***) عبدالواحید لؤلؤە، مدائن الوهم، شعر الحداثە والشتات، ریاض الریس للنشر ٢٠٠٢ بیروت.
(*****) د. جابر عصفور، مرفأ للذاکرة ١٥/ ٠٨/ ٢٠٠٨ الحیاة.

# له بارەی شیعرەوە

هەموو ئەو شتانەی پێم وابوو ئەگەر لێیان دوور بم، هەڵناکەم، یەکە یەکە نەک هەر لەبەر چاوم کەوتن، بەڵکو هەندێکیان ژیانیشیان لێ تاڵ کردم، تەنیا شیعر نەبێت کە ئێستایش هێندەم خۆش دەوێت، هەر دەڵێیت سەرەتای چیرۆکی دڵداریمانە. متمانەم تەنیا بە شیعر ماوە، ئاخر با هەموو نووسینێک ڕەنگدانەوەی ژیننامەی نووسەرەکەیشی بێت، وەلێ هیچ بەرهەمێک وەک شیعر ڕاستگۆیانە، بیۆگرافیای خاوەنەکەی بەرجەستە ناکات. ئەوە درۆیەکی زل بوو کە دەیانگوت، شیعر ئاوێنەی واقیعە، ئاخر ئەگەر شیعر ئاوێنە بیت، ئەوا ئاوێنەی خودی شاعیرە. شیعر هاوزەمان ڕازی دڵی شاعیر ئاشکرا دەکات و خوێنەریش خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەگەر خودی شاعیر زەریا بێت، شیعر شەپۆلەکانییەتی.

(شیعری جوان بۆ ئەوە دەست پێ ناکات، بگاتە کۆتایی، بۆ ئەوە کۆتایی دێت، دەست پێ بکاتەوە.) شیعری جوان چونکە نەوە لە دوای نەوە شتی نوێی تێدا دەبیننەوە، بۆیە بە نەمریی دەمێنێتەوە. شیعری جوان نە بە توێکڵەوە سەرقاڵ دەبێت و نە باس لە ڕووکەش دەکات، دیالۆگ نییە لەگەڵ ئەم و ئەودا، مۆنۆلۆگی نێو خودی شاعیرە. کە شیعرێکی جوان دەخوێنینەوە، دەڵێیت سەیری تریفەی مانگ یان جریوەی ئەستێرە دەکەین، دەڵێیت بۆنی خۆڵی دوای باران یان گوڵێکی کێوی دەکەین، کە شیعرێکی جوان دەبیستین، سەرسام دەبین، هەر دەڵێیت تووشی کوتوپڕییەک هاتووین.

شیعری جوان هەر دەڵێیت ئینسانێکە بە منداڵی ژیانێکی دژواری بەسەر بردووە، بۆیە هەمیشە یاخی دەبێت و باس لەو شتانە دەکات کە لە ڕوانگەی زۆربەوە، بقە و تابوون. شیعر چونکە گیاندارێکە سەرچڵ، بێ ئەوەی سڵ لە

مەترسییەکان بکاتەوە، بەردەوام خەریکی تاقیکردنەوەی ڕێگەی نوێیە. شیعری جوان نە مل بۆ دابونەریت کەچ دەکات و نە سنوور و بەربەست دەناسێت. شیعری جوان چونکە لە سەرچاوەی خودی یاخیبووی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت، هەمیشە لە گۆڕاندایە، نە گوێڕایەڵی ڕێساکانی گوتنی باو دەبێت و نە لە قاڵبی شێوازە دێرینەکاندا گیر دەخوات. ئەگەر شاعیر سازش بکات، تەنیا لە پێناوی جوانترکردنی زمانی شیعردا دەیکات. ڕێبازە شیعرییەکانیش وەک کێش و پاشبەند، جۆرێکن لە زیندان، شاعیر بوونەوەرێکی یاخییە و لە هیچ چوارچێوەیەکدا قەتیس نابێت.

شیعری جوان بە خەم دەڵێت خەم و بە شادی دەڵێت شادی، نە شادی دەشێوێنێت تا لە خەم بچێت، نە خەم جوان دەکات، تا لە شادی بچێت. شیعری جوان نە ناپاکی لە خۆی دەکات، نە لە خوێنەر، شاعیر کەسێک نییە بۆ گەیشتن بە خوێنەر، ناپاکیی لە هونەری شیعر بکات، وەلێ کەسێکیش نییە، بە پاساوی دڵسۆزیی بۆ هونەر، دیوارێکی بەرزی بەردین لە نێوان خۆی و خوێنەردا هەڵبچنێت. شاعیر خەریکی کوشتنی باوکیش نییە، (گۆران) کە شۆڕشێکی نوێی لە شیعری کوردیدا هەڵگیرساند، (نالی)ی نەکوشت، بەڵکو لە بناری چیای وییەوە بەرەو لووتکەیەکی دیکەی شیعر کەوتە ڕێ.

شیعر بە پلەی یەکەم زمانە، هەر بە هۆی زمانەکەشییەوە، چێژ لە جوانییەکانی دیکەی وەردەگرین. بەرهەمهێنانی زمانێکی شیعری، یەکەمین ئەرکی شاعیرە. ئەگەر شیعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان شاعیری نوێ و کادیری حیزبی دێرین ئەوەیە، یەکەمیان بە هۆشیارمان دەزانێت و دووەمیان بە نەفام، ئەوە نەبوو کادیر هەمیشە ڕێنوێنیی دەکردین. دەشێت جیاوازیی نێوان شاعیر و واعیزیش هەر ئەوە بێت، ئەمیان گومانمان لە کن دروست دەکات و ئەویان گەرەکییە بە یەقین بگەین.

زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن،

زمانێکی شیعری دەخوڵقێنێت کە ئەفسوونی لێ دەتکێت و لە ناخەوە دەمانهەژێنێت. ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرێکەوە کە ناوی خاوەنەکەشی لەسەر نەبێت، شاعیرەکەمان ناسییەوە، ئەوا ئەو شاعیرە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. شاعیری داهێنەر جۆرە پێوەندییەکی وا لە نێوان وشەکاندا دەهێنێتە ئاراوە کە مانای تازە ببەخشن.

شیعر بە زمانێکی هێندە باڵا دەنووسرێت، هەر دەڵێیت شای دەربڕینە. زمانی شیعری جوان، هەر لە زمانێک دەچێت، دەڵێیت زمانی گیاندارێکە لە ئینسان باڵاتر، زمانێکە دەڵێیت لە ئاسمانەوە دێت و لەو زمانە دەچێت کە فریشتە پێی دەپەیڤێت، زمانێکە لە کیژۆڵەیەک دەچێت، هێشتا پەیمانی ژوانێکی بە کەس نەدابێت. زمانی شیعری جوان زمانێکە پڕە لە موزیک، موزیک تێیدا لەوپەڕی چڕبوونەوەیدایە. زمانێکە لەگەڵ موزیکدا پێکەوە لە دایک دەبن و هەر دەڵێیت بۆ گۆرانی خوڵقاوە. هەر شیعرێک بکەوێتە خانەی داهێنانەوە، بەشداری لە جوانترکردنی زمانیشدا دەکات. شیعری جوان ئاوی ژیانی زمانە، لێ ناگەڕێت گوڵی زمان بژاکێت.

شیعری جوان چونکە لە سەرچاوەی خەیاڵەوە هەڵدەقوڵێت، با دنیابینییەکیش بەرجەستە بکات، هەر لەگەڵ هەستماندا دەئاخفێت. شیعری جوان هاوزەمان ڕووخێنەرە و بنیاتنەریش، ئاخر کە ڕێسا دێرینەکان خاپوور دەکات، بناغەی ڕێسای نوێ دادەنێت، کە دەسەڵاتی (بەیت) دەڕووخێنێت، (یەکیەتیی بابەت) دەخوڵقێنێت. زمانی شیعر نە زمانی عەوامە، نە هی دەستەبژێر، زمانێکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، لە قەفەزی زمانی باو یاخی دەبێت و نەک هەر خۆی ناجویتەوە، بەڵکو بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە. شیعری جوان چونکە زادەی ئەزموونی ئینسانە، نە لە زەمانێکدا گیر دەخوات، نە لە شوێنێکدا، دەشێت سەدان ساڵ بژی و هەستی دەیان نەتەوە ببزوێنێت.

شاعیر حەزی لە لاساییکردنەوە نییە، بەردەوام سەرقاڵی تاقیکردنەوەی نوێیە، بەرانبەر فۆرمە دێرینەکان بە ئەمەک نییە، ناپاکییان لێ دەکات و

فۆرمی نوێ دادەهێنێت. فۆرمێک تەنیا لەبەر ئەوەی نوێیە، مەرج نییە داهێنان بێت، وەلێ داهێنان بە تازەیی دەمێنێتەوە. شیعر وەک چۆن زادەی کێش و سەروا نییە، زادەی فەرامۆشکردنی ڕیتم و پاشبەندیش نییە، شیعر زادەی دەربڕینی نوێ و ئەو هاوئاهەنگییە تازەیەیە کە شاعیر لەنێوان وشەکاندا دەیهێنێتە ئاراوە. شاعیر شایەتێکە بە چاوی دڵ، ئەو شتانە دەبینێت کە کەسانی ئاسایی نایانبینن. لە فێرگەی شیعرەوە فێر دەبین، چێژ لە هونەری دیکەیش وەربگرین، ئاخر شیعر کڵپەی ئاگری ڕۆحێکی بێدار و ڕابوونی ویژدانێکی زیندووە.

## پەتپەتێن لەگەڵ مانگدا

ئینسان هەمیشە سەفەر دەکات، هەرگیز ناگەڕێتەوە،
ئینسان ملوانکەیەکە کە پچڕایەوە،
ئیدی ئەستەمە وا خۆی کۆ بکاتەوە، بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

کە هەست دەکەیت واقیع زۆر ناشیرینترە لەو ژیانەی تۆ خەونت پێوە دەبینی، کە هەست دەکەیت ئەوانەی تۆ وەک نموونەی باڵا بۆت دەڕوانین، ت. س. ئەلیەت گوتەنی: پیاوانێکن پووچ، ئیدی دەبێت یان بدەیتە پرمەی گریان، یان گاڵتەت بە ژیان بێت، ساتیرنووس ئەو کەسەیە لەو کاتانەدا گاڵتەی بە ژیان دێت و دەداتە قاقای پێکەنین، کەسێکە سەیرترین شت، زۆر سروشتی وێنە دەکێشێت و خوێنەر لە دنیا ئەفسووناوییەکەی خۆیدا بەند دەکات. ئەوە گرنگ نییە حیزب خاوەنی بەرنامەیەکی جوان بێت، ئەوە گرنگە بەرنامەکەی ئیمکانی جێبەجێکرنی هەبێت و ژیانێک بۆ هاووڵاتییان دابین بکات، شیاوی ئینسان بێت. ئەوە بۆ نووسەر گرنگ نییە، خەیاڵی هێندە فراوان بێت، هیچ سنوورێک نەناسێت، ئەوە گرنگە لە ڕوانگەی خوێنەرەوە، خەیاڵی نووسەر لە واقیعەوە نزیک بێت و جێی بڕوا بێت.

هەموو تێکستە مەزنەکان ناکۆکییان تێدایە، ئەوە بۆیە لە دەقە پیرۆزەکانیشدا، وەک چۆن گەلێک ڕستەی وا هەنە، بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکەن، زۆر ڕستەی وەهایش هەنە، بۆ پشتکردنە نواندنی زەبروزەنگ هانمان دەدەن. تەنانەت حەزرەتی (مەسیح)یش هەموو جارێک کە زللەیان لە ڕوومەتی چەپی دابێت، ڕوومەتی ڕاستی بۆ زللەی دووەم ئامادە نەکردووە. تیرۆریستان تەنیا ئەو لایەنەی دەق دەبینن کە لە سەردابی ئەشکەنجەدان دەچێت، ئەو

لایەنەی کە باس لە سەنگباران، بڕینی دەست و سووتاندنی جەستە دەکات، ئەوە بۆیە نە ژیانی خۆیان بە لاوە گرنگە، نە ژیانی کەسانی دیکە. ئەگەر بڕوامان بە ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەبێت، پێویستە هەستی ئەوانە بریندار نەکەین کە وەک خۆمان بیر ناکەنەوە و سووک سەرنجی شتێک نەدەین کە لای کەسانی دیکە، ڕەمزێکی پیرۆزن.

دەرانشا کە سەرکردەیەکی لۆکاڵیی تالیبانە، لە ٢٥ ی دێسەمبەری ٢٠٠٨ دا گوتی: (هەر کیژێک بۆ قوتانخانە بچێت، سزاکەی مەرگە، ئەمە بڕیارە و لە سبەینێوە کاری پێ دەکرێت.) مەبەست لە (بدیع السموات والأرض. ئایەتی ١٠١ی سوورەتی ئەنعام،) ئەوەیە پێشتر نە هیچ ئاسمانێک هەبووە، نە زەوین، ئەوە خوا دایهێناون. لەم ڕوانگەیەوە، داهێنان بریتییە لە خوڵقاندنی شتێک کە پێشتر نموونەی نەبووبێت. ئایا قەدەغەکردنی قوتابخانە لە کچان، جۆرێکە لە تیرۆر یان یەکێکە لە داهێنانەکانی تالیبان؟ تیرۆر چییە؟ تاکتیکێکە کەسانی هیچ لەباردا نەبوو، بۆ تۆقاندنی ئەم و ئەو هانای بۆ دەبەن.

داهێنەر کەسێکە خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و دەوڵەمەند، ناکرێت ڕۆمان بنووسین و خەیاڵ بەگەڕ نەخەین، کەچی هەندێک لایەنی ئیسلامی سیاسیی هەنە، پێیان وایە ڕۆمان چونکە هونەرێکی خۆرئاواییە، جێی گومانە و خەیاڵیش شتێکە وەک درۆ. ئەوانە بۆیە دژی ڕۆمانن، چونکە ئەو هونەرە، مشتومڕ لەسەر چەمکە جێگیرەکان دەکات و لەبری خۆ بەستنەوە بە ڕابردووەوە، بیر لە گۆڕینی واقیع و لە ئایندەیەکی گەشتر دەکاتەوە. هاشم ساڵح دەبێژێت: (جیاوازیی سەرەکیی نێوان خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی ئەوەیە، لەوێ لە دوای ڕێنیسانس و شۆڕشی فەرەنساییەوە، دابڕانێکی مەزن، لە نێوان ئاین لە لایەک و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە لایەکی دیکەوە، هاتەوە ئاراوە، وەلێ لێرە لە دوای مەرگی ئیبن ڕوشد و لە کۆتایی سەدەی دوازدەی زایینییەوە، عەقڵ مرد و ئاینێکی نەریتخواز، لەو چەشنەی تالیبان و بن لادن و بزووتنەوەی بنەڕەتخوازی بەرهەم دەهێنێت، سەرکەوتنی بەدەست هێنا.)(*)

دابونەریت بەشێکە لە کولتوور، یەکێک لەو بوارانەی کە ولیەم فۆکنەر بایەخی پێ دەدا، گوشاری دابونەریت بوو لەسەر تاک. کولتوور بە گوێرەی پێناسەی ئەدوارد تایلول (١٨٣٢ – ١٩١٧) کە دەشێت یەکەمین پێناسەی چەمکی کولتوور بێت، بریتییە لە (ئاوێتەیەک لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، مۆراڵ، یاسا و نەریت کە تاک لە کۆمەڵەوە فێری دەبێت.) بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی شەنگەهای لەساڵی ٢٠٠٣ دا دەربارەی لیستی زانکۆ باشەکانی دنیا، بڵاوی کردووەتەوە، لە کۆی ٥٠٠ زانکۆی چاکی دنیا، تەنانەت یەکێکیشیان زانکۆیەکی عەرەبی نەبووە! ئایا ئەوە ئاماژەیەک نییە بۆ مەرگی عەقڵ و بۆ باڵادەستیی کولتووری دواکەوتوو؟ جێی سەرنجە لە ئیسرائیل هەشت زانکۆ هەیە، ناوی حەوتیان لە لیستی ٥٠٠ زانکۆ باشەکانی جیهاندا هاتووە.

ئەوە بۆیە عەبدولقادر ئەلجەنابی گوتەنی: هەتا خوێندکارێکی ئەوروپایی کە ناوی (سۆزان بەرنار) بوو، باسی پەخشانەشیعری نەکردبوو، تەنانەت (ئەدونیس)ی گەورەشاعیری عەرەبیش، نە ناوی پەخشانەشیعری ژنەوتبوو، نە دەرکی بە جیاوازیی نێوان شیعری ئازاد و شیعری پەخشان کردبوو! ئەوە نەبوو گۆڤاری (شیعر) پەخشانەشیعرەکانی (محەممەد ماغووت)ی بە شیعری ئازاد، ناودێر دەکرد؟ هەرچەندە دەیان کتێب و سەدان توێژینەوە سەبارەت بە شیعر و فیکری ئەدونیس بە عەرەبی نووسراون، کەچی لە دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانیی (دوبەی)دا گوتبووی: (هێشتا خوێندنەوە بۆ من نەکراوە!)(**) کە ئەمە بۆچوونی ئەو شاعیرە کەپووبڵندە بێت بەرانبەر ئەو نووسەرە عەرەبانەی بایەخیان پێ داوە، هەقی خۆی نییە، بەزەییمان بەو نووسەرە کوردانەدا بێتەوە کە خۆیان پێوە ماندوو کردووە؟ بەوانەی وا ڕاهاتوون، بەردەوام پەسنی ئەم تێکست و ئەو شاعیر دەدەن، دەڵێم: نە دەقی جوان پێویستی بە پێداهەڵدانە، نە شاعیری داهێنەر حەوجەی بەوەیە، ئەم یان ئەو ڕەخنەگر داکۆکیی لێ بکات.

پەخشانەشیعریش ملکەچی یاسای گۆڕانە، ماکس یاکووب پێی وایە،

پەخشانەشیعر ئەو ژانرەیە کە پشت بە کورتبڕیی دەبەستێت و هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نییە. پەخشانەشیعر بە هۆی فۆرمەوە ناناسرێتەوە، ئاخر لە چوارچێوەی هیچ فۆرمێکدا گیر ناخوات، چیرۆکی خودێک ناگێڕێتەوە، کارەساتی پەرتبوونی خود بەسەر دەکاتەوە. شیعر چییە؟ خۆم لە وەڵامی ئەو پرسیارە سەختە دەدزمەوە. شاعیر کێیە؟ زۆرن ئەو لاساییکەرەوانەی شیعر دەنووسن، وەلێ شاعیری ڕاستەقینە، کەسێکە داهێنەر، لاسایی شاعیرانی پێش خۆی ناکاتەوە. پاساوی دەقئاوێزان هەمیشە بە هانای ئەوانەوە ناچێت کە لاساییکەرەوەن نەک داهێنەر. ئەو گوتەیەش کە دەڵێت: (شاعیری ڕاستەقینە لاسایی کەس ناکاتەوە، بەڵام دەزانێت چۆن دزی بکات،) قسەی کەسانی کەم بەهرەیە. داهێنەر لە ڕوانگەی زۆربەوە، کەسێکە گومڕێ، ئاخر ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی دەگرێتە بەر، نەک ئەو ڕێگەیەی زۆربە بە ڕێی ڕاستی دەزانن.

ئەوی بەهرەی نووسینی شیعر شک ببات، یان دروستتر، خاوەنی توانای شیعرنووسین بێت، خۆڕسکییەک لە شیعری دەچۆڕێت، خوێنەر دیل دەکات. شاعیر کەسێک نییە، بە دەم نووسینی شیعرێکەوە جەرگی ببێت بە مۆم، کەسێکە شیعر خۆڕسکانە لە سەرچاوەی ڕۆحییەوە هەڵدەقوڵێت. بۆچی بەم دەڵێن شاعیر و بەوی دیکە نا، چونکە شاعیر توانای چرینی گۆرانیی هەیە، گۆرانی بە دەنگەوە نا، تەنیا بە وشە. شاعیری داهێنەر با سەر بە حیزبێکیش بێت، هەرگیز لێ ناگەڕێت، شیعر لە قەفەزی حیزبدا دیل ببێت، ئاخر شیعر دەبێت هەمیشە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بێجگە لە لۆگیکی ناوەوەی خۆی، وابەستەی هیچ لۆگیکێکی دیکە نەبێت. ڕامبۆ (١٨٥٤ – ١٨٩١) یەکێک بوو لەوانەی خۆڕسکانە شیعری دەنووسی، ئەو بۆیە هیچ زۆری لە خۆی نەکرد، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوو بە بیست ساڵ، دەستی لە نووسینی شیعر هەڵگرت.

داهێنەر تیرۆریست نییە، تا باسی تەقاندنەوەی زمان، خاپوورکردنی ڕەوانبێژیی دێرین، یان ڕووخاندنی ڕێسا باوەکانی نووسین بکات، شاعیری

داهێنەر نە هیچ دەتەقێنێتەوە، نە هیچ دەڕووخێنێت و نە هیچ تێک دەدات، لە وەختێکدا دەنووسێت کە بێجگە لە شیعر هیچی دیکە لە زەینیدا نییە، لە سفرەوە دەست پێ دەکات و ئەو مۆچیارییەی ڤۆڵتیر کە دەیگوت: (پیاو بە و شوێنپێم هەڵمەگرە!) ڕەچاو دەکات. ت. س. ئیلیەت لە (وێرانەخاک)دا دەڵێت:

زستان گەرمی کردینەوە و

زەوینی بە بەفری فەرامۆشیی پۆشتە کردەوە.

شاعیری داهێنەر وەکو ت. س. ئیلیەت پێوەندیی تازە لە نێوان دال و مەدلوولەکاندا دەبینێتەوە، دۆزینەوەی پێوەندیی تازە لە نێوان دال و مەدلوولدا، ئەوە نییە بێیت وەک عەتا محەممەد لە چیرۆکدا باسی ئەو دوو چەمکە بکەیت: (توانیی بگاتە دالی ڕەها، دالێک هەموو مەدلوولێک لە خۆی بگرێت.)(***) یان وەک ڕۆژ هەڵەبجەیی، دال و مەدلوول بخەیتە ڕستەی شیعرییەوە:

بە فەرموودەی ئیمامێک

دالی ئەم هەموو عیشقە دادەگیرسێ

کەچی من مەدلوولی شکستە

بە دەستەکانمەوە، خوڕەی دێ.(****)

بۆ ئەوەی شیعری نوێ بنووسین، دەبێت نە وشە لە ڕستەکانماندا هەمان ئەو مانایەی هەبێت کە لە قامووسدا هەیەتی، نە دالەکانمان، مەدلوولە دێرینەکانی هەبێت. لە شیعری نوێدا، تەنانەت شوێنی سپیی ئەو لاپەڕەیەی شیعری تێدا دەنووسین، دالە و مەدلوولی خۆی هەیە و دەشێت لە هەمان لاپەڕەدا چەندان دەق بخوێنینەوە، ئاخر دەرگای تێکستی نوێ بەسەر چەندان ئەگەردا کراوەیە. شیعر بەوە نابێتە تێکستێکی جوان کە ناوی لێ بنێین قەسیدە، بەوە جوان دەبێت کە بە وێنەی شیعریی تازە، قەرەبووی فەرامۆشکردنی کێش بکەینەوە.

٢٢/ ٠١/ ٢٠٠٩

..............................................................................

(*) هاشم صالح، هل مات صراع الحضارات مع صموئيل هنتغنتون؟ الشرق الأوسط ٢٠٠٨/١٢/٣٠ لندن.

(**) د. محمد صابر عبيد، أدونيس يحرق نقاده، الرياض ٢٩ نوفمبر ٢٠٠٧.

(***) عەتا محەممەد، چیرۆکی (کیمیای پیت) نەوشەفەق ژمارە ٦٣ لاپەڕە ١٠٤ دەزگای شەفەق، کەرکووک ٢٠٠٨ چاپخانەی ئاراس.

(****) ڕۆژ هەڵەبجەیی، پاییزێک بە پاڵتۆی کانوونێکەوە، ل٧٠ لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان ٢٠٠٨ چاپخانەی تەوار، سلێمانی.

(*****) ناونیشانی ئەم باسە، دەربڕینێکی خاتوونی شاعیر، ڕۆژ هەڵەبجەییە. ل ١٥ ی سەرچاوەی پێشوو.

# شیعر تیشکی چرای ڕۆحە

ئەوە شتێک نییە مشتومڕ هەڵبگرێت کە (بانگەوازەکەی ڕوانگە ١٩٧٠/٤/٢٥) لە بانگەوازێکی سیاسی دەچێت نەک ئەدەبی و هەر دەڵێیت ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی سیاسی نەک ئەدەبی نووسیویانە، هەر بۆیە زۆربەی ئەو ڕەخنانەشی بە گژ ڕوانگەدا دەچوونەوە، ڕەخنەی سیاسی بوون نەک ئەدەبی. فازیل مەلا مەحموود، فوئاد قەرەداغی و فوئاد میسری ئەوی لەگەڵ ڕوانگەدا دەیانکرد، ململانێی سیاسی بوو، نەک وتووێژی ئەدەبی.

(هەر ڕاپەڕینێک لە مێژوومانداا تەقیبێتەوە، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیماندا تاوی سەندەوە.)[1] ئەوە تەواو لە گوتەی ئەو سیاسییانە دەچێت کە ئەدەب بە پاشکۆی سیاسەت دەزانن و ئەو ئەدەبە پەسەند دەکەن کە لە ڕاژەی فیکری واندا بێت و ئاو بە ئاشی ئامانجی واندا بکات. ئەو تێزە لێکدانەوەیەکی نادیالێکتیکانەیشە بۆ پێوەندیی نێوان ئەدەب و واقیع، ئاخر وەک چۆن واقیع کاریگەریی لەسەر ئەدەب هەیە، هەر وایش ئەدەب، کاریگەریی لەسەر واقیع جێ دەهێڵێت. ڕاستە ڕاپەڕین لە ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە، وەلێ ئەدەب دەتوانێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکات، ببێتە هەوێنی ڕابوونی میللەتێک، خەڵکانێکی خەواڵوو بێدار بکاتەوە و بۆ شۆڕش هانیان بدات.

(ڕاپەڕین لەناو ڕاپەڕیندا)یش کە لە بانگەوازەکەدا هاتووە، وەرگێڕانی ناونیشانی کتێبەکەی ڕۆژیە دۆبرێیە: (شۆڕش لەناو شۆڕشدا،) بە سووکە دەستکارییەکەوە کە کتێبێکی سیاسییە نەک ئەدەبی. بانگەوازەکەی ڕوانگە بانگەشە بۆ (بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی) دەکات، گەرچی ئەوە ئەرکی کادیری حیزبە، ڕیکلام بۆ ئەم یان ئەو بیروباوەڕ بکات و ئەدیب سەودای

لەگەڵ هونەر و مەعریفەدا هەیە نەک ئیدۆلۆگی. بانگەوازەکە بایەخێکی زۆر بە (شـۆڕش و شـۆڕشگێـڕی) دەدات، هەرچەندە ئەدیب، وەک ئەلبـیـر کـامـو، کەسێکە یاخیبوو، نەک شۆڕشگێڕ، کەسێکە بانگەشە بۆ یاخیبوون دەکات نەک شۆڕش. گەرچی بانگەوازەکە خوازیارە (وشەی کوردی نەکرێتە کۆیلەی دروشمی سیاسی،) وەلێ بەشێکی گرنگ لە بەرهەمی ڕوانگەییەکان بە پێچەوانەی ئەو خواستەوە خۆی دەنواند.

ڕوانگەییەکان دەڵێن: (نووسینی ئێمە ناشیرینی ناگرێتە خۆی،) وەلێ ڕاستییەکەی، نووسەر دەتوانێت لە ڕێی نیشاندانی لایەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەوە، هەوڵی چەسپاندنی جوانی بدات. یان دەڵێن: (نووسینی ئێمە گشت کۆت و زنجیرێک دەپچڕێنێت،) گەرچی بۆ نموونە لە شیعردا نە کۆتی سەروایان شکاند، نە زنجیری کێشیان پساند. کاتێک دەتوانین خۆمان بە شاسواری بواری نوێکردنەوەی شیعر بزانین کە خۆڕسکانە بنووسین و هیچ کام لە ڕێسا و تەکنیکەکانی شیعری دێرین ڕەچاو نەکەین. (شێوە و ناوەڕۆک پێکەوە لە دایک دەبن.) لە بانگەوازەکەدا تەنیا ئەو تاقە ڕستەیەم بینییەوە، لە قسەی ئەدیب بچێت.

هەرچەندە ڕوانگەییەکان دەڵێن: (ئێمە هەر نووسەر یان شاعیر نین، کارگێڕ، شۆڕشگێڕ و جەنگاوەریشین!) کەچی لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر (فەرهاد) شاکەلی، لەوانیشی تێدەپەڕێن و لە بەیاننامەکەیاندا (١٩٧١/٧/١٤) هیچ بڕوایان بە ڕیفۆرم نییە، (شیعریان بە شۆڕش دەچوێنن) و خۆیشیان بە (ڕزگارکەری وشەی کوردی!)[٢] ئەو دوو شاعیرە بۆیە جاڕی شۆڕشیان داوە، (تا شیعری کوردی کە مەیموونە، بیکەن بە مرۆڤێکی پوخت) و پێیان وایە (شاعیری ڕاستەقینە هێندە سەیر بیر دەکاتەوە، زۆر کەس بە شێتی دادەنێن.) شەکسپیرم بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت: (شاعیر و شێت و منداڵ لە خەیاڵدا یەکانگیر دەبنەوە.) شاعیر دەبێت تا دەنووسێت، هەر گوێڕایەڵی منداڵەکەی نێو بێشکەی ناخی بێت، ئایا ئەوە جۆرێک نییە لە شێتایەتی؟ بە پێچەوانەی ڕوانگەییەکانەوە کە ڕووی دەمیان لە زۆربەیە،

هەڵمەت و شاکەلی پێیان ئاساییە، ئەگەر کەسانێکی کەم لە شیعریان تێبگەن.

لەتیف هەڵمەت کە (تەمەننامە)ی خۆی دەنووسێتەوە، تێیدا شتێک دەڵێت کە ئەمە پوختەکەیەتی: (باوکم دووعانووس بوو، بە نوشتە و دوعاکانی، نەخۆش چاک دەبووەوە و باران دەباری.)(٣) دوعا شتێکە لە بابەتی سیحر و شیعریش جۆرێکە لە سیحر. کە شیعرێکی جوان دەخوێنینەوە، سەرسام و بەنگ دەبین، هەر دەڵێیت سیحرمان لێ کراوە یان دوعامان لێ گیرا بووە. چونکە لەتیف هەڵمەت گوێڕایەڵی منداڵەکەی ناخیەتی، ئەوە بۆیە سیحر لە شیعری دەچۆڕێت.

شێرکۆ بێکەس دەربارەی جەلال میرزا کەریم (١٩٣٥ – ١٩٩٣) دەڵێت:

ئەو وەختەی ئەو

عاشقی شیعری تازە بوو،

لەناو دیوەخانی کۆن و

لەناو گەڕەکی عورووزدا

شیعری تازەیان ڕاو دەنا.(٤)

ڕاستییەکەی دەوروبەری چارەکە سەدەیەک پێش ئەوەی جەلالی میرزا کەریم شیعری تازە بنووسێت، گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) شیعری لەژێر چەپۆکی عورووز دەرباز کردبوو. ئەدی مەولەوی و بێسارانی و وەلی دێوانەیش هەر بە کێشی خۆماڵی نەیاندەنووسی؟ بە چاوپۆشین لەوەی کام کێش ڕەچاو دەکات، کێشی هەیە یان نا، شیعر دوو جۆری هەیە، شیعری مردوو، ئەوی هەر زوو سیس دەبێت و دەوەرێت، شیعری زیندوو، ئەوی بەرگەی زەمان دەگرێت.

کاکەمەم بۆتانی دەڵێت: (کە لەناو هەولێردا، سەنگەری زەرد و سەوز بالاخانە و قەلایان قۆرخ کرد و بە خەونی کوردان پێکەنین .... جەلالی نەمر لەگەڵ یەکەم لێزمەی گوللەباران، خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەی ژووری

خەستەخانە و دەمی بە یەکدا دا.)[٥] ڕاستییەکەی کۆچی دوایی جەلالی میرزا کەریم، هیچ پێوەندیی بە شەڕی نێوخۆوە نەبووە، ئاخر ئەو لە ١٣/١/ ١٩٩٣ دا زەنگی دڵی لە لێدان دەکەوێت و شەڕی نێوخۆ لە ئایاری ١٩٩٤دا هەڵدەگیرسێت، واتا ساڵێک و چوار مانگ پێش ئەوەی شەڕ هەڵبگیرسێت، ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.(*) (دەمی بە یەکدا دا)یش، وەسفێکی زۆر ناشاعیرییە، بۆ مەرگی ئەو شاعیرە.

کاکەمەم بۆتانی دەڵێت: (ڕاوبۆچوونی جەلالی میرزا کەریم لە بیر و ئایدیای باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیک بوو، بە هەڵە نەچووبم، ئەندامیشیان بوو.)[٦] بەوەدا جەلالی میرزا کەریم بە کۆمۆنیست ناسرابوو، پێ دەچێت کاکەمەم بۆتانی بە هەڵەدا چووبێت، ئەوە ڕاستە بۆتانی خۆی، سەر بەو لایەنە بوو، تەنانەت لەتیف هەڵمەتیش هەر سەر بەو باڵە بوو، ئەوەتا هەڵمەت بە ڕاشکاوی دەڵیت: (لە کۆتایی شەستەکاندا پێشمەرگەی جەلالی بووم!)[٧] هەندێک جار هەڵمەت شتی زۆر سەیر دەڵێت، وەک: (من شاهەنشای وڵاتی شیعرم.)[٨] یان: (شێرکۆ بێکەس پێوەندیی بە هێڵی نوێگەرییەوە نییە.)[٩] بە مەرجێک لە دوای (گۆران)ەوە، لە بواری نوێگەریدا، شانی هیچ شاعیرێکی کورد ناگاتە ناوقەدی شێرکۆ بێکەس.

شیعر کە خۆی (هونەری بێدەنگییە و پێویستە بەردەوام گوێمان لە بێدەنگیی وشەکانی بێت،) کەچی سەرەتای ساڵانی حەفتا، نەڕە بەسەر شیعری کوردیدا زاڵ بوو. ئەو سەروەختە بە دەگمەن شیعرێک هەبوو، بێدەنگی لە دوای خۆیەوە جێ بهێڵێت. شاعیرانی ڕوانگە و لەتیف هەڵمەتیش دەرکیان بەوە نەکردبوو، شتی گرنگ ئەوەیە بێدەنگی دەیڵێت، نەک دەنگهەڵبرین. بێدەنگیش جۆرێکە لە کورتبڕی، ئەوی شاعیر لێی بێدەنگ دەبێت و بۆ خوێنەری جێ دەهێڵێت. (شیعری بێدەنگ هەر لە شاخی سەهۆڵینی نێو زەریا دەچێت، تەنیا لووتکەکەی بە دەرەوەیە.)[١٠]

---

(١) بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە ٢٥ /٠٤/ ١٩٧٠ شێرکۆ

بێکەس، حسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی و جەلال میرزا کەریم. ( دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، ل١٩٧ خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٨ سلێمانی.)

(٢) بەیاننامەی گرووپی کەرکووک کفری، شێتەکان: سەرنج، هەڵویست، پرۆژە. (دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، ل٢٢٤ خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٨ سلێمانی.)

(٣) لەتیف هەڵمەت، چرایەک لە شەپۆلی گەرداودا، ڕۆڤار، ژمارە (٤٩) ل ٤ دەزگای سەردەم ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٤) شێرکۆ بێکەس، جەلال، ئاینده ژمارە (٧٩) ل١٧ تەمووزی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٥) کاکەمەم بۆتانی، جەلالی شیعر، ئاینده ژمارە (٧٩) ل٢٥ تەمووزی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٦) سەرچاوەی پێشوو.

(٧) لەتیف هەڵمەت، چرایەک لە شەپۆلی گەرداودا، ڕۆڤار، ژمارە (٤٩) ل ٣٢ دەزگای سەردەم ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٨) مرۆڤ بەبێ ئاین ناتوانێت داهێنان بکات، لەتیف ڕۆژبەیانی، ستاندەر ژمارە (٢٦) ل ٢٦ تەمموزی ٢٠٠٨ هەولێر.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٥

(١٠) باسم النبريص، الشعر والصمت، ٢٠٠٨/٦/٣٠ ايلاف.

(*) شێرکۆ بیکەس لە ٢٠٠٨ دا کە باسی سەرهەڵدانی ڕوانگە دەکات، زێتر لە جارێک دەنووسێت: (نزیکە سی ساڵ لەمەوبەر) کە دەبوو بڵێت، نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر. (شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم و ڕوانگە، ئاینده ژمارە (٧٩) ل٣٠ و ٣١ تەمووزی ٢٠٠٨ سلێمانی.

# شیعری ئازاد و ئازادیی ژن

هیچ کەس هێندەی ئەوانە لە واقیع تێ نەگەیشتوون
کە بە تەوسەوە باسی واقیع دەکەن،
ئەوە بۆیە تێگەیشتن لە ئەدەبی گاڵتەجاڕی، پێویستی
بە ئاستێکی ڕۆشنبیریی بڵند هەیە.

شاعیر ئەو شێتەیە، بێ ئەوەی بیر لە قازانجی خۆی بکاتەوە، چی بە ڕاست بزانێت، دەیڵێت. شاعیر هەر دەڵێیت یەکێکە غەیبزان، هەست بە شتگەلێک دەکات کە کەسانی تر هەستی پێ ناکەن و پێشبینی ئەو کارەسات و مەترسییانەیش دەکات کە بەڕێوەن. شاعیر بۆ ئەوەی کانیاوی بەهرەی چۆڕبڕ نەبێت، پێویستی بەوە هەیە کەسێکی زۆر خۆش بوێت، یان ڕقێکی زۆری لە دیاردەیەک یان دەسەڵاتێک بێت.

دەبوو خواژنی دڵداری
چونکە (دوعا)ی قوتار نەکرد،
چونکە دوعای بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت،
دەستبەجێ دوای
بەردبارانکردنی دوعا
دەستی لە کار کێشاباوە.

(جەواهیری) لە بواری نووسینی شیعری ستوونیدا هێندە باڵادەست بوو، ببووە کۆسپ لە بەردەم زاڵبوونی شیعری بڕگەییدا. مەحموود دەرویش لە بواری نووسینی شیعری بڕگەییدا هێندە بەتوانا بوو، ببووە لەمپەر لە بەردەم زاڵبوونی (پەخشانەشیعر)دا. لای ئێمە لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو لە

ژیاندا مـاون و شـیـعـری برگـەیی لە گـیـانەڵادایە. ئەگـەر بڕوا بەوە بهـێنین، نوێکردنەوە لە شـیـعـری کـوردیدا لە دوای (گـۆران)ەوە بە ڕوانگـە دەست پێ دەکـات، ئەوا هێـشـتـا هیچ شـاعـیـرێکی کـورد، لە (شـێـرکـۆ بێکەس)ی تێ نەپەڕاندووە کە بەتواناترین شاعیری ڕوانگە بوو.

ڕەنگە جیاوازیی نێوان کێش و ڕیتم وەک جیاوازیی نێوان ئاوی ڕووبار و ئاوی ژێر زەوین وابێت، ئاخر کێش شـتێکی دەرەکییە و ڕیتم ناوەکی. ئەلیەت پێی وابوو، ئەگەر لە بواری نووسینی (پەخشـان)دا مامۆسـتا نەبین، ناتوانین شیعر بنووسین، کەچی بەشێکی زۆر لە (شاعیران)ی کورد، توانای نووسینی پەخشانیان نییە و خۆیان بە مامۆستای نووسینی پەخشانەشیعر دەزانن! جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشاندا هەیە، زمانی شیعر، زمانی فەنتاسی، پێشبینی، دۆزینەوە، داهێنان، ددانپێدانان، ئازادی و فـڕینە، وەلێ زمـانی پەخـشـان، زمـانی لۆگیـک، دەسـتنیـشـانکردن و عـەرەب گوتەنی خاڵ لەسەر پیت دانانە.

بڕوام بەو پێناسـەیە نییە کە دەڵێت: ئەوەی کێش، سـەروا و مـانای هەبێت، شـیـعـرە، چونکە دەشـێت ئەوە نەزم بێت نەک شـیـعـر، وەلێ هەیە شـتـێک دەنووسـێت، نە کـێـشـی هەیە، نە سـەروا و نە مـانا، کـەچی بە نرخی پەخـشـانەشـیـعر بە خوێنەری دەفرۆشـێت. شـیـعـری ئازاد وەک عـەرەب لە سـەرەتاوە بۆی چووبوو، ئەو شیعرە نییە کە هەم کێشی هەیە و هەم سـەروا، شیعرێکە بێ کێش و بێ سەروا، شیعری ئازاد شیعرێکە هیچ کام لە ڕێسا دێرینە دەرەکییەکانی شیعری دێرین ڕەچاو ناکات، شیعرێکە لە چوارچێوەی هیچ پێناسەیەکدا گیر ناخوات و هێشتا ڕێساکانی دەستنیشان نەکراون.(١)

لە ڕوانگەی (هەنری میشۆنیک و جیرار دیسۆن)ەوە، کە یەکەمیان شـاعیرە و دووەمیان ڕەخنەکار، (وەک چۆن هەموو زمانێک ڕیتمی خۆی هەیە، هەموو تێکستێکیش خاوەنی ڕیتمی خۆیەتی و ڕیتم شتێک نییە، تەنیا تایبەت بێت بە شیعر.)(٢) لە پەخشانەشیعردا، کێشێکی دیاریکراو دووبارە نابێتەوە، وەلێ ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەو ژانرە ڕیتمی نییە، ئاخر ڕیتمێکی ناوەکیی هەیە.

ئەحمەد ع. حیجازی کە خۆی ڕۆڵێکی گرنگی لە نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیدا وازی کردووە، لەبەر ئەوەی پەخشانەشیعر نە کێشی هەیە نە ڕێسا، نە پەخشانەشیعری پێ شیعرە و نە بنووسی ئەو ژانرە ئەدەبییەشی پێ شاعیرە. حیجازی پێی وایە، (لە زمانی شیعریی عەرەبیدا، ڕیتم زادەی کێشە و پەخشانەشیعر چونکە هیچ کێشێک ڕەچاو ناکات، ڕیتمیشی نییە،) بۆیە ئەگەر زۆر دلۆڤان بێت بەرانبەر بە پەخشانەشیعر، ئەوسا وەک شیعرێکی ناتەواو، پێناسەی دەکات، ئەگەر نا، نە بە شیعری دەزانێت و نە بە پەخشان.

بۆدلێر کە ئوستادی نووسینی پەخشانەشیعر بوو، هەم شارەزای شیعری دێرینی فەرەنسایی بوو، هەم زمانزانێکی مەزنیش بوو، کەچی لە کن ئێمە زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە شاسواری بواری نووسینی پەخشانەشیعر دەزانن، نە لە ئەدەبی دێرینی کوردیدا شارەزان و نە دەتوانن بە کوردییەکی باش بنووسن. زۆر لە پەخشانە شیعرنووسانی کورد، نەک هەر کوردییەکی جوان نازانن، بەڵکو گاڵتەشیان بەوانە دێت کە بایەخ بە زمان دەدەن و باس لە زمانی پاراو دەکەن. ئەوە سەیر نییە، کێش و سەروا بە کۆت و پێوەند بزانین و فەرامۆشیان بکەین، ئەوە سەیرە، ڕێنووس و ڕێزمانیش ڕەچاو نەکەین.

لە شیعردا ڕیتم هێندە گرنگە، بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین، شیعر زادەی گوتە و ڕیتمە، ئەوە بۆیە تەنیا ئەو شیعرانە ناخی دڵمان دەکەن بە هێلانە کە تێیاندا بایەخێکی تەواو بە دەنگی گوتەکان دراوە، ئاخر ئەوە ڕیتمە کە وزەیەکی وەها بە گوتەکان دەبەخشێت، دەیانکات بە شیعر. لە ڕوانگەی (پۆڵ ڤالیری)یەوە، ئەوە کێشە وەها دەکات، هەست بە سەمای گوتەکان بکەین. ئەوە بۆیە لە شیعردا ناتوانین وشەیەک بگۆڕین بە وشەیەکی دیکە، با هاوواتا و تەنانەت وەک ژمارەی بڕگەیش یەکسان بن.

کە خوێنەرێک چێژ لە (پەخشانەشیعر)ێک وەرناگرێت، ئایا هەڵەکە لە خوێنەرەکەوەیە کە کەسێکی کۆنەپارێزە و لەگەڵ شتی نوێدا نییە، یان کەموکووڕی لە شاعیرەکەوەیە کە توانای نووسینی شیعری نییە؟ ئایا هەمیشە شتی نوێ لە هی کۆن باشترە؟ ئایا شیعری سەردەمی سەرهەڵدانی

ئیسلام لە شیعری جاهیلی جوانتر بوو؟ ئایا شیعری حاجی قادری کۆیی لە هی خانی جوانتر بوو؟ کە خوێنەرێک ددانی خێر بە (پەخشانەشیعر)ێکدا نانێت، ئایا ئەوە زادەی ئاستنزمیی خوێنەرەکەیە، یان هی ئەوەیە (پەخشانەشیعر)ەکە، دەستی ناگاتە داوێنی شیعر؟

***

ئازادی، بێ هەڵبژاردن هیچ واتایەکی نییە، ئاخر ئێمە کاتێک هەست بە ئازادی دەکەین کە ئازادیی هەڵبژاردنمان هەبێت. ئەوە ئازادی نییە کە وابەستەی فلان ئاین بین، تەنیا لەبەرئەوەی دایک و باوکمان سەر بە هەمان ئاین بوون، ئازادی ئەوەیە بە هۆشیارییەوە ئەم یان ئەو ئاین هەڵبژێرین. لە کۆمەڵگەیەکدا دەنگی ژن عەورەت، جەستەی تەڵەی شەیتان و پرچی گوریسی ئیبلیس بێت، ژن بە کاڵفام لە قەڵەم بدرێت، ژن لە دەیان شت کە بۆ پیاو ڕەوان، بێبەش بکرێت، ژن گوێڕایەڵی پیاو بێت و تەنانەت ناچار بکرێت، لە لەشی مێردەکەشیدا هاوبەشی هەبێت، قسەکردن لە هەبوونی ئازادی، لووتکەی عەبەسە، ئاخر لە کۆمەڵگەی وەهادا، ئەوەی سەروەرە کۆیلایەتییە نەک ئازادی.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ژن ئازاد نەبێت، ئەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە، ئاخر کە ژن ئازاد نەبوو، پیاویش ئازاد نابێت، چونکە ئەو پیاوەی، ژن بە زیندانی و کۆیلە بزانێت، خۆی لەو بەندیخانەیەدا کە لە ناخی خۆیدا ڕۆی ناوە، زیندانییە و کۆیلەی دابونەریتی دێرین و ڕابردووی تاریکە. ئەو پیاوەی لەگەڵ ئازادیی ژناندا نەبێت، نە وەک خود ئازادە و نە دەتوانێت لە ئازادی سوودمەند ببێت.(٢)

٢٠٠٨/١١/٢٠

---

(١) أحمد عبدالمعطي حجازي، قصيدة النثر أو القصيدة الخرساء، كتاب دبي الثقافية (١٨) نوفمبر ٢٠٠٨

(٢) عبدة وازن، مأزق احمد عبدالمعطي حجازي ,١٧ ,١١ ٢٠٠٨ الحياة.

(٣) د. كمال أبوديب، الحرية و المراة، دبي الثقافية، ص٩١ و ٩٢ العدد ٤٢ نوفمبر ٢٠٠٨.

# گورگ لە براکانم دلۆڤانترە!

(کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا،) کتێبێکی دۆکتۆر (عەلی تاهیر بەرزنجی)یە، تازەکی بڵاو کراوەتەوە، ئەو کتێبە (لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماجیستێرە کە هەشت ساڵ بەر لە هەنووکە، پێشکەش بە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە. ل٢٢٦)[1] جێی داخە ناونیشانی کتێبەکە هەڵەیە و ئەگەرچی بە کوردی نووسراوە، وەلێ هەر دەڵێیت لە عەرەبییەوە، خراپ تەرجومە کراوە. بۆ ئەوەی وەک ڕێنووس هەڵەی تێدا نەبێت، دەبوو بنووسێت: (کاریگەریی ڕوانگە لە نوێگەریی شیعری کوردیدا،) بۆ ئەوەی ناونیشانەکە وەک داڕشتن لە کوردی بچێت، دەبوو بنووسێت: (کاریگەریی ڕوانگە بە نوێگەریی شیعری کوردییەوە.)

د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (لە شیعری کۆندا تەنیا یەکێتی سەروا پارچەکانی دەبەست بە یەکەوە. ل١٩٩) دەبوو بنووسێت: (لە شیعری کۆندا تەنیا یەکیەتیی کێش و سەروا، پارچەکانی بە یەکەوە دەبەست.) ئاخر شیعری کۆن هەر هاوسەروا نەبوو، هاوکێشیش بوو. د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (گۆران فەرهەنگێکی تازە بۆ زمان دروست دەکات. ل٢٠) بایەخی گۆران بەوەوە بەند نییە کە وشەی تازەی داهێناوە، بەوەوە بەندە کە مێتافۆری نوێی هێناوەتە نێو شیعری کوردییەوە، واتا پێوەندیی تازەی لە نێوان وشەکاندا ئەفراندووە.

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ، بگرین،
(ئاڵتوونی دار) ئەڕژێ بگرین.

(ئاڵتوون)ی (دار) کە بە مانای گەڵای زەرد دێت، دوو وشەی کۆنن، گۆران

پێوەندییەکی تازەی لە نێوانیاندا داهێناوە.

د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (بابەتە کۆنەکان بەرەو پاشگەزبوونەوە دەڕۆیشتن، پیاهەڵدان و غەزەل و تەسەووف و دڵداری ڕووی لە کزی دەکرد. ل٣٠) پاشگەزبوونەوە، بۆ ئەو جێیە هەڵەیە، پاشەکشێ، دروستە. ڕووی هەڵەیە، ڕوویان، ڕاستە. (سووڕانەوە لە بازنەیەکی داخراودا.) هەموو بازنەیەک هەر داخراوە، بازنەی بۆش، دروستە کە ئەویش هەر وەرگێڕانێکی هەڵەیە لە (حلقة مفرغة)ی عەرەبییەوە.

لەژێر کەشیی شارەکەما،
لەژێر مێزەری گەورەیا،
لەناو قوببەی منارەیا،
ڕۆژێ هەزار بەچکەڕێویی چاوزیت ئەزێن،
ڕۆژێ هەزار، ڕۆژێ ملوێن،
سوێند و بەڵێن،
بە تەنافی بەنگەخوێنی ئابڕوویەوە
هەڵئەواسرێن. ل١٢٢

لەو شیعرەی شێرکۆ بێکەسدا کە لە ڕوانگەی نووسەری کتێبەکەوە، نموونەی بالآی یاخیبوونە بە ڕووی دەسەڵاتی ئاینداا، بۆ ڕاگرتنی سەروا، ملیۆن کراوە بە ملوێن! ئایا یاخیبوون، شێواندنی زمانە؟ جارانی زوو گەر شاعیرێک شتی وای کردبا، دەیانگوت: (ئەوەی بۆ شاعیر دەلوێت، بۆ کەسی دیکە نالوێت.) ئەمە وێڕای ئەوەی بەنگەخوێن، هەڵەیە، بەندەخوێن، دروستە.

زۆر جار زمانی لێکۆڵینەوەکەی د. عەلی تاهیر بەرزنجی لە زمانی ئینشایەکی لاواز دەچێت، وەک نموونە: (وشەکانی ئەم دەقە شیعرە، ڕەنگدانەوەیەکی مێژوویی پڕ کارەسات و قەتماغەی برینی نەتەوەیەکن. ل١٤٢) کارەسات ئەوەیە برین هەر تەڕ بێت، ئاخر کە قەتماغەی بەست، ئیدی کارەساتەکە لەبیر دەچێتەوە. یان دەنووسێت: (ئەندێشەی هۆنراوەی کۆن،

کەفێ بوو بەسەر دەریای خەیاڵێکی تیژەوە. بیری شاعیر هەردەم لەسەر دوو باڵی ئەم خەیاڵەدا هەمیشە لە گەشتوگوزاردا بووە.... ل٣٢) ئایا ئەو زمانە هی ئینشـانووسـینە یان هی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی؟ ئایا ئەو (هەردەم و هەمیشە)یە، یەکێکیان زیاد نییە؟

د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (ئەفسانە جیهانییەکان لە شیعری شاعیرانی پێش حەفتادا ڕەنگیان نەداوەتەوە. ل١٤٣) ئەدی ئەوە نییە گۆران دەوروبەری چارەکـە سـەدەیەک پێش سـەرهەڵدانی ڕوانگە لە هۆنراوەی (بەستەی دڵدار)دا دەبێژێت:

ئەی گەورەکچی (زەووس!)

خوشکە جوانەکەی (ڤێنووس!)

د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (ئەنوەر قادر جاف لە شیعری تاتانیای شـەنگدا، پەنای بردووەتە بەر ڕووداوێک و وەک دەمـامک بەکـاری هێناوە. ل١٥٢) ئەوەی وەک دەمامک بەکار دەهێنرێت ڕووداو نییە، کەسایەتییەکە، لە بابەتی ئۆلیس، سیزیف، یوسف یان پرۆمیتیۆس. ئەوەی لە نێوان یوسف و براکانیدا ڕووی دا، ناکرێتە دەمـامک، ئەوە یوسـفە وەک دەمامک هانای بۆ دەبرێت و شـاعیر لەودیو مـاسکی یوسـفەوە، باس لە خەم و خولیای خۆی دەکات، ئەها مەحموود دەرویش لەودیو دەمامکی یوسفەوە دەڵێت:

(باوکە من یوسفم،

باوکە براکانم خۆشیان ناوێم،

باوکە نایانەوێ لە نێوانیاندا بم،

سووکایەتیم پێ دەکەن و بەر بەرد و جنێوم دەدەن،

دەخوازن بمرم تا ستایشم بکەن،

باوکە دەرگەی ماڵەکەتیان بە ڕوودا داخستم،

لە کێڵگە دەریان کردم،

ترێکەمیان ژاراوی کرد و لیستۆکەکانمیان(*) شکاند.

که شەماڵ گەمەی بە قژم کرد،
ئێرەییان پێ بردم و بە گژمدا هاتن و بە ڕووی تۆیشدا هەڵشاخان.
من چیم لەوان کردووە باوکە؟
پەپوولەکان لەسەر شانم نیشتنەوە،
گوڵەگەنمەکان بەسەرمدا نووشتانەوە و مەلان بەسەر دەستمدا هەڵفڕین.
من چیم کردووە باوکە؟
بۆچی من؟
تۆ ناوت نام یوسف و ئەوان خستمیانە بیرەکەوە و بەسەر گورگیاندا هێنا.
گورگ لە براکانم دلۆڤانترە باوکە،
مافی کەسم پێشێل کرد کە گوتم:
یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی، کوڕنووشیان بۆ بردم!)(٢)

لایەنێکی لاوازی دیکەی کتێبەکەی د. عەلی ئەوەیە هەندێک جار، شیعری عەرەبی بە نموونە هێناوەتەوە، بێ ئەوەی بیانکات بە کوردی! ئەمە بۆیە کەلێنە، چونکە خوێنەری کوردی باکوور و خۆرهەڵات عەرەبی نازانن، تەنانەت بەشێکی گرنگی کوردی باشووریش لە عەرەبی تێناگەن. ئەوە ڕێسایەکی دێرینی کاری زانستییە، تۆ کە پێویستت بە دێڕێک یان زێتری بە زمانی بێگانە نووسراو هەبوو، دەبێت بیکەیت بە کوردییەکی جوان، ئەوسا بۆ ناو لێکۆڵینەوەکەتی بگوێزیتەوە.

(شتی گرنگ لە شیعری نوێدا ئەوەیە کە دیار نییە، ئەوەیە کە دەبێت خوێنەر لەودیو تەمومژەوە بۆی بگەڕێت، ئەو وشانەیە کە شاعیر نەیدرکاندوون. هەموو شیعرێک داهێنانێکی هونەریی نوێیە، بۆیە شتێکی سروشتییە تەمومژاوی بێت و جیاواز بێت لە واقیع. هەندێک جار تەمومژ ڕەنگدانەوەی پێوەندیی شپرزەی نێوان شاعیر و کۆمەڵە، یان دەرئەنجامی ناکۆکیی نێوان شاعیر و دەسەڵاتە. دەشێت ترسیش شاعیر ناچاری پەنابردنە بەر تەمومژ بکات. ئەوە کاری ڕەخنەگرە ڤیزەی پەڕینەوە بۆ وڵاتی

خـوێنەر لە پاسـپـۆڕتی شـیـعر بدات. شـیـعری نوێ نەوتی خـاوە، ڕەخنەگـر پاڵاوگەیە. ل ١٧٥)

د. عـــەلی تـاهیــــر بەرزنجـی تـەواوی ئەو پـەرەگـــرافـــەی ســـەرەوەی لـە لێکۆڵینـەوەیەکی منەوە کە سەبارەت بە شـیعری ڕەفیق سـابیر نووسـیـومـە و ســـاڵی ١٩٩٨ بە دوو بەش لە گـــۆڤـــاری (ڕامـــان)دا بـڵاو بووەتـەوە، بۆ نـاو کتێبەکەی گوێزاوەتەوە، بێ ئەوەی دەسـتپاکانە ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکات! من کە ئەو پەرەگرافەم لە باسێکی (د. عەبدولسـەلام ئەلمەسـەدی)یەوە هێناوە، کـردوومـە بە کوردییەک کـە لە کـوردیی خـۆم دەچێت و بۆ نووسـینەکـەم لێی سـوودمـەند بووم، بە دروسـتـی ئـامـاژەم بە ژێدەرەکـەی کـردووە،[٤] کـەچی د. عـەلی لەبری ئەوەی سـەرنجی خـوێنەر بۆ نووسـینەکـەی مـن ڕابکێـشـێت، ئاماژەی بۆ سەرچاوە ئۆرگیناڵەکە ( باسەکەی د. عەبدولسەلام ئەلمەسەدی)[٣] کردووە، کـە هیچ گومـانم لەوە نییـە، نەیدیتـووە! ئەمـەیش وێڕای فریودانی د. دڵشاد عەلی کە سەرپەرشتیی (نامەکەی) کردووە، تەفرەدانی بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی و تەواوی خوێنەرانیشە.

٢٠٠٨/٧/١٢

---

(١) دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٢) محمود درويش، ورد أقل، ص ٧٧ دار توبقال للنشر، ط ٢ الدار البيضاء ١٩٩٠

(٣) د. عبدالسلام المسدي، شعرنا العربي المعاصر والزمن المضاد، ص ٢٧ فصول، المجلد الرابع عشر، صيف ١٩٩٧ القاهرة.

(٤) حەمەسەعید حەسەن، قوڵپی پێکەنین، ل٧ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(*) لیستۆک: کەرەسەی یاری.

# له ژن به ژنەوه بۆ ژن به بزن

ئەو سەعاتەی پێکەوه بین
کورته هێندەی هەناسەیه،
ئەو چرکەیەی له یەک دوور بین
درێژتره له هەفتەیه.

ناوبانگی ئوم کەلسووم و به نەمریی مانەوەی گۆرانییەکانی، هەر لەبەر ئەوه نییه که ئەو خانمه خاوەنی دەنگێکی خۆش بوو، تەنیا له سۆنگەی ئەوەوه نییه که ئاوازدانەرانی گەوره، هاوکارییان لەگەڵدا دەکرد، به هۆی ئەوەیشەوەیه که سەلیقەی ئەوەی هەبوو، جوانترین تێکست بۆ گۆرانییەکانی هەڵبژێرێت. ئەو بەهۆی (ئەحمەد ڕامی)ی شاعیرەوه، ئاشنایەتیی لەگەڵ شیعردا پەیدا کردبوو، ئەوه بۆیه شیعری بالای خەیام، ئەحمەد شەوقی و مەحموود بەیرەم تونسیی دەچڕی.

جێی داخه به دەگمەن گۆرانیبێژێکی کورد هەیه، شیعرناسیش بێت. سترانبێژانی کورد له بواری هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانیدا، هێنده دەستوپێ سپین، تا ئاستی بێسەوادی. ئەوانەشی خەریکی دانانی ئاوازن، که دێنه سەر هەڵبژاردنی دەق، له گۆرانیبێژەکان کۆڵەوارترن و ژەنیارەکانیش پێ دەچێت، کوردی نەزانن، ئەگەر نا پێیان شەرم دەبوو، مۆزیک بۆ ئەو قسه پووچانه بژەنن.

لووتکەی کارەسات ئەوەیه، هەندێک گۆرانیبێژ له بواری کەمسەلیقەییدا، ڕیکۆردیان تۆمار کردووه، کاتێک هاتوون لەبری شیعر، جنێویان کردووه به گۆرانی! دەقی گۆرانی که دەبێت له وشەی جوان و ناسک پێک هاتبێت، بووه

بە جوێن و گۆرانیبێژیش کە پێویستە کەسێک بێت خاوەنی سەلیقەیەکی هونەریی ورد و زەوقێکی باڵا، خەریکی شەڕەجنێوە! گۆرانیبێژێکی عێراقی هەیە، ناوی حیسام ڕەسسامە، چونکە گۆرانیی وای هەیە، پڕە لە وشەی ناشیرینی بازاڕی، پێی دەڵێن: حیسام شەتتام کە دەبێتە حیسام جنێودەر. حیسام ڕەسسام لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا شتێکی وەها بە خۆشەویستەکەی دەڵێت:

نەفرەت لەو ڕۆژەی تۆم تێدا ناسی،

ئاخر زەبرێکت لێ دام،

هیچ (پڕوپووچ)ێک لە کەسی نادات.(*)

ئێمەیش گۆرانیبێژێکی لاومان هەیە، ناوی (گۆران ساڵح)ە لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا، کە بە کلیپیش کراوە و زوو زوویش نیشان دەدرێت، دەڵێت:

من عاشقم،

تۆ خۆفرۆش!

بە ڕاست جنێو هەیە لە (خۆفرۆش) قورستر؟ خۆفرۆش کەسێکە ناپاکیی لە میللەت و لە نیشتمان کردبێت، ئایا کەسێک ناپاکیی لە گەل و لە وڵات کردبێت، شیاوی ئەوەیە گۆرانیی بۆ بڵێین؟ تۆ بڵێیت مەبەستی لە خۆفرۆش، لەشفرۆش بێت؟ قەت بووە، عاشقێک جنێوی لە بابەتی لەشفرۆش بە خۆشەویستەکەی بدات؟ کە هونەرمەندێکی پۆستمۆدێرن بە خۆشەویستەکەی بڵێت: خۆفرۆش، ئیدی دەبێت ئەوەمان بە لاوە سەیر نەبێت، کاتێک عەزیز وەیسی کە هونەرمەندێکی میللییە، بە یارەکەی دەڵێت:

ئەو گەردنە زەردەت بێنە!

ماچ و دینار بستێنە.

چونکە دینار بێ بەهایە، چونکە خۆشەویستی لە ڕوانگەی ئەو جۆرە گۆرانیبێژانەوە، کالایە، چونکە گۆرانییەکان بازاڕیین و بەردەوام نرخی کالاکانیش لە بازاڕدا لە بەرزبوونەوەدان، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت لە ئایندەدا،

لەبری مــاچ و دینار، بیکات بە: (مــاچ و گــەڵا!) ئاخـر گــەڵایەک ســەد دۆلارە. عــەزیز وەیسی لە (بازاڕی ئەوین)دا، درێژە بە ســەودا دەدات و ئەمــجــارەیان دەڵێت:

بە چەندی؟ گوڵێ بە چەندی؟

قوربانت بێ، بزنەکەم!

کــەواتە لە کن ئەو هونەرمــەندە مــیللییــە، کــە بەردەوامــە لەســەر ســەودا و مــامــەڵە، کــە ڕاســتــەوخۆ و بە ڕاشکاوی، وەک خــەریکی کـڕینی هــەر کــاڵایەک بێت، دەپرســێت: بە چــەندی؟ ژنێک بــەهای بزنێکی هــەیە، ئەگــەر نا خــۆی بە قـــوربانی دەکـــرد نەک بزنەکـــەی، بزنەکـــەیش هــەر بــایی گـــەڵایەک دەبێت. ئەوەیشیان کە دەڵێت:

بێوەژنە، دەستی دووە

دوو هەفتە مێردی کردووە.

هــەر پاتەکــردنــەوەی ئەوەیە کــە ژن لە کن عــەزیز وەیسی، ئینســان نیــیــە، کــاڵایە، ئاخـر دەسـتـی دوو بۆ کــاڵا دەبێت. وەک چۆن کــاڵا ئەگــەر بۆ مــاوەیەکی کــەم کــەڵکی لێ وەرگــیـرابێت، زۆر لە نرخـــەکــەی دادەبەزێت، لای وەیسی ژنیش وەک هــەر کــاڵایەکی دیکــە، ئەگــەر بۆ مــاوەیەکی کــەم لە کن پیــاوێک بــووبێت، هێندە لە نرخـی کەم نابێتەوە و هــەر پارەیەکی باش دەکات! (خـوایە ئاگر لەو کــەناڵانــە بەردەیت کــە گــۆرانیــیــەکــانی عــەزەی وەیســە بڵاو دەکــەنەوە!) ئەوە دووعــای مــەلا (ت)ی هــەڵەبجــەیە لە گوتاری نوێژی هــەینیدا کە بە دەنگی خــۆی لــە کن نــووســـــــــەری ئــەم بــاســـــــــە هــەیــە و هــانــدەرێکــە بــۆ ئــەوەی بــە کــەمـوکـووڕییــەکــانیشــیــیــەوە، ڕێز لە عــەزیز وەیسی بگرین کە بە گــۆرانیــیــە شادەکانی، دڵی لاوانی کورد خۆش دەکات و دەیانهێنێتە سەما.

خــوێندکــارانی دواناوەنــدییــەکــانی وڵاتــانی ســکــەندەناڤــیــا، لەســــەر ئــەوە ڕاهاتوون، ســاڵانــە ڕۆژێک، لە ڕێگــەی کــارکــردنــەوە، پارە کــۆ بکــەنــەوە و بۆ وڵاتانی هــەژاری ڕەوانە بکــەن. ســاڵێکیــان ســێ کــیژی دانمــارکی، لە ســەنتــەری

کۆپنهاگندا، به مەبەستی خڕکردنەوەی کۆمەک بۆ وڵاتێکی هەژار، هەر یەکی تابلۆیەک کە لێی نووسراوە: ماچێک بە (١٠) کرۆن، کە دەکاتە دوو دۆلارێک، بە دەستەوە دەگرن و بەو جۆرە بە دوو سەعاتێک، بڕێکی باش پارە کۆ دەکەنەوە. یەکێک لەو کچانە، دواتر گوتبووی: بە داخەوە هیچ کام لە کۆمەکبەخشەکان، کوڕی گەنج نەبوون، هەموویان ژن و پیاوی پیر بوون کە دەستیان دەگوشین و ماچیان دەکردین.(**)

ئەوەیش جێی سەرنجە کە ئەو میعری: (من عاشقم، تۆ خۆفرۆش)ە، هی هونەرمەندی دەنگخۆش (هەردی سەلاح)ە! کە سەد بریا نەینووسیبا. گۆرانیبێژانی ئێمە (تاکوتەرایەکیان نەبێت) نەک هەر نازانن شیعر بنووسن، بەڵکو توانای هەڵبژاردنی هۆنراوەیشیان نییە، ئاوازدانەران و ژەنیارانیشمان سەلیقەی ناسینی شیعریان نییە، وەلێ کێشەکە هەر هێندە نییە، ئەوەیشە کە لە تیڤی و ڕادیۆکانیشدا شتێک نییە ناوی فیلتەر بێت، کەسێک نییە، هەست بە جیاوازیی نێوان جوێن و وشەی جوان بکات، ئەوە بۆیە بەردەوام گوێمان لە جنێوەگۆرانی دەبێت.

(عەشق کەوشی لە پێستی ڕووی ئێوەی ڕووڕەش لە پێ کرد،

ئێوە دۆڕان،

وەکو دوو سەرشۆڕ.)

هەر لەو جنێوەمیعرەدا، وێڕای کەوش، ڕووڕەش، لە پێ کردن، دۆڕاو و سەرشۆڕ، هەم (ناپاکی) هەیە و هەم (خیانەت)یش!

حەزرەتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەفەرموێت:

چەرمی ڕووی هێند قایمە، شمشێری میسری نایبڕێ

گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ، تا قیامەت نادڕێ.

تۆ لەوەی گەڕێ جنێوەمیعرەکە، دووبارەکردنەوەی هەجووەشیعرەکەی شێخ ڕەزایە، سکانداڵ ئەوەیە، بڵند عەبدوڵڵای دەنگبێژ، لەبری ئەوەی شیعرێکی ڕۆمانتیک بکات بە ستران، هاتووە ئەو وشانەی کە لە جنێو بترازێت هیچی

دیکە نین، بە گۆرانی گوتووە!

خالید دلێر یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی وێڕای ئەوەی دەنگی خۆشە، ناسکترین شیعری گۆرانی دەنووسێت و جوانترین ئاوازیشی بۆ دادەنێت. ڕەفیق چالاک کە خاوەنی دەنگێکی نەمرە، باڵاترین شیعری دەکرد بە گۆرانی. هەنووکە زۆربەی ئەوانەی گوایە شیعری بە کێش و سەروا بۆ گۆرانی دەنووسن، نە هیچ دەربارەی کێش و سەروا دەزانن، نە توانای نووسینی ڕستەیەکی شیعرییان هەیە، نە دەزانن وێنەی شیعری بەری چ دارێکە! هەیانە دەیان شیعری بە گۆرانی گوتراون، کەچی نەک هەر توانای نووسینی دێڕەشیعرێکی نییە، بەڵکو تەنانەت توانای نووسینەوەی شیعری شاعیرێکیشی نییە.

٢٨/ ٠١/ ٢٠٠٩

---

(*) عبدالجبار العتابي، كلمات الأغاني العراقية تحت المجهر ٢٢ أكتوبر ٢٠٠٨ إيلاف.
(**) ضياء حميو، تضامن طلابي وقبلة بدولارين ٢٤ يناير ٢٠٠٩ إيلاف.

# دەقی دێرین و لێکدانەوەی نوێ

*ڕۆمان تاکە کتێبی گەشە دەربارەی ژیان،*
*ئەوە ڕۆمانە کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی زیندوویەکی مردوو نەبین و*
*لێ ناگەڕێت لە ناو گەردەلوولیشدا، هاوسەنگی لە دەست بدەین.*
(داڤید هەربێرت لۆرێنس ١٨٨٥ – ١٩٣٠)

بەیانیان
ئاونگ، لە پرشنگی خۆر، بە ئاگا دێ،
گوڵ، لە لەرەی باڵی پەپوولە،
باخ، لە جریوە،
بەختەوەر کەسێکە،
بەیانیان لە ماچی یار، بەئاگا دێ.(*)

داهێنەر کەسێکە هەرگیز لەگەڵ جەللاددا کۆک نابێت و یەکێک لە ئەرکەکانی قسەکردنە لە کاتی پێویستدا و هەر کە ویستی قسەی خۆی بکات، بێ ئەوەی چاوەڕێی مۆڵەتی کەس بێت، دەیکات. داهێنەر ئەوە خۆیەتی، خۆی خولْقاندووە، نە بەرهەمی هیچ بڕیارێکە، نە زادەی هیچ دەسەڵاتێک. داهێنەر نووسەرێکی دەستڕەنگینی ئاسایی نییە، لەوانەی بەسەر هونەری نووسیندا زاڵن و بەس، بەڵکو بەردەوام بە داهێنانی نوێ، خوێنەران سەرسام دەکات و ئیشەکانی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گوتوبێژ. نیچە دەڵێت: (مانەوەی خود، هەوێنی هەموو بیروبۆچوون، کردەوە و ویستێکە،) ئەوە بۆیە نووسەریش، لە پێناوی بە زیندوویی هێشتنەوەی خۆیدا دەنووسێت، یان لای کەم وەک شەهرەزاد، چۆن لە پێناوی درێژەدان بە ژیانی خۆیدا، درێژەی بە گێڕانەوەی

چیرۆک دەدا، نووسەریش لە پێناوی دواخستنی مەرگی خۆیدا دەنووسێت.

من بۆیە نەمــردووم، چونکە هێــشــتــا نە وازم لە نووسین هێناوە، نە دەستبەرداری خۆشەویستی بووم. من چونکە ئینسانم، شتێکی سەیر نییە، بکەومە ناو گۆمی هەڵەوە، ئاخر مەگەر تەنیا زاتی خودا لە هەڵە بەدوور بێت. من چونکە بە ناوی خۆمەوە دەدوێم و داوام لە کەس نەکردووە وەک من بیر بکاتەوە و لافی ئەوەم لێ نەداوە کە حەقیقەتم لە کنە، بۆیە ئەوەی دەینووسم، ئەگەر هیچ کەڵکیشی نەبێت، ئەوا زیانی بۆ کەس نابێت. لای من نووسینی بەکەڵک، نووسینێکە چێژ بە خوێنەر ببەخشێت و بۆ بیرکردنەوە هانی بدات. کارەسات ئەوە نییە، من بە ناوی خۆمەوە بدوێم و هەڵە بکەم، ئەوە کارەساتە کەسێک لە پێناوی بەدەستهێنانی هەندێک قازانجی دنیاییدا، بە ناوی ئاینەوە بپەیڤێت و بیروڕای خۆی وەکو دەقی پیرۆز، بەسەر ئەم و ئەوداساغ بکاتەوە. تەنانەت ئەو زانا بەناوبانگانەیشی دەقە پیرۆزەکانیان لێک داوەتەوە، چونکە ئینسان بوون، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە، کەم یان زۆر هەڵەیان کردبێت، بۆیە ئەوەی گوتوویانە پیرۆز نییە و مشتومڕ هەڵدەگرێت.

خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەوانەی بە ناوی ئاینەوە و ئەوانەی بە ناوی حیزبەوە دەدوێن، ئەوەیە هەردوو لایان ڕووی دەمیان لە میللەتە. جێی داخە نزیکەی هەمیشە ئەو دوو لایەنە، وەک دەستوپێوەندی خۆیان لە خەڵک دەڕوانن. جیاوازیی نێوان نووسەر و ئەوانەی سەرقاڵی سیاسەتن، ئیدی سەر بە بزووتنەوەیەکی ئاینی بن یان نا، ئەوەیە نووسەر ڕووی دەمی لە جەماوەر نییە، بۆ تاک دەدوێت و خەباتی بۆ ئەوەیە، تاک هەست بە هەبوونی خۆی، وەک هاووڵاتییەک بکات. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە کولتووری دیموکراسی زاڵە، تەنانەت ڕووی دەمی سیاسەتوانانیش هەر لە تاکە نەک لە تیرە، نەک لەوانەی سەر بەم یان ئەو ئاین یان ئاینزان، ئاخر ئەوە تاکەکانی کۆمەڵن، نەک عەشیرەت یان شەریعەت، ئەم حیزب بە کورسیی دەسەڵات شاد دەکەن و ئەوی دیکە بەرەو سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن بەڕێ دەکەن.

ئایا بەوەی ئێمەی کورد، توند توند وابەستەی کەلەپوور بین، بە

داهاتوویەکی گەش شاد دەبین؟ ئەگەر وەڵام بەڵێیە، ئەدی ئەوە چییە وای کردووە، عەرەبستان کە گرێدراوی کەلەپوورە، لە هیچ ڕوویەکەوە، هێندە پێش نەکەوتووە، شیاوی ئەوە بێت کوردستان خەوی پێوە ببینێت؟ ئایا بە پشتبەستن بە کاروانی کولتوورێکی دێرین، دەگەینە هەواری کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن؟ کۆمەڵگەیەک تێیدا دیمۆکراسی، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، تەنیا سێ چەمک نەبن، بەڵکو بە کردەوە پێڕەو بکرێن.
هەرچەندە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، هەژارانی قورەیش، بە سەنگەری ئیسلامەوە پێوەست دەبوون و یەکەمین بانگدەری ئیسلام، کۆیلەیەکی ڕەشپێست بوو، وەلێ دواتر شۆڕشی قەرمەتییەکان و ڕابوونی زنجییەکان، زادەی ئەو زوڵمە بوون کە لە هەژاران دەکرا.

(کۆیلەی تۆم و
میری هەموو عاشقانم.)

هەرچەندە لە ئیسلامدا هەندێک هەوڵ لە قازانجی کۆیلە هەیە، وەلێ تێکستێک نییە، بە ڕاشکاوی داوای قەدەغەکردن و بە حەرام ناسینی کۆیلایەتی بکات. هەرچەندە دەقێک نییە، کۆیلەڕاگرتنی حەرام کردبێت، کەچی لەمێژە لە ئیسلامستاندا کۆیلایەتی هەڵوەشاوەتەوە. هەرچەندە تێکستێک هەیە کە دز بە بڕینی دەست سزا دەدات، کەچی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب، ئەو سزایەی ڕاگرت. کەواتە زانایانی ئیسلام گەر بخوازن، دەتوانن لێکدانەوەی نوێ بۆ دەقی دێرین بکەن، ئاخر یەکێک لە خەسڵەتەکانی دەق ئەوەیە، زێتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت و لێکدانەوەیەکیش لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێت، ڕۆڵی لە گەشەسەندنی کۆمەڵدا دەبێت، ئاخر توند خۆبەستنەوە بە دەقەوە، گیرخواردنە لە زینداندا و لێکدانەوەی نوێ، هەوڵدانە بەرەو ئازادی. نابێت بە گوێی (هیگڵ) بکەین کە دەیگوت: (ئەوی واقیعی بێت، عەقڵانیشە.) ئاخر ئەگەر گوێڕایەڵی وی بین، لە جێی خۆماندا گیر دەخۆین، دەبێت خەون بە ئایندەی گەشەوە ببینین و گوێ لە (ڤیکتۆر هوگۆ ١٨٠٢ – ١٨٨٥) بگرین کە دەیگوت: (ئەوە خەونەکانمانە کە شێوەی ژیانی داهاتوومان دیاری دەکات.)

لەسەر دیواری زیندانەکەی
وێنەی پەنجەرەیەک دەکێشێ
کە سەججانەکە ناتوانێ دایبخا،
لەو پەنجەرەیەوە
هەم ئاسمانی شین دیارە و
هەم خۆری گەش
کە سەججانەکە ناتوانێ بیانبینێ.(**)

هونەر ئەوە نییە، باس لە جیاوازییەکانی نێوانمان بکەین، ئەوە هونەرە بە دوای خاڵە هاوبەشەکانی نێوانماندا بگەڕێین. عەلمانیبوون کە بۆ ئەوە سەری هەڵداوە، لێ نەگەڕێت ئاین ببێت بە کوتەکێک بە دەست دەسەڵاتی نادێموکراتەوە، با بەوە تۆمەتباری نەکەین کە بۆ دژایەتیکردنی ئاین هاتووەتە ئاراوە. ئەگەر ئازادیی تاکمان مەبەست بێت، نابێت لێ گەڕێین ئاین سەر بە حیزب یان دەزگای دەوڵەت بێت. ئەوە ئاساییە و هیچ مەترسییەکی نییە مزگەوت سەربەخۆ بێت، ئەوە مەترسیدارە مزگەوت ببێتە بەشێک لە حیزبێک یان دەوڵەتێک. بە ئاوابوونی خۆری پێوەندییە فیوداڵییەکان، ئیدی ئەوەیش بوو بە بەشێک لە ڕابردوو کە ئاین لە ڕاژەی دەسەڵاتدا بێت و گەڕانەوە بۆ ئەو کولتوورە، گەڕانەوەیە بۆ چاخە تاریکەکان.

وەک چۆن نابێت هیچ ئیدیۆلۆگییەکمان لە واقیع پێ گرنگتر بێت، هەر وایش نابێت واقیع فەرامۆش بکەین و دەقێکی دێرین بکەین بە پێوانە، ئاخر بە هێند نەگرتنی واقیع، هەرگیز ئەنجامی باشی نابێت، چونکە هەمیشە ژیان لە دەق جوانتر و واقیع لە فیکر دەوڵەمەندترە، ئەوە بۆیە ئەوانەی دنیا لە گۆڕاندا دەبینن، بایەخ بە گیانی دەق دەدەن نەک جەستەی. زانای مۆدێرن خۆی لە بەردەم دەقە دێرینەکاندا بە کەساس نابینێت، لێیان ورد دەبێتەوە، خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەکات و هەوڵ دەدات لەگەڵ دنیای تازەدا بیانگونجێنێت، ئاخر ئەگەر وا نەکات، لە لاساییکەرەوەیەک زێتر، هیچی دیکە نییە، مێژوویش تەنیا ناوی ئەوانە تۆمار دەکات کە ڕێی نوێ دەدۆزنەوە، نەک هی ئەوانەی شوێنپێی نەوەکانی پێش خۆیان هەڵدەگرن.

داهێنەران ئەوانە نیین کە مل بۆ فیکری باو نەوی دەکەن، ئەوانەن کە بە گژ فیکری زاڵدا دەچنەوە. داهێنەر وەک چۆن نابێتە کۆیلەی کەلەپوور، لە بەردەم فیکری لە دوورەوە هاتوویشدا ناچەمێتەوە. داهێنەر کەسێک نییە واقیع لەبەر چاو نەگرێت و خۆی بە هەندێک تێکستی دێرین یان لە دوورەوە هاتووەوە سەرقاڵ بکات. ئەوەی نەیتوانی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی کەلەپوور و ڕێبازە فیکرییە نوێیەکانیش بدات، با خۆی پێ داهێنەر نەبێت. داهێنەر کەسێک نییە لە زیندانی کەلەپووردا بەند بێت، یان تەنیا لە هەوڵی ئارایشتکردنی کەلەپووردا بێت، داهێنەر کەسێک نییە، کەلەپوور بە قەد و نوێکردنەوە بە لق بزانێت. (ئەو کولتوورەی هەوڵی خۆ نوێکردنەوە نەدات، هێدی هێدی توانای ژیان و مانەوە لە دەست دەدات و پێی ناکرێت بە گژ ئەو کولتوورانەدا بچێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندان.)(***)

ئەلتاهیر بن جەللون لە ڕۆمانی (ئەرزوحاڵنووس)دا دەڵێت: (هەندێک پێیان وایە، کەسێکی تێکدەرم، تۆوی گومان دەوەشێنم، خەڵک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و تەنانەت بۆ یاخیبوونیش هان دەدەم. هەندێک پێیان وایە، گۆمی هێمنیی ئەم شارە داخراوە کە ڕێزێکی زۆر لە شتە جێگیر و دێرینەکان دەگرێت و حەزی لە گۆڕانی هیچ شتێک نییە، دەشڵەقێنم. بەڵێ من وام و ئەو شتە خراپانەیش کە بە دزییەوە دەکرێن، ئاشکرا دەکەم.)(****) جیاوازیی لە نێوان نووسەر و ئەرزوحاڵنووسدا ئەوەیە، یەکەمیان وا دەنووسێت کە خودی خۆی لێی دەخوازێت، وەلێ دووەمیان لەسەر خواستی خەڵک دەنووسێت.

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٩/٢/٢٧

---

(*) زادەی ئاوێزانبوونە لەگەڵ تێکستێکی (حسێن دەرویش)دا.

(**) عەبدە وازن، کۆشیعری حياة معطلة.

(***) زهير الخالدي، حسن حنفي فيلسوف التراث والتجديد.

(****) الطاهر بن جلون، الكاتب العمومي، ترجمة: علي پاشا، ص١١١ ورد للطباعة ١٩٩٨ دمشق.

## له قه‌ڵه‌می نووسه‌رانه‌وه بۆ خوێنی شه‌هیدان

ئه‌و گوته‌یه زۆر دروسته که ده‌ڵێت: (هه‌ر چی قه‌ده‌غه بکرێت، خوازیاری زێتر ده‌بێت.)(*) بۆ نموونه، منێک که خۆم به خوێنه‌رێکی چالاک ده‌زانم، نه ناوی کتێبی (جه‌هاله‌تی ئیسلام و دنیای هاوچه‌رخ)م ژنه‌وتبوو، نه ناوی (ئارام ڕه‌شید)ی نووسه‌ری، وه‌ڵێ که به گوێره‌ی بڕیاری دادوه‌ر، ئه‌و کتێبه قه‌ده‌غه کرا و داوا له وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری کرا له بازاڕدا کۆی بکاته‌وه، ئیدی سه‌رێکم له بازاڕ دا، به ئاسانی کتێبه‌ی قه‌ده‌غه‌کراوم په‌یدا کرد و به تامه‌زرۆییه‌وه خوێندمه‌وه. قه‌ده‌غه‌کردنی ئه‌و کتێبه، بووه هۆی ئه‌وه‌ی هه‌م بالآی نرخه‌که‌ی بڵند ببێته‌وه و هه‌م دره‌ختی ژماره‌ی خوێنه‌رانیشی ڕوو له هه‌ڵکشان بکات. که‌واته نه‌یارانی ئه‌و کتێبه، قازانجێکی زۆریان به نووسه‌ره‌که‌ی و به‌وانه‌ی بازرگانیی پێوه ده‌که‌ن، گه‌یاند، وه‌ڵێ پریشکی زیان ته‌نیا به‌ر گیرفانی خوێنه‌رانی کتێبه‌که که‌وت. ئه‌و نوسخه‌یه‌ی کتێبه‌که که له کن منه، چاپی سێیه‌مه که ساڵی ٢٠٠٨ بڵاو کراوه‌ته‌وه، هه‌رچه‌نده نووسه‌ر ساڵی ١٩٩٦ له نووسینی کتێبه‌که‌ی بووه‌ته‌وه و ساڵێک دواتریش پێشه‌کیی بۆ نووسراوه، که‌چی چاپی یه‌که‌می له ساڵی ٢٠٠١ دا بڵاو بووه‌ته‌وه، که‌واته ئه‌و کتێبه حه‌وت ساڵ بوو چاپی یه‌که‌می بڵاو کرابووه‌وه، من ناویم نه‌بیستبوو، له ماوه‌ی ئه‌و حه‌وت ساڵه‌دا، سێ جار چاپ کرابوو، سه‌رنجی منی ڕانه‌کێشابوو، وه‌ڵێ که قه‌ده‌غه کرا، هه‌م به وردی خوێندمه‌وه و هه‌م ئه‌وه‌تا به‌ڕێزه‌وه له سه‌ریشی ده‌نووسم، ئیدی ناهه‌قمه بڵێم، نه‌یارانی کتێبه‌که، خزمه‌تیان به کتێبه‌که کرد و ناوبانگییان بۆ نووسه‌ره‌که‌ی په‌یدا کرد.

هه‌ندێک (نووسه‌ر) هه‌ن، چونکه نه مه‌عریفه شک ده‌به‌ن، نه خاوه‌نی هیچ سه‌رمایه‌یه‌کی مه‌عنه‌وین، تا ترسی ئه‌وه‌یان هه‌بێت له ده‌ستی بده‌ن، هه‌وڵ

دەدەن لە ڕێی وروژاندنی سکاندالْ و زڕاندنی ناوی خەڵکەوە، یان بە هۆی سووکایەتیکردن بە ئاینی ئیسلامەوە، ناوبانگ پەیدا بکەن، بەڵام ئەو جۆرە (نووسەرانە) ناوبانگ پەیدا ناکەن، ناویان دەزڕێت. ئارام ڕەشید کە ناوێکی خوازراوە، لەو کەسانە نییە کە کورد گوتەنی: (بەو ئومێدەی ناویان بکەوێتە سەر زاران، لە ڕێی کانی دەڕین،) بەڵکو وەک بە کتێبەکەیەوە دیارە، کەسێکە هەم خاوەنی پەیامە و هەم بۆ بەدەستخستنی مەعریفە خۆی ماندوو کردووە.

ئەوە مافی هەر کەسێکە ئەو پەیامەی ئارام ڕەشید پەسەند نەکات، بەڵام ئەوە ناهەقییە ئەگەر بەوە تۆمەتباری بکەین کە مەبەستی لە نووسینی کتێبی (جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ،) بریندارکردنی هەستی موسڵمانان و سووکایەتی بە ئیسلام کردن بووە. من گەلەک ڕەخنەم لەو کتێبە هەیە، یەکەمین رەخنەم لە ناونیشانە زێدە زبرەکەیەتی. ئاینێک کە نزیکەی پازدە سەدە بڕ بکات و دەوروبەری ملیاردێک ئینسان، کەم تا زۆر بڕوایان پێی هەبێت و پێڕەوی بکەن، ئایا ئەوە ڕاستە بەو بیانووەی زادەی جەهلە، سووک و باریک ڕەتی بکەینەوە؟ نووسەر نەدەبوو پێش خوێنەر بکەوێت و ئیسلام لە (جەهل)دا کۆ بکاتەوە، دەبوو لێ بگەڕێت خوێنەر کتێبەکە کە نزیکەی چوارسەد لاپەڕەیەک دەبێت، بخوێنێتەوە و حوکمی خۆی بدات. ئەوە ڕێز لە ئاوەزی خوێنەر گرتنە، بواری بۆ بڕەخسێنین خۆی دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبەکە دەبێتەوە، بە سەرئەنجامێک بگات، نەک بێین هەر لە بەرگەوە، مەبەستی خۆمانی بە شێوەیەکی زەق و زبر، بۆ دیاری بکەین.

من نازانم ئەوانە کێن داوایان لەسەر کتێبەکە تۆمار کردووە، ئەوەیش نازانم دادوەر بە پاساوی چی کتێبەکەی قەدەغە کردووە، وەلێ ئەوە دەزانم کتێبەکە بە گشتی بە زمانێک نووسراوە کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا باوە و هەقبوو نەیارانی، لەبری داوا لەسەر تۆمارکردن، دیالۆگیان لەگەڵ نووسەرەکەیدا کردبا. ئەو (نووسەران)ەی غەیری قسەی درێو، هیچی دیکەیان پێ نییە و وای بۆ دەچن ئەوە دەکەوێتە خانەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە، پەلاماری ئەم و ئەو یان ئاین بدەن، جێی خۆیەتی لە ڕێی دادگاوە، سنووریان

بۆ دەستنیشان بکرێت، تا تێبگەن زڕاندنی ناوی خەڵکی و بریندارکردنی هەستی پێڕەوکەرانی ئەم یان ئەو ئاین، لەژێر ئاسمانی بەرینی ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا جێیان نابێتەوە.

وا باوە نووسەر داوا لە کەسێک دەکات پێشەکی بۆ کتێبەکەی بنووسێت کە لە خۆی زاناتر بێت. ئارام ڕەشید ئەو ڕێسایەی ڕەچاو نەکردووە و ئەو ئەرکەی بە کەسێکی لە بواری ئیسلامناسیدا دەستوپێ سپی سپاردووە. ئەوە چییە وای لە نووسەر کردووە، داوا لە (ڕێبوار ئەحمەد) بکات، پێشەکی بۆ کتێبەکەی بنووسێت؟ پێم وایە تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوەیە، پلەی پێشەکینووس لە حیزبدا لە هی نووسەر بالاترە. دەشێت ناونیشانی کتێبەکەیش، پێشنیاری پێشەکینووس بووبێت، ئەگەر نا هێندە زبر و زەق نەدەبوو، ئاخر پێشەکینووس لە ناوەڕاستی سالانی نەوەددا، لە گوتارێکدا بە ناونیشانی: (ئیسلامییەکان پەیامی کۆیلایەتی و ئیغتیسابی ژنان ڕادەگەیەنن،) گەلەک ناتۆرەی دزێوی وەپاڵ موسڵمانان، مەلایان و تەنانەت پەیامبەری ئیسلامیش دابوو. پێشەکینووس بەو باسەی جێی بە ئیسلامییە توندڕۆکان لێژ نەکرد، دۆستی بۆ پەیدا کردن و تەنانەت هانیشی دان، دوو هاوڕێی: (شاپوور و قابیل) تیرۆر بکەن و خوێنیشیان بە فیڕۆ بڕوات، ئاخر هێشتا ساغ نەبووەتەوە، بکوژانی ئەو دوو قوربانییە، کێ بوون. دەزانم ئیسلامییە توندڕۆکان بە هیچ لێکدانەوەیەکی نوێ، با بە نیانترین زمانیش نووسرابێت، قایل نابن، وەلێ ئەو هەڵوێستە چەوتەی وان، نابێت تۆێژەرەوە بۆ هانابردن بۆ زمانی زبر هان بدات.

پێشەکینووس دەڵێت: (دین لە ئەمڕۆدا بەشێکە لە هەوڵ و تەقەلای بۆرژوازی بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگەی چینایەتی و موڵکایەتی تایبەتی و قانوونمەندیی سەرمایە.)(**)

دەشێت چینی فیودال ئاینی وەک بەشێکی گرنگ لە ئیدیۆلۆگیی خۆی وەگەڕ خستبێت، وەلێ چینی بۆرژوا پێویستی بە ئاین نییە و تاقە (ئاین)ێک بڕوای پێی هەبێت (سەرمایە)یە. لەمێژە ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە ولاتانی

سەرمایەداریدا عەلمانییە، ئاین بووە بە بەشێک لە کەلەپوور و کڵێسا ئەگەر لە ڕاژەی هەژاراندا نەبێت، لای کەم زیانی بۆیان نییە. ئەو بۆچوونەی پێشەکینووس بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دروستە، ئەو سەردەمەی نە ڕێنیسانس سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو، نە شۆڕشی پیشەسازی، نە بۆرژوا بە دەسەڵات شاد بووبوو، نە کۆمەڵگەی سەرمایەداری چێ بووبوو. جێی سەرنجە نووسەری کتێبەکەیش بە هەمان هەڵەدا چووە.

یەکێکی دیکە لە هەڵە زەقەکانی کتێبەکە ئەوەیە، ئەگەر کتێبەکە بکەین بە دە بەشەوە، نزیکەی نۆ بەشی پێشەوەی، پێوەندیی بە ناونیشانەکەیەوە نییە! بێجگە لەو لاپەڕانەی بۆ دەستنیشانکردنی پەراوێز و سەرچاوەکان تەرخان کراون، کتێبەکە ٣٤٣ سێسەد و چل و سێ لاپەڕەیە کەچی نووسەر لە لاپەڕە ٣٠٧ سێسەد و حەوتدا، دێتە سەر کرۆکی باسەکەی کە وەڵامدانەوەی پرسیاری: ئایا ئیسلام زانستە یان جەهل و خورافەیە؟ بۆ نموونە، ئایا ڕوانینی ئیسلام بۆ ناکۆکیی چینایەتی، کۆیلە یان ژن کە سێ بابەتی کتێبەکەن، هیچ لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکەدا کۆیان دەکاتەوە؟ ئایا (ناسیخ و مەنسووخ) کە فەسڵی چوارەمی کتێبەکەیە، هیچ پێوەندیی بە زانست و دنیای هاوچەرخەوە هەیە؟

بە گوێرەی ئایەتی سێی سوورەتی بەقەرە، ڕووی زاری قورئان لەوانەیە کە (بڕوایان بە نادیار هەیە، الذین یؤمنون بالغیب،) کەواتە ئایا خوێندنەوەی قورئان لەبەر ڕۆشنایی زانستدا، جا ئیدی پێت وابێت لەگەڵ زانستدا کۆکە یان ناکۆک، ناکەوێتە خانەی (چەلەحانێ)وە؟ ئاین کە زێتر لەگەڵ ڕۆحدا خەریکە نەک لەگەڵ ماددە، ئاین کە بە پێی لێکدانەوەی مارکس، (تێڕوانینێکی میللییە بۆ گەردوون،) نەک تێڕوانینێکی زانستی، کەواتە ئایا ورووژاندنی پرسیاری لە بابەتی: ئایا ئیسلام زانستە یان خورافە؟ لە لایەن کەسێکی مەتریالیست و مارکسیستەوە، کارێکی بەجێیە؟

ئارام ڕەشید دەڵێت: ( هەینی بە لای ئیسلامەوە، وەک یەکشەممەی جووەکان وایە. ل٥٣) شەممە، (سەبات)(***) ڕۆژی پشوودانە لای جووەکان،

ئاخر سەبات وشەیەکی عیبرییە و بە مانای پشوودان دێت. نووسەر چونکە مانای (ئیلاف)ی بۆ لێک نەدراوەتەوە، ئەوەی لە سوورەتی قورەیشدا هاتووە، (لإیلاف قریش،) بە هەڵە وشەکەی خستووەتە ڕستەوە، ئەوەتا دەنووسێت: (خاوەن ئیلاف،) یان دەڵێت: (هاشم ئیلافی لە بازرگانەکان وەردەگرت. ل٨٩) خۆ ئیلاف باج و سەرانە نییە، تا هاشم لە بازرگانەکانی وەربگرێت! ئیلاف لە (ئولفەت)ەوە هاتووە و بە مانای هۆگربوون و خوو پێوە گرتن دێت. هەژار (ئیلاف)ی بە پێکەوە مانەوە لێک داوەتەوە،(****) کە هەرچەندە نزیکی کردووەتەوە، وەلێ بە تەواوی نەیپێکاوە.

ئارام ڕەشید کە بۆ نووسینی کتێبەکەی سوودی لە سەد و چل ژێدەر وەرگرتووە، گەلێک زانیاریی پوخت و دروستی دەربارەی سەرهەڵدانی ئاین بە گشتی و ئاینی ئیسلام بە تایبەتی کۆ کردووەتەوە و بە پێچەوانەی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانییەوە کە بە کوردییەکی لاواز دەنووسن، بە کوردییەکی جوان پێشکەشی خوێنەری کردووە کە بە هەق شیاوی دەستخۆشی لێ کردنە. پێشنیاری من بۆ نووسەر ئەوەیە، ئەگەر کتێبەکەی دیسان چاپ کردەوە، ناونیشانەکەی بگۆڕێت، پێشەکییەکەی لا بدات، بە دوا بەشیدا بچێتەوە و شێوازی نووسینەکەیشی کە لە چەند جێیەکی کەمدا، ڕاستەوخۆییەکی پێوە دیارە کە لە هەڵچوونەوە نزیکە، هێور بکاتەوە.(*****)

٢٠٠٨/٨/٢١

---

(*) کل ممنوع مرغوب.

(**) ئارام ڕەشید، جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ، ل١٦ چاپی سێیەم ٢٠٠٨ (نە ناوی چاپخانەی لەسەرە، نە شوێنی چاپ.)

(***) sabbath

(****) هەژار، قورئانی پیرۆز، ل٦٠٢

(*****) بۆ نموونە لە کێشەی (غەرانیق)دا، نووسەر دەپرسێت: (چۆن شەیتان ئەو کەتنەی بە محەممەد دا و کڵاوی لەسەر نا؟ ل٢١١) ئایا (کڵاو لەسەر نان،) زمانی توێژینەوەیە یان هی بازاڕ؟

## هەندێ ڕەخنە و گلەیی، لە یادداشتەکانی دێلێژەیی

بەرگی یەکەمی (بەشێک لە یادداشتەکانم)ی (پرۆفیسۆر دۆکتۆر ناووک!) عیززەدین مستەفا ڕەسوولم خوێندەوە،[1] هەندێک تێبینیم لە کن دروست بوو، وا دەیانخەمە بەر چاوی خوێنەران. سەرەتا لە بەرگی کتێبەکەوە، یان دروستتر لەو (پرۆفیسۆر دۆکتۆر ناووک!)ەوە دەست پێ دەکەم. کتێبەکە باسی چالاکییەکانی ناوبراو لە بواری حیزبایەتی، ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا دەکات، ئەوانە وێڕای بیرەوەرییەکانی خۆی، لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا. کەواتە نووسینی ئەو (پرۆفیسۆر دۆکتۆر ناووک!)ە کە پێوەندیی بە کاری بواری ئەکادێمییەوە هەیە، لەسەر بەرگی یادداشتەکانی، ڕەنگدانەوەی بایەخدانە بە توێکڵ و ڕووکەش. زۆرن ئەوانەی، بەراوەژوو سوود لە نازناوی دۆکتۆر وەردەگرن و بۆ شاردنەوەی کەموکوورییەک یان بۆ نیشاندانی دەسەڵات دەیخەنە گەڕ و پێیان وایە دۆکتۆر، کارگەی بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوەی زانستی، شانازی، شکۆمەندی و ڕێزە، گەرچی ڕێ دەکەوێت، ئەم یان ئەو خاوەنی دۆکتۆرا، لە ئیشوکاری ئەکادێمیدا دەرۆزەی پێ بشێت، کە عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ یەکێک نییە لەوانە.

ئەوانەی دۆکتۆرایان هەیە، تەنیا لە زانکۆدا، دۆکتۆر، یان جوانتر، مامۆستا (ئوستاد)یان پێ دەگوترێت، ئەویش لە لایەن خوێندکارەکانی خۆیانەوە، نەک لە هەموو جێیەک و لە لایەن تەواوی هاووڵاتییانەوە. تۆ ئەی هەڵگری بڕوانامەی دۆکتۆرا، تەنیا ئەو سەروەختە، دۆکتۆر یان ئوستادیت کە دەرس بە خوێندکارانی زانکۆ دەڵێیتەوە، یان سەرپەرشتی (نامە) کانیان دەکەیت، ئەگەر نا، لە دەرەوەی زانکۆ و دوور لە بواری ئەکادێمی دۆکتۆر نیت، دۆکتۆر کەسێکە، نەخۆش دەبینێت و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. جێی سەرنجە،

مامۆستایانی زانکۆ بە گشتی، کەیفیان بەو هاوولاتییانە نایەت کە بە دۆکتۆر بانگیان ناکەن! بەو هیوایەی ئوستادەکانی لای ئێمەیش دەرس لە ڕۆلان بارت، میشیل فۆکۆ، ئیدوارد سەعید، نائووم چۆمسکی و سەمۆیل هینتینگتۆن وەربگرن، ئاخر هیچ کام لەو زانایانە، نووسینیان بە (دال و خاڵ)ەوە (د.) بلاو نەدەکردەوە و ناکەنەوە.(٢)

(دەشێت هەزاران کەس و زێتریش، بەشداریی لە یانسیبێکدا بکەن، وەلێ تەنیا یەک کەس خەلاتە گەورەکەی بە نسیب دەبێت و ڕووناکییش تەنیا دەخرێتە سەر وی.) هیچ ڕۆژنامەیەک بایەخ بەوانە نادات کە بۆیان دەرنەچووە، تەنیا ئەو کەسە دەبێتە جێی بایەخ و دیمانەی لەگەڵ ساز دەکرێت کە بەخت یاوەری بووە. ئەوی شارەزای بواری نووسین بێت، ئەم ڕێسایە ڕەچاو دەکات، ئەوی فەرامۆشی بکات، نووسینی دەبێتە فرەگۆیی و درێژدادڕییەکی بێزارکەر. ئێمە ڕۆمان بنووسین یان بیرەوەری بگێڕینەوە، دەبێت لە کورتی بیبڕینەوە و تەنیا باس لە کەسایەتییە گرنگەکان بکەین و بایەخ بە ڕووداوە سەرنجڕاکێش و کاریگەرەکان بدەین، ئەگەر نا خوێنەر بێزار دەبێت و درێژە بە خوێندنەوەی نووسینەکانمان نادات. بۆ ئەوەی خوێنەر بە پەرۆشەوە بمانخوێنێتەوە، دەبێت تووشی سەرسووڕمانی بکەین و باسی شتگەلێکی بۆ بکەین کە چاوەڕێی نەکردبێت و وا بکەین ئەم کوتوپڕی بیداتە دەست ئەو سەرسووڕمان. جێی سەرنجە نووسەرێکی بەئەزموونی وەک عیززەدین مستەفا ڕەسوول ئەو ڕێسایەی کە لە کن نووسەری ڕاستەقینە، ئەلفوبێیە، لەبەر چاو نەگرتووە. (شەش کەس بە دوای نووسەرێکدا دەگەڕێن،) بەناوبانگترین شانۆنامەی (لویجی پیراندێللۆ ١٨٦٧ - ١٩٣٦)یە، یادداشتنووس بەو کەسایەتییانەی بەسەری کردوونەوە، چونکە نەیتوانیوە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بیرەوەرییەکانی بگێڕێتەوە، هێشتا کەسایەتییەکانی نێو یادداشتەکانی ، بە دوای نووسەرێکدا وێڵن، بتوانێت لە کتێبێکدا شیاوی خوێندنەوە بێت، جێیان بکاتەوە. پێ دەچێت یادداشتنووس هەستی بەم کەلێنە کردبێت، ئەوە بۆیە زوو زوو دەنووسێت: ئەگەر

ڕۆمانینووسێک هەبووایە، دەیتوانی لە ژیانی فلان کەس، جوانترین ڕۆمان بەرهەم بهێنێت.

ئەوی کتێبەکەی بۆ (د. ناووک) عیززەدین تایپ کردووە، سەرەواوێکی دەربارەی ڕێنووس لە هەناودا نەبووە، ئەوە بۆیە هەمان وشەی بە چەندان شێوەی جیاواز نووسیوەتەوە و هیچیشی سەبارەت بە خاڵبەندی نەژنەوتووە، ئەوە بۆیە بە دەگمەن نیشانەکانی خاڵبەندیی لە جێی دروستی خۆیان داناوە. ئەویشی کتێبەکەی مۆنتاژ یان دیزاین کردووە، پێ دەچێت یەکەمین جاری بێت و خۆی بە یادداشتەکانی پرۆفیسۆر عیززەدین تاقی کردبێتەوە، بۆ نموونە نەیزانیوە، پەراوێز نابێت تێکەڵ بە دەق بکرێت و پێویستە قەوارەی فۆنتەکانیشی جیاواز بێت، یان ڕاستتر بچووکتر بێت، لە هی تێکستەکە. نووسەری کتێبەکە لە ناوەڕاستی سالانی سی، سەدەی ڕابردوودا لە دایک بووە، وەلێ بە بەراورد لەگەڵ ئەم کتێبەی ویدا، کتێب ئەو وەختە جوانتر بۆ چاپ ئامادە دەکرا.

لەم کتێبەدا کارێک بە ڕێنووس کراوە، نەک با، گەردەلوولیش بە دەواری شڕی نەکردووە. پێم سەیرە پ. د. ناووک عیززەدین، (ولات، ورد، وشە و وتم،) بە ( وولات، وورد، ووشە و ووتم) بە دوو (واو) بنووسێت، بە مەرجێک هیچ وشەیەک نییە لە کوردیدا بە دوو (و) دەست پێ بکات. د. پ. ن عیززەدین چەندان جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وەرگێڕێکی زۆر باش بووە، ل٦٠ کەچی هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە، لە وەرگێڕانی تاقە دێڕێکدا، دەکەوێتە هەڵەی کوشندەوە. لەبری (لم أكن على رأس الحوادث، ولم أكن على هامشها، بل كنت في خضمها،) نووسیویەتی: (من سەرکردەی ئەو ڕووداوانە نەبووم و لە کەناریشیدا نەبووم، بەڵکوو لەناو جەرگەیدا بووم، ل١٠) کە دەبوو بنووسێت: (من نە سەرکردایەتیی ڕووداوەکانم دەکرد و نە لە پەراوێزیشیاندا بووم، بەڵکو لەناو جەرگەیاندا بووم.) یان لەبری (الفاضلة،) سەرفراز دەنووسێت ل١٦٠ کە دوو شتی تەواو جیاوازن. یان: (ما وراء الاخبار،) دەکاتە: (لە پشت هەواڵەوە، ل٢٠٣) کە دەبوو بیکاتە: (لەودیو هەواڵەکانەوە.)

د. عیـززەدین دەنووسـێت: (مـەلا حـەمدوونی شـاعیـری کوێر. ل١٧) کـوێر دەکـەوێتـە خـانەی جنێـوەوە، دەبوو (نابینا) بنووسـێت. یان دەنووسـێت: (قـوتابییـەکی تەمـەڵمان لەگـەڵدا بوو. ل٣٦) ئەوە سـووک سـەرنجدانی ئینسـانە کـە بە تەمـەڵ نـاو ببرێت. لـە سـوێد ئـەو مـامـۆسـتـایەی بە قـوتابییـەک بڵـێت: تەنبەڵ، دووچاری لێپرسـینەوە دەبێتەوە. (باری سـایکۆلۆژی و دەروونی. ل٢٤) سـایکۆ بە مـانـای دەروون دێت. ئەوەیش سـەیرە کـە چەند جـارێک لەبری (زەوینلەرزە،) (گـوومـەلەرزە ل٤١ و ل١٧٢)ی نووسـیـوە! یان دەڵێت: (دەست و دەم چوومـەوە. ل٦٦) دەمـودەست، دروسـتـە. دەنووسـێت: (وتـارێکی گـەورەی قووڵی نووسیبوو. ل٧١) گەورە و قـووڵ! دەڵێیت باسی زەریاچـەی وان دەکات! یان: (دوای ئـەو بەنگوباوانە کـەوتبـێت. ل١١٣) بەنگوباو، هەڵـەیە، بەندوباو، دروسـتـە. یان: (وتارێکی دوو زنجـیـرەییم نووسی. ل١٤٥) لەوێدا زنجـیـرە هەڵەیە، ئەڵقـە، دروستە. (نە دووکانێک، نە کۆگایـەک نەما دانەخرێت. ل١٤٩) نەمـا هەڵەیە، مـا، ڕاسـتـە. یان دەڵێت: (نە ئەندام، نە پاڵێـوراوی کۆمـیـتـەی ناوەندی نـەبوو. ل٢١٨) نەبوو لەوێدا هەڵەیە، بوو، دروسـتـە. یان دەنووسـێت: (کارەکانی بە پێی میـزاج بوو. ل٣٠٥) میـزاج عـەرەبییـە بە کـوردی دەبێتـە: خـولک. یان دەڵێت: (بە نەخۆشـییـەکی کتوپڕی درێژخـایەن کۆچی دوایی کـرد. ل٢٢٣) هیچی هاوبەش لە نێوان کوتوپڕ و درێژخایەندا نییە، کە کوتوپڕ بوو، ئیدی درێژخایەن نابێت. یان کە درێژخایەن بوو، ئیدی کوتوپڕ نابێت.

یادداشـتنووس ئـەوە بۆ فـایەق بێکـەس کـە لە ئاهـەنگی نەورۆزی ١٩٤٥دا، لە سلێمـانی بەرەو ڕووی ئەدمۆنس، شـیـعری بیست و حـەوت ساڵە دەخوێنێتەوە، بە لووتکەی بوێری لە قـەڵەم دەدات، ل١٢٦ کەچی کاتێک نووسـەری ئەم بـاسـە، لە سلێمـانی، لە کۆتـایی ئاداری ١٩٧٩ دا، لە دووەمین فێسـتیڤاڵی شیـعری کوردیدا، شیـعری (کاتێ شارە زەردەواڵە دەورووژێ) بە ڕووی بەعسییـەکاندا دەخوێنێتەوە و بە قوتابیی قوتابخـانەکەی هیتلەریان دەچوێنێت، د. عیززەدین کە ئەو سـەروەختە سـەرۆکی نووسـەران دەبێت، نەک هـەر لایەنی بنووسـی ئەم دێڕانە نـاگرێت، بەڵکو سـەرکـۆنەشی دەکـات! دەپرسم: ئایا ئینگلیـز لە چاو

بەعسدا، کۆتری ئاشتی و مەڕی پەیامبەر نەبوو؟ بە ڕاست بە گڕ بەعسدا چوونەوە، لە بە گڕ ئینگلیزدا چوونەوە، ترسناکتر و ئازایانەتر نەبوو؟

لایەنێکی گەشی کتێبەکە ئەوەیە، نووسەرەکەی کەسێکە تا بڵێیت بیرتیژ، هەموو ئەو بەسەرهاتانەشی لە بیرە کە سەردەمی ڕوودانیان، بۆ ڕۆژگارێک دەگەڕێتەوە، کە تەمەنی چوار پێنج ساڵێک بووە. بۆ نموونە، ئەوەی لە بیر ماوە کە بۆ یەکەمین جار چووەتە قوتابخانە، کام مامۆستا یەکەمین دەرسی پێ گوتووە. جێی سەرنجە هەندێک جار، هێندە خۆی بیرتیژ نیشان دەدات کە جێی بڕوا نییە، بۆ نموونە، کاتێک بێ سەرچاوە، دوو لاپەڕەیەک لە (خوتبە)یەک دەنووسێتەوە کە نیو سەدەیەک بەر لە نووسینەوەی یادداشتەکانی گوێی لێ بووە. ل١٥٠ و ١٥١ کە بۆ داکۆکیکردن لە جووتیارانی عەربەت، شیوعییەکان لە سلێمانی خۆپیشاندان دەکەن و شێخ لەتیف تەقەیان لێ دەکات، نووسەر داکۆکی لەو هەڵوێستەی شێخ دەکات، ئەوەتا دەڵێت: (شێخ لەتیفی نیوەمەست، خۆی سوێندی دەخوارد کە هەر بۆ گاڵتە و بینینی ڕاکردنی خۆپیشاندەران تەقەی بە ئاسماندا کردووە. ل١٧٥) ئەو شیعرەی (ئێریش فرید)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: (منداڵەکان بە گاڵتەوە بەردیان دەگرتە بۆقەکان، بۆقەکان بە ڕاستی دەمردن.)

٢٠٠٨/١٠/٢٧

---

(١) پرۆفیسۆر دۆکتۆر ناووک. عیززەدین مستەفا رەسووڵ، بەشێک لە یادداشتەکانم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی دەزگای حەمدی ٢٠٠٦ سلێمانی.

(٢) عبدة وازن، حرف الدال ... ذاك، الحياة ٢٠٠٨/٩/٨.

(*) هەر ڕستەیەکی نووسەرم بەسەر کردبێتەوە، ڕێنووسەکەیم بۆ ڕاست کردووەتەوە.

(**) دێلێژە کە گوندێکی زێدەجوانی دەڤەری قەرەداغە، زێدی باوک و باپیری نووسەرە.

## گرووپی یانەی ئازادی یان زوبباتی ئەحرار!

(بەهارێزان) کتێبێکە، بریتییە لە (بیروەری و بەسەرهات)ی ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ی کاکەمەم بۆتانی، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، تازەکی بڵاوی کردووەتەوە. گەرچی نووسەری کتێبەکە، چیرۆکنووسێکی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە، وەلێ لەم کتێبەیدا هیچ نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەدیب بووبێت، ئاخر زمانی نووسینی بەهارێزان، هیچ جوانتر نییە لەو زمانەی سەیید کاکە یان محەممەدی حاجی مەحموود بیرەوەرییەکانی خۆیان پێ نووسیوەتەوە، بریا کاکە مەم بۆتانی، دوای خوێندنەوەی ئەم باسەی من، دەچوو (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد) ی (کاروان عومەر کاکەسوور،) یان (ئەزموون و یاد)ی (پشکۆ نەجمەدین)ی دەخوێندەوە، بۆ ئەوەی تێگەیشتبا، ئەدیب چۆن بیرەوەری دەنووسێتەوە.

بێجگە لە زمانە زێدە لاوازەکەی، خەوشێکی گەورەی دیکەی کتێبەکە، ڕەچاونەکردنی ڕاستگۆییە، ئاخر نووسەر لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا، ئەوی بایەخی پێ نەدابێت، ڕاستگۆییە، پڕ بە دڵ بەزەییم بە خوێنەری کورددا دێتەوە، کتێبێک دەخرێتە بەردەستی، زمانەکەی هێندە پەڕپووتە، دەڵێیت بۆ ڕسواکردنی زمانی کوردی نووسراوە، ناوەڕۆکەکەیشی چونکە ڕاستییەکان ناگێڕێتەوە، هەر لە گوێزێکی پووچ دەچێت، ئایا ئەوە ڕاستگۆییە، ئۆباڵی ئەوەی محێدین زەنگەنە، بە عەرەبی دەنووسێت، بخرێتە ئەستۆی (ڕەفیقە شیوعییەکانی، گوایە ئەوان وایان پەروەردە کردووە کە سووک سەرنجی زمانی کوردی بدات؟ ل٢٩ ) یان دەڵێت: (لە نێو هەموو شیوعییەکاندا تەنیا مامە عەبدوڵڵام بڕوای بە مافی چارەنووسی کورد هەبوو. ل٦٠)

بێ زێدەگۆیی، نووسەر دەیان جار دەڵێت: (ئێواران لە یانەیەک خوانمان دەڕازاندەوە و بە دەم سەرگەرمکردنەوە یان ڕوونتر، بە دەم فڕکردنی عارەقەوە، باسی سیاسەت و ئەدەب و فەلسەفەمان دەکرد.) باسی سیاسی و ئەدەبی دوو گیانداری گوناهن، نزیکەی هەموو کۆلکە خوێندەوارێکی کورد خۆی پێیان تاقی دەکاتەوە، وەلێ فەلسەفە، بوارێکی سەختە و نە نووسەر و نە هیچ کام لە هاوخوانەکانی سەری لێ دەرناکەن، نووسەر هێندە زێدەگۆیی لە باسکردنی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی (گرووپی یانەی ئازادی)دا، کە بریتی بوون لە خۆی و هاوڕێ نزیکەکانی و لەو یانەیە پێکەوە سەریان گەرم کردووە، دەکات، خوێنەری بەستەزمان ناهەقی نییە، وای بۆ بچێت، ئەوە ئەو گرووپە بوو، شۆڕشی هەڵگیرساند، ئەوە نەک هەر جێگەی سەرنج، جێی سەرسوڕمانیشە کە ڕاپەڕین دەگاتە هەولێر، گرووپی یانەی ئازادی کە خوێنەر چاوەڕێی ئەوەیە، پێشەنگی ڕاپەڕیوان بن، کەچی ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواڵ نییە، کە هاوینی ١٩٨٣ بەعس بارزانییەکان قەلاچۆ دەکات، نووسەر خەمی ئەوەیەتی، (هەزاران ژنی گەنج و کچی عازەب، بێ چاوسوورکەرەوە دەمێننەوە. ل٧٥) لە ڕوانگەی (کاکەمەم بۆتانی)یەوە کە خۆی بە چەپڕۆ دەزانێت، دەبێت هەمیشە پیاوێک هەبێت، چاو لەژن سوور بکاتەوە، ئەگەر نا بە لاڕێدا دەڕوات.

نووسەری کتێبەکە بە درێژایی ساڵانی هەشتای سەدەی پێشوو (خۆی لە کۆڕ و کۆبوونەکان دەشارێتەوە ل٢٧) و هیچیش بڵاو ناکاتەوە، کەچی ئەم دوورەپەرێزییە بۆ خۆی بە بوێریی لە قەڵەم دەدات، گەرچی ئەوە جۆرێکە لە چۆڵکردنی سەنگەر. ئەوە لە کن من ئاساییە، نووسەرێک لە ترسی زەبری بەعسی دڕندە خۆی کەنار بگرێت، ئەوە سەیرە، ئەو خۆ بزرکردنە بە بەرەنگاربوونەوە نێوزەد بکرێت، نووسەر دەڵێت: (گەر دەپرسن، تۆیەکی خاوەن هەڵوێست، چۆن بەر شالاوی گرتن و سزا نەکەوتی؟ دەڵێم: لەبەر ئەوە من بە ساڵدا چووبووم. ل٥٣) ئەگەر بەعس تەمەنی ڕەچاو کردبا، (شاکیر فەتاح ١٩١٤ – ١٩٨٨)ی حەفتا و چوار ساڵەی تیرۆر نەدەکرد.

جێی داخە، ئەوە جێی مشتومڕ نییە، هەر پیاوێک مەی زۆر بخواتەوە، دوو شتی لاواز دەبێت، یەکێکیان ( زاکیرە)یە و ئەوی دیکەشیان نزیکەی هەر لەو پیتانە پێک دێت کە (زاکیرە)ی لێ پێک هاتووە. ئەوی بیرەوەری بنووسێتەوە، دەبێت خاوەنی یادەوەرییەکی بەهێز بێت، ئەگەر نا دەکەوێتە هەڵەوە و شوێن و کاتی ڕووداوەکان تێکەڵ دەکات، نووسەر دەڵێت: (هاوینی ١٩٧٨ سەرم لە شام دا، من لە کن نەوشیروان مستەفا و عومەر دەبابە بووم کە هەواڵی کوشتنی عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالیدیان پێ گەییشت. ل٤١) یان دەڵێت: (کۆتاییی ساڵی ١٩٨٤ سەردانی بارەگای یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانم کرد کە لە (مەرگە) بوو، ئەنوەر شاکەلی لەوێ بوو. ل٧٨) بە مەرجێک نەوشیروان مستەفا هاوینی ١٩٧٧ بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە و ١٩٧٨ لە قەندیل بووە، ( ئەنوەر شاکەلی)یش ئەو سەروەختە لە سوێد بووە.

زمانی نووسینی کتێبەکە بە گشتی وێرانە، بۆ نموونە: مەبەستی لە (نووسەری سەر چاپ، ل٤٣) (کاتب طابعە)یە. یان دەنووسێت: (کارەبایان تاقەی شەمسی بوو. ل٩٠) تاقە، وزەیە، شەمس، خۆرە و تاقەی شەمسی دەبێتە: وزەی خۆرەکی. یان: ( مەوادی سحی. ل٩٧) کە کەرەستەی تەندروستییە. یان: (نامورتاحی، ل١٣٥) کە ( نیگەرانی)یە. (بەعسیەکان شەهیدیانکرد و مەیتەکەیان لەژێر پردێ فڕێدا. ل٤٤) دەبوو وای بنووسێت: (بەعسییەکان شەهیدیان کرد و مەیتەکەیان لەژێر پردێکدا فڕێ دا.) بەڵام بۆئەوەی ڕستەکە هەر وەک ڕێنووس نا، لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاست بێت، دەبوو بنووسێت: (بەعسییەکان کوشتیان و تەرمەکەیان لەژێر پردێکدا فڕێ دا.) بەعسییەکان کەسانی شۆڕشگێڕ شەهید ناکەن، دەیکوژن، ئەوە ئێمەین نازناوی شەهیدی پێ دەبەخشین. مەیت، وشەیەکی زۆر دزێوە، تەرم جوانترە، پردێ، هەڵەیە، پردێکدا، ڕاستە، فڕێ دا، پێکەوە نانووسرێت، نووسەر بۆ تەرمەکەی (تۆفیق وەهبی)یش هەر (مەیت) بەکار دەهێنێت، هەندێک لە سیاسەتکاران کە دەنووسن، داوا لە ئەدیبێک دەکەن بە سەر زمانەکەیاندا بچێتەوە، کاکەمەم ئەدیبە و زمانەکەی لە هی سیاسەتوانان لاوازترە!

(بۆیە دوای ئاداری ١٩٧٠ شەڕی قورس لە نێوان دوو باڵەکەی پارتیدا ڕووی نەدا، چونکە مەلا مستەفا و کاک برایم ئەحمەد، ژیر و خاوەن ئەزموون بوون. ل٤٦) وەلێ ڕاستییەکەی بۆیە شەڕ ڕووی نەدا، چونکە بارزانی لە باڵی برایم ئەحمەد خۆش بوو، ئەوەم زۆر پێ سەیرە کە ناوی سیاسەتکارە کوردە بەعسییەکان دەهێنێت، پێیان دەڵێت: (بەڕێزان، ل٥١) کەچی ئەو شکۆیە بە سیاسەتکارە کوردە پاکەکان ڕەوا نابینێت، بە نووسەرە کوردە بەعسییەکانیش دەڵێت: (بەڕێزان، ل٥٣ ) کەچی ئەو گوڵە لە یەخەی ئەو نووسەرە کوردانە نادات کە بە گژ بەعسدا دەچوونەوە! نازانم ئەوە چییە وای کردووە، بەعسییەکان بەڕێز بن و غەیرە بەعسییەکان نا؟ (مەلا مستەفای بارزانی و عومەر دەبابەی سەرکردە. ل١٣٠) ئایا ئەوە لووتکەی کۆمیدیا نییە، لە ڕستەیەکدا کە بارزانی و عومەر دەبابە هەبن، دووەمیان سەرکردە بێت و یەکەمیان نا!

کە بەعس هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی نووسەرانی کورد دەدات، نووسەر نەک هەر بە گژ ئەو هەوڵەدا ناچێتەوە، بەڵکو تەنانەت ئامادەی ئەو کۆبوونەوانەیش نابێت کە بۆ ئەو مەبەستە ساز دەکرێن، ل٥٢ ئەمە لە کاتێکدا، چەندان نووسەر لە کۆبوونەوەکاندا ڕاستەوخۆ دژ بە نیازی بەعس هەڵوێست دەنوێنن، بێ پێچوپەنا ڕازی دڵی خۆیان دەدرکێنن و هێندە شۆڕشگێڕانە ڕەخنە لە بەعس دەگرن، تووشی شۆکی دەکەن، سەیرە کەسێک خۆی گوتەنی (بەردەوام باسی فەلسەفەی بۆ نووسەران کردبێت و هانی دابن نیشتمانپەروەریی خۆیان نەدۆڕێنن، ل١٠٨) کەچی سەروەختی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری، لە شوێنی پێویست ئامادە نەبووبێت. (ویستمان ڕێکخراوێکی نهێنی بۆ نووسەران دروست بکەین، وەلێ سەری نەگرت، ئاخر کەس ئامادە نەبوو کارێک بکات، سزاکەی لە سێدارەدان بێت. ل٧١) ڕاستە بەعس دڕندە بوو، وەلێ ئاخۆ کۆتایی حەفتاکان یان سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر ئەندامبوون لە ڕێکخراوی نهێنیی نووسەراندا، خەڵکی لە سێدارە دەدا؟ کە ڕێکخراوەکە دروست نەبووە، ئیدی

نووسەر چی بۆ مێژوو تۆمار دەکات؟

نووسەر کە دێتە سەر باسی پێشمەرگە، نزیکەی هەمیشە بە هەڵەدا دەچێت، ئەوەتا دەنووسێت: (ساڵی ١٩٨٣ بارەگای بەتالیۆن لە بینای قوتابخانەکەی ‹خەتێ›دا بوو. ل٦٧) هیچ هێزێکی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان ناوی بەتالیۆن نەبووە، ئەو سەروەختە کەرت و تیپ و مەڵبەند هەبوون، بەتالیۆن هی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بوو. سەروەختی ئەنفال کە بەعس هێرش بۆ سەرگەڵوو دەبات، یەکیەتی شەڕێک دەکات کە بە درێژایی مێژووی خۆی، شەڕی لەوە قورستری نەکردووە، کەچی نووسەر دەڵێت: (مەفرەزەکانی یەکیەتی بە قوونەشەڕ خۆیان دەرباز کرد. ل١٠٢) مەفرەزە، چەند پێشمەرگەیەکە، لەو شەڕەدا، هەزاران پێشمەرگە بەشدارییان کرد و سەدان شەهید درا. ئەو شەڕە، شەڕی بەرەیی بوو، نەک قوونەشەڕ! سەیرە کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات، (هەمیشە بە هانای پێشمەرگەوە چووبێت. ل١٠١) کەچی هێندە لێیان بێ خەبەر بێت.

هەر یەکێک لە ئێمە کە چووینە ساڵەوە، با ساڵانێکی دوورودرێژ، نووسەرێکی چاکیش بووبین، پێویستمان بە دڵسۆزێک هەیە، ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆیمان دەربارەی نووسینەکانمان پێ بڵێت و وەئاگامان بهێنێتەوە. ئەگەر کاکەمەم بۆتانی دڵسۆزێکی شک بردبا، پێی دەگوت، بە بڵاوبوونەوەی (بەهارێزان) مێژووی ئەدەبیت بریندار دەبێت و ئەو وێنە جوانەی بە هۆی هەندێک لە چیرۆکەکانی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە، لای خوێنەر بۆ خۆت نەخشاندووە، دەشێوێت.

٢٠٠٨/١٠/٢٥

---

- ضباط الاحرار: ئەفسەرانی ئازادیخواز.
- کاکەمەم بۆتانی: بەهارێزان ( بیرەوەری و بەسەرهات، ساڵانی ١٩٧٥ ـ ١٩٩١) لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ٢٠٠٨ سلێمانی.
- سوودم لە هەر ڕستەیەکی نووسەر وەرگرتبێت، زمانەکەیم بۆ ڕاست کردووەتەوە.

## له پێناوی جوان ڕاگرتنی زمانی کوردیدا

هەموو شیعرێکی جوان دوو شیعرە، ئەوی دووەمیان زمانەکەیەتی

تزڤـێـتـان تۆدۆرۆڤ کـە لە ١٩٣٩ دا لە سـۆفـیـا چـاوی بە ژیاندا هەڵێناوە، لە ١٩٦٣ەوە لە فەرەنسا دەژی، نووسـەر نییە، بیرمەند و تەنانەت فەیلەسووفیشـە، لە بوارەکـانی مـێـژووی فـیکر، تیـۆریی ئەدەب و دیرۆکی کـولتـووردا بەرهەمی گرنگی هەیە و تا هەنووکە بیست و یەک کتێبی بڵاو کردووەتەوە. لای عـەرەب هەم نووسـەر هەیە و هەم مـوئەلیـفـیش، هەمـوو موئەلیـفـێک نووسـەرە، وەلێ هەموو نووسـەرێک موئەلیف نییە. نووسـەر کەسێکە تەنیا توانای نووسینەوەی ڕووداوەکانی هەیە، بەڵام موئەلیف، کەسێکی داهێنەری خەیاڵفراوانە، توانای داهێنانی دنیـای تازەی هـەیە و وەک نەجـیب مـەحـفـووز سـەدان کـارەکـتـەر دەخوڵقێنێت.

کـە ژێرار دو نێـرڤـال درامـای (فـاوست) دەکـاتە فـەرەنسـایی و گـۆتە دەیخـوێنێـتەوە، هێندە پێی سەرسـام دەبێت، دەڵێت: وەرگێڕانەکەی نێرڤال ئەوەندە لە ئۆرگیناڵەکەی من جـوانتـرە، ئیدی نـاخـوازم فـاوست بە ئەڵمـانی بخـوێنمـەوە. خـوێنەر کـە سـەرنجی یەکـەمین بابەتی، ژمـارە (٦٣)ی گـۆڤـاری نەوشـەفـەق دەدات، سەرەتا وا دەزانێت، باسی (ئێمە و ئەوانی دیکە) بەرهەمی (کـەریم دەشـتی)ی شـاعـیـرە، ئاخـر بە نـاو و بە وێنـەی خـۆیـەوە بڵاوی کـردووەتەوە، کـەچی پاش هـەڵدانەوەی پێنج پـەڕە کـە دەکـاتە دە لاپـەڕە، لە پەراوێزدا نووسـراوە: (ئەم نووسینە هـی تودوروفـە، هـەر چیم لێ بە باش زانـی، کردم بە کوردی و شتە زیادەکانیشم لێ وەدەر نا.)(*)

ئەو بلیمەتە ناوی تودوروف نییـە، (تۆدۆرۆڤ)ی ناوە و بیرمەندێکە لە ئاستی

(ڕۆمان یاکۆبسۆن و ڕۆلاند بارت)دا، تەنانەت ئەگەر نووسەرێکی ناوداریش نەبێت، کەس مافی ئەوەی نییە، بێ مۆڵەتی خۆی، کلک و گوێی تێکستێکی بکات و (چاک)ی لە عەرەبییەوە بکات بە کوردی و (خراپ)ی لێ وەدەر نێت! ناوی (تۆدۆرۆڤ) لە حەوت حەرف پێک هاتووە، ئاخۆ وەرگێڕی کورد، مافی ئەوەی هەیە، چواریان بە هەڵە بنووسێت؟ بە مەرجێک هیچ کام لە حەرفەکانی ناوی تۆدۆرۆڤ بە ئەلفوبێی کوردی نامۆ نین! لە ئەورووپا هیچ وەشانخانەیەک، بێ مۆڵەتی نووسەری ئۆرگیناڵ، کتێبێکی وەرگێڕدراو بلاو ناکاتەوە، با وەرگێڕ بەوپەڕی دەستپاکیشەوە، تێکستەکەی وەرگێڕابێت. ئەمە بێجگە لەوەی ناوی وەرگێڕ بە وردی لە ناوەوە دەنووسرێت. من نووسینی تۆدۆرۆڤم هەم بە عەرەبی و هەم بە سوێدییش خوێندووەتەوە و لێی تێگەییشتووم و وەک سەرچاوەیش کەڵکم لێ وەرگرتووە، وەلێ وەرگێڕانەکەی کەریم دەشتی هێندە سەرپێییە، خوێنەر نزیکەی هیچی لێ حاڵیی نابێت و دەشێت گریانیشی بۆ تۆدۆرۆڤ بێت.

(وەرزێک لە دۆزەخدا) بەرهەمێکی ناوداری ڕامبۆیە، بە مانای وەرزێک لەناو دۆزەخدا، دێت، کەچی کە کەریم دەشتیی شاعیر لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، هەر لە ناونیشانی نامیلکەکەوە سەرکەوتوو نەبووە، ئاخر لەبری ئەوەی بنووسێت: وەرزێک لە دۆزەخدا، یان: وەرزێک لەناو دۆزەخدا، نووسیویەتی: وەرزێک لە دۆزەخ!(**) جیاوازیی نێوان وەرزێک لە دۆزەخ و وەرزێک لە دۆزەخدا، تەواو وەک جیاوازیی نێوان ژنێک لە ئاگر و ژنێک لە ئاگردا وایە، کە یەکەمیان بە مانای ژنێکی گەرموگوڕ و دووەمیشیان بە مانای ژنێکی کڵۆڵ و لێقەوماو دێت.

کەریم دەشتی خەریکی لە فارسییەوە وەرگێڕانی ڕۆمانی (دایک)ی (پێرڵ باک)ە (١٨٩٢ - ١٩٧٣) کە لە ١٩٣٤ دا خەڵاتی نۆبێڵی لە ئەدەبدا وەرگرتووە، وەلێ وا پێ دەچێت، غەدر لەو ڕۆمانە بکات، ئاخر ئەوەتا نووسیویەتی: (ژنێکی میهرەبان و نازەنین بوو، ڕووخسارێکی خڕکەلانە و کەسکوونی هەبوو،)(***) کەسکوون، بۆ باسکردنی بۆنی توند و تیژ دەست دەدات، نەک بۆ

ڕوخساری ژنێکی میهرەبان و نازەنین. یان: (کورسییەکی هەڵگرت و بە سەریا ڕۆ نیشت.) لە سەری بۆ ئەو جێیە دروستە. یان: (پیرێژن کەوتە دەنگەوە و گوتی.) هاتە دەنگ، ڕاستە. وەرگێڕان بریتییە لە ڕۆنانی پرد لە نێوان دوو کولتووردا، هەقە ئەو شاعیرەی توانای ڕۆنانی ئەو پردەی نییە، توخنی وەرگێڕان نەکەوێت، ئەگەر نا، مێژووی ئەدەبیی خۆی بریندار دەکات، ئاخر مەرج نییە هەموو شاعیرێک لە بواری گەمەی وەرگێڕانیشدا، یاریزانێکی لێهاتوو بێت.

ڕۆژ هەڵەبجەیی دەڵێت:

بەڵام کە دەگەیتە دوا ئۆرگازم،

ژووانم زاخاو ئەدەی،

بە نهێنی کاتژمێر لە سێدارە دەدەی.(****)

دوا، هەڵەیە، لووتکەی، دروستە. زاخاو ئەدەی، هەڵەیە، زاخاو ئەدەیتەوە، دروستە، ئەمانە وێڕای ئەوەی، ناکرێت لە ڕستەی یەکەمدا، کرداری ڕانەبردوو بە (ئە) و لە ڕستەی دووەمدا بە (دە) بنووسین. یان: (من لەم سەری تەنیاییەوە دەگەمە ئەو سەری تەنهایی. ل٧٢) ئاخۆ ئەوە دەکرێت لە هەمان ڕستەدا، تەنیایی بە دوو شێوە بنووسین؟

(کەچی نەوتوانی بگەڕێیتەوە،

کەچی نەوتوانی تا سەر عاشق بی. ل٥)

نەوتوانی، زۆر لۆکاڵییە، نەتتوانی، دروستە. یان دەڵێت:

(نەیتوانی گوێ لە چرکەچرکی دڵێک بگرێ. ل٧) چرکەچرک، بۆ ئامێر دەست دەدات نەک بۆ دڵ.

دڵشاد عەبدوڵلا کە ڕامانێکی نزیک لە فەلسەفە لە شیعریدا هەیە، دەڵێت:

(ئەوەی هەیەتی داویەتییە پێشەخۆی.)(*****)

داویەتییە، لەسەر زار زۆر ناخۆشە و ڕیتمی دێڕەکەشی شێواندووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کردار دەبێت بکەوێتە کۆتایی ڕستەوە. پێشەخۆی، ناوچەییە،

وا جوانتربوو، بڵێت: ئەوەی هەیەتی وەپێش خۆی داوە.

هەروەها دەڵێت:

لە جیهانێکدا کە توندوتیژی ڕکێفی کردووە

هێمنترین شەقامی بە ناوی خۆم ناو دەنێم. ل٢٣

دووبارەکردنەوەی ناو، لە هەمان ڕستەدا، شاعیرانە نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی (بە ناوی خۆمەوە،) دروستە، (بە ناوی خۆم) ڕاست نییە. بریا گوتبای: (ناوی خۆم لە هێمنترین شەقامی دەنێم.)

بانگی ئێوارە

کۆترەکانی سەر دیواری مزگەوتی هەڵفڕاند،

کۆنسێرتی بازاڕ

بە شەققەی باڵیان تەواو بوو. ل ١٦

بەو چەند وشە کەمە، بە زمانێکی ستانداردی پاراوی تژی لە موزیک، دڵشاد عەبدوڵڵا وێنەیەکی شیعریی چەند جوانی کێشاوە، وێنەیەک کە تێیدا چاومان لە فڕینی کۆتر و گوێمان لە شەقەقەی باڵی دەبێت. ئەوێک کە توانای نووسینی بە زمانێکی ڕەوانی ستاندارد هەیە، هەق نەبوو بڵێت:

(تاریکیم بۆ چییە؟ لە کێی دانێم؟ ل١٠١) کویێ بۆ ئەو جێیە دروستە، کێ، بۆ کەس دەبێت نەک بۆ شوێن. دەزانم شاعیر لەوە تێدەگات، وەلێ ئەوە پێبەندبوونە بە دیالێکتی هەولێرەوە، ئەوی دووچاری ئەو تەڵزگەیە کردووە. کە (نوستووە، کردووە و دۆڕاندووە) هەبن، شاعیرێکی وەک دڵشاد عەبدوڵڵا هەرگیز نەدەبوو بنووسێت:

دنیا بێباک نوستییە،

خەو چوارچێوەی بۆ دروست کردیە،

ئەوان بە خەو جەنگیان دۆڕاندییە. ل١٤٧

لە دیوانی سارا فەقێ خدردا گەلێک ڕستەی وەها شیعری و سەرنجڕاکێش هەیە:

(ئازارێک بە کۆڵانەکانی جەستەمدا پیاسە دەکات،
غوربەتێک لە چیمەنی ڕۆحمدا پاڵ کەوتووە.)(******)

ئەوێک کە لەسەر وشەی کوردی پەکی ناکەوێت، هەق نەبوو ڕستە شیعرییەکەی ئاراگۆن بە عەرەبی بنووسێتەوە، ئاخر خۆ ئەو شاعیرە، بە فەرەنسایی نووسیویەتی نەک بە عەرەبی. باشتر وابوو لەبری: (إغلقی الأبواب و النوافذ، سأبوح بسر عظیم،) نووسیبای: (دەرگا و پەنجەرەکان دابخە! نهێنییەکی مەزن دەدرکێنم.)

مەمک لە تیرانا
بوومەلەرزەیەکە نەسرەوت،
کەچی نە کڵێسایەک بە لادا دێ،
نە منارەیەک لار دەبێتەوە،
نە لەناو دەستی سەرخۆشێکدا
پەرداخێک وردوخاش دەبێت.(*******)

یان شیعر مەنووسە، یان کە نووسیت، شتێکی جیاواز لەوەی باوە، بنووسە. قوبادی جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی جیاواز لەوەی سەروەرە دەنووسێت و زمانی هێندە خاوێنە، هەر دەڵێیت بە تریفەی مانگ پاکژی کردووەتەوە. هیچ لەوە ناچێت کۆتری شیعری ئەو لە هێلانەی دەمییەوە لە شەقەی باڵ بدات، ئاخر وشەکانی هەر لە کلّپەی ئاگرێک دەچن کە کوانوویان دڵێکی ئەویندار بێت، ئەوە بۆیە شیعرەکانی بەردەوام تووشی شۆکمان دەکەن و هانمان دەدەن لە نێوان ئەوین و قیندا، هەمیشە یەکەمیان و لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا، بەردەوام دووەمیان پەسەند بکەین.

گۆ، قوفڵی مەمکە،
کلیلەکەی، لێوە. ل٢٥٧

هەولێر ٠٦/ ٠٢/ ٢٠٠٩

(*) کەریم دەشتی، ئێمە و ئەوانی دیکە، نەوشەفەق، ژمارە ٦٣ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ ل١٤ دەزگای شەفەق، کەرکووک.

(**) ئارسەر ڕامبۆ، وەرزێک لە دۆزەخ، وەرگێڕانی کەریم دەشتی، کتێبی گیرفان ٩١ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٧ سلێمانی.

(***) پێرل باک، دایک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریم دەشتی، نووسەری نوێ. ژمارە ٤٤ ل٩٨ کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ هەولێر.

(****) ڕۆژ هەڵەبجەیی، پاییزێک بە پاڵتۆی کانوونێکەوە، ل١٠ لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان ٢٠٠٨ چاپخانەی تەوار، سلێمانی.

(*****) دڵشاد عەبدوڵڵا، گەیشتن بە ئاگر، ل١١ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(******) سارا فەقێ خدر، سروودی فڕین، ل٦٧ چاپخانەی منارە ٢٠٠٨ هەولێر.

(*******) قوبادی جەلیزادە، خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، ل٢٧ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

# زمان و شتی تریش

(خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان) ڕۆمانێکی (سەلاح عومەر)ی[*] چیرۆکنووسە، لێرەدا لە پێناوی جوان ڕاگرتنی زمانی کوردیدا، ئاورێک لەو زمانە دەدەمەوە کە پێی نووسراوە و هەندێک سەرنجی دیکەیشم هەیە کە ناکەونە خانەی هەڵسەنگاندنی زمانەوە.

(مێژووی ژیانی مرۆڤێکی پڕ نەهامەتی، ل٦) بە دروست نازانم، پێم وایە (مێژووی ژیانی پڕ نەهامەتیی مرۆڤێک،) ڕاستە. (کە هاتی پریاسکەیەک ئومێد بدە کۆڵت. ل٣٠) بدە بە کۆڵتدا، دروستە. پریاسکە، پارچەپەڕۆیەکی گچکەیە، شتێکی تێدا گرێ دەدرێت و لە پشت دەبەسترێت، بە کۆڵدا نادرێت. (برایەکی دیکەم هەبووایە، نەیدەهێشت تووشی ئەم زەلکاوە ببم، بەس ڕامکێشە ناو زۆنگاوی ڕابردووەوە. ل٢٧٦) زەلکاو و زۆنگاو یەک شت نین، دوو شتی تەواو جیاوازن، یەکەمیان شوێنێکی بۆگەنە و دووەمیان خاوێنە. زۆنگاو (هۆر)ە، ئەوەی لە باشووری عێراق هەیە و ژینگەیەکی دێرینی مرۆڤە، وەلێ زەلکاو بە مانای (حضیض) دێت. (نامەکە بە شیعرێک دەستی پێ دەکرد، بەڵام شیعرەکە بە ڕێنووسێکی جیاواز نووسرابوو. ل٤٠٦) مەبەستی لە ڕێنووس، جۆری خەت، یان دەستخەتە، گەرچی ڕێنووس، ئیملایە.

(هارمۆنی و دووفاقی) کە یەکەمیان لاتینی و دووەمیان کوردییە، کردوونی بە (هارمۆنییەت ل١١ و دووفاقییەت، ل٣١٣ کە ئەوە (گەردانێکی) (تصریف) کوردی نییە، هی عەرەبییە. (شۆرتت لەبەردایە، تەنیا یەک تیلمە ئەوێتی داپۆشیوە. ل٦٩) ئەو دەرپێ زۆر کورتە شۆرت نییە، شۆرت دەرەلینگی هەیە. (بە مایۆوە سەما دەکەم. ل٣٣١) مایۆ جلی مەلەکردنە نەک هی سەما.

(ئەفرۆدیتی جوانی. ل٦٢ و ل٧٠) کە گوتت ئەفرۆدێت، ئیدی جوانیی ناوێت،

ئاخر ئەفرۆدێت خواژنی جوانییە. (لاشەیەکی بێ گیان. ل١٠٨) چونکە هەموو لاشەیەک بێ گیانە، بۆیە کە گوتت لاشە، ئیدی بێ گیانەکەی ناوێت. یان (کەلاکی مردوو. ل٣٧٦) کە گوتت کەلاک، ئیدی مردووی ناوێت، چونکە کەلاک بێ گیانە. کەلاک کە بۆ ئاژەڵە، مردووی لەگەڵ بەکار ناهێنرێت، ئەگەر گۆشتی بخورێت، مردارەوەبوو، ئەگەر نەخورێت، تۆپیوی بۆ بەکار دێت. (چونکە شوێنی نسارە و هەتاو لێی نادا. ل٧٠) کە گوتت نسارە، ئیدی پێویستت بەوە نییە، بڵێیت هەتاو لێی نادات، ئاخر نسار شوێنێکە کە هەتاوی تێ ناکەوێت. (بەلەکی پێی. ل١١٩) کە گوتت بەلەک، ئیدی (پێ)ی ناوێت، ئاخر بەلەک دەکەوێتە نێوان پێ و ئەژنۆوە. (ئاودیوی ئەودیو ببێ. ل٢٤٢) کە گوتت ئاودیو، ئیدی ئەودیوی ناوێت.

(خاچێکی یەکتربڕ. ل٣٥٨) خاچ لە دوو هێڵ پێک دێت، یەکێکیان ستوونییە و ئەوەی دیکەیان ئاسۆیی، ئەگەر یەکیان نەبڕیبێت، خاچ پەیدا نابێت، بۆیە ئەو یەکتربڕە زیادەیە. (تەقسی قوربانییەکە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا. ل٣٦٧) تەقس کە سێرمۆنییە هەر ڕێوڕەسمە. (لە یەکێ لە شەوە دەیجوورەکانی زستانی تۆف و با و بۆران کە دنیا کشومات و مەترسی لافاو لە ئارادا بوو. ل٣٦٢) کە تۆف و با و بۆران بێت و مەترسیی لافاویش لە ئارادا بێت، ئیدی چۆن شەوێکی کشوماتە؟

(دەنگی خرینگەی لێکدانی زایەڵەیەک، سەدای دەنگی دەهات. ل٣٥٨) کە گوتت خرینگە، ئیدی دەنگی ناوێت، ئاخر خرینگە خۆی دەنگی خشڵە، زایەڵە و سەدایش هاوواتان، یەکەمیان کوردی و دووەمیان عەرەبییە، زایەڵە دەنگ نییە، دەنگدانەوەیە. (دەنگی خرینگەی لێکدانی زایەڵەیەک، سەدای دەنگی دەهات.) ڕستە نییە، وشە ڕیزکردنە. (کە لە ژوورەکە چوومە ژوورێ. ل٢٥٨) پێم کە چوومە ژوورێ یان کە چوومە ژوورەوە، ڕاستن. ئەو ڕستەیە پێویستی بە (لە ژوورەکە،) نییە. (جگە لە تۆ نەبێ، هیچ کەسێکم شک نەدەبرد. ل١٩١) دەبوو بڵێت: جگە لە تۆ، هیچ کەسێکم شک نەدەبرد، یان: تۆ نەبێ، هیچ کەسێکم شک نەدەبرد. ئەو (جگە و نەبێ)یە، دەبێت یەکێکیان لەو شوێنەدا هەبێت.

(له یەکەم چرکەی بینین، بچێتە ناو دڵ. ل١٢٩) پێم وایە دەبوو بنووسێت: له یەکەم چرکەی بینینەوە، بچێتە ناو دڵەوە. (شووشەیەک عەتری گرانبەهام کڕی، گوتم کە نەجوام بینی، پێشکەشی دەکەم، بەڵام هەر لای بۆنفرۆشەکە، سەرەکەیم کردەوە و تا پێم کرا خۆم بۆنباران کرد. ل٢٧٣) ئایا ئەوە سەیر نییە، پیاوێکی هونەرمەند، مەبەستم گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە، بەوەی نەزانیبێت کە بۆنی پیاوانە، جیاوازە لە هی ژنانە؟

وەک چۆن مافی ئەوەمان نییە، دێڕە شیعرێکی مەولەوی یان خانی بشێوێنین، هەر وایش بۆمان نییە، دەستکاری پەندێک، قسەیەکی نەستەق یان ئیدیۆمێک بکەین. (وەک ئەوەی لەسەر ئاگر و پووش بم. ل٧) یان: (ئەوەتا لەسەر ئاگر و پووشدام. ل٤٦) (دەڵێیت لەسەر ئاگریت،) بە مانای: زۆرت پەلەیە، دێت، لەو گوتەیەدا (پووش) نییە. (هەر چاوێکم دەکرد بە دوو سێ چاو. ل٢٣٤) گوتەکە دەڵێت: (هەر چاوێکی کردبوو بە چوار چاو،) نەک دوو یان سێ. (خۆی لە تیغ بسوێت،) هەڵەیە، (ملی لە تیغ بسوێت،) دروستە. (مار قووتی دەدا یان دەریا هەڵی دەڵووشێ. ل٢٧٦) ڕاستییەکەی: نازانم ئەرز قووتی دا، یان ئاسمان هەڵی کێشا. (دایکم لەسەر یەک تێل خۆی دەڕازاندەوە. ل٣٢٢) دایکم خۆی لە تەل دەدا، دروستە. (ڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵایەتی لام بوونە سفری پاش ژمارە. ل١٠٧) ڕەوشت و ئاکار، یەک شتن، دووان نین و سفری پاش فاریزە، ڕاستە. ل٣٢٢)

نووسەر زۆر جار هانای بۆ وشەی عەرەبی بردووە، وەک: (لوغز، ئیحراج، خەممار، عوزر، زەرقا، ئابائو ئەژداد، زەختی عالی، قۆندەرە، ئیقاع، سەقفی سانەوی، سەببە، نەعامە، موسالیم، زەوق، تەقس، هەیکەل، بخوور، بەرائەت، وەهم، تەئجیل، حەساسییەت و مەلائیکەت.) گەلەک وشەی ناوچەییشی بەکار هێناوە، وەک: (عادز، مۆنجە، هاوکووف، پشدێن و مرچەمرچ) کە مەبەستی مڵچەمڵچە. هەندێک جار چیرۆکنووس وردبینیی ڕەچاو نەکردووە، وەک: کە باس باسی قاوەگرتنەوەیە، ئەو باسی ڕەگ و دەماری لەپی دەست دەکات، واتا وا پێ دەچێت قاوەگرتنەوە و دەستخوێندنەوەی تێکەڵ کردبێت. ل٤١٠ یان: لە

هەمان پەرەگرافدا، جارێک گێڕەرەوە کەسی یەکەمە و جارێک کەسی دووەم. ل٣٧١ یان: (سەماکەرێک بە دەمانچە، چەند گوللەیەکی بە تەوێڵ و سنگی خۆیەوە ناوە و دەمودەست تەواو بووە. ل٢٥٠) بە مەرجێک ئەوی خۆی بکوژێت، بە تایبەتی ئەگەر گوللەکە بە تەوێڵییەوە بنێت، دەتوانێت تەنیا یەک فیشەک بە خۆیەوە بنێت.

(*) سەلاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٨ سلێمانی.

# زمانی ستاندارد بۆ جنێوی کوردی

کامیار سابیر ئەمە لای خۆی، گفتوگۆ دەربارەی زمانی ستانداردی کوردی دەکات، دەنووسێت: (زۆر سەختە بچیتە شەڕێکەوە لەگەڵ گایەلێکدا(بێت) کە مۆتیڤی ئایدۆلۆژیی ڕەشمەیانی کردووە.)[1] ڕاستە لە ناوچەیەک (گایەل) دەگوترێت، وەلێ (گاگەل) دەنووسرێت. (ڕەشمەیانی کردووە، ) هەڵەیە، ئاخر ئەویش ناوچەییە، ستاندارد نییە، (ڕەشمەی کردوون،) ڕاستە. (ئایدۆلۆژیی) هەڵەیە، ئاخر دەربڕینێکی عەرەبییە، ئیدیۆلۆگیایی، دروستە. (بێت،) زیادەیە. دەبوو نووسیبای: (زۆر سەختە لەگەڵ گاگەلێکدا بچیتە شەڕێکەوە کە مۆتیڤی ئیدیۆلۆگیایی ڕەشمەی کردبن.) وەک هەست دەکەن، ژمارەی هەڵەکانی لە ژمارەی وشەکانی زێترن! ئایا کەسێک توانای نووسینی دوو ڕستەی دروستی بە کوردییەکی ڕەوان نەبێت، مافی ئەوەی هەیە، وەک شاسواری بواری بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، خۆیمان پێ بناسێنێت؟

ئەو خۆ بە زمانناس زانە، مەبەستی لە (گاگەل) هەموو خەڵکی بادینانە! ئەو دڵی تەنیا بە ئەوە ئاو ناخواتەوە کە بە بادینییەکان بڵێت گاگەل، بەڵکو هەر لە هەمان پەرەگرافدا، (گاڕان و پاتاڵ)یشیان پێ دەڵێت، بە مەرجێک (پاتاڵ) بە مانای (ئاژەڵ) دێت! ئایا قەت لە بەعسییەکتان ژنەوتووە بە کوردی سۆران، یان هی بادینانی گوتبێت، ئاژەڵ؟ ئەم خۆ بە ئاکادیمیک زانە، کە ناوی گفتوگۆی لە باسەکەی ناوە و گوایە خەریکی وتووێژە، ئەوەی وەک خۆی بیر نەکاتەوە، بە نووسەری نازانێت، بە (زبڵنووس)ی دەزانێت و بیروبۆچوونی جیاوازیش لە هی خۆی، بە (قسەی قۆڕ) لە قەڵەم دەدات.

کامیار سابیر دەڵێت: (نەوشیروان مستەفا بە کوردییەک دەنووسێت، لە کوردیی سەردەمی نووری سەعید دەچێت.)[2] بە مەرجێک نووسەری ئەم

دێڕانه، هەشت ساڵ بەر له ئێستا له(قەڵەم و شمشێر)دا، گوتوویەتی: (نەوشیروان مستەفا به کوردییەک دەنووسێت، له کوردیی سەردەمی شێخ مەحموود دەچێت.) شیاوی گوتنه، (شوان محەممەد)یش هەمان شتی لەگەڵ کردووم، ئەوە نییه تازەکی هاتووه، دەڵێت: (یەکیەتیی نیشتمانیی لاسایی پارتی دەکاتەوه،)[٣] به مەرجێک چەندان ساڵ پێش ئێستا، نووسەری ئەم باسه، ئەو بابەتەی ورووژاندووه.

لەم کامیار سابیره، که وەک خۆی ددانی پێدا دەنێت، هیچ سەبارەت به ئەدەبی به کرمانجیی باکوور نووسراو نازانێت، وایه، کرمانجی باکوور، ئەگەر زۆریش بن، ئەوا (بۆرن.) ئاخر به پێی بۆچوونی وی، تا هەنووکه، نه (بەختیار عەلی)یەکیان تێدا هەڵکەوتووه، نه (شێرزاد حەسەن)ێک، ئەم ڕێبوارەی کاروانی به ستانداردکردنی زمانی کوردی، ئەگەر توانای خوێندنەوەی به کرمانجیی باکوور هەبووایه، دەیزانی محەممەد ئۆزون، له بەختیار عەلی ڕۆمانووسترر بوو، (فورات جەوهەری)یش له شێرزاد حەسەن چیرۆکنووستره. (شێرکۆ بێکەس) با شاعیری گەورەی گەلەکەیشمان بێت، وەلێ تەنیا لەبەر ئەوەی تا ئێستایش، کرداری ڕانەبردوو، به (ئە) دەنووسێت، هەقه له بواری به ستانداردکردنی زمانی کوردیدا، واژۆی نەخوات.

زمانی ستاندارد، گۆڕەپانێک نییه که هەمووان بۆیان هەبێت، ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، بوارێکه دەستەبژێرێک مافی ئەوەیان هەیه قسەی تێدا بکەن که وەک شوکور مستەفا یان مام هەژار، شارەزای هەموو دیالێکت و بندیالیکتێکی کوردی بن، دەزانم دەشێت، فلان با نووسەرێکی زمانزانیش بێت، وەلێ مەرج نییه زمانناس بێت، کامیار سابیرێک که نه ئەمیانه و نه ئەویان، هەق نییه، خۆی له بوارێکدا تاقی بکاتەوه که نسکۆی گەش گەش دیاره. ئەگەر ئەم پێشنیارەی من پەسەند ناکات، دەبا هیچ نەبێت، دەست به جنێودانەوە بگرێت!

کامیار سابیر گەرچی خۆی وەها نیشان دەدات که به نەوشیروان مستەفا سەرسام نییه، کەچی دەڵێت: (زاراوەی کرمانجی چ قودسییەتێکی تێدایه، تا

ئەم هـەمـوو نازەی پـێ بدرێت؟) ئـایا ئەوە هـەر گـوتنەوەی هـەمـان بۆ چوونی نەوشیروان مستەفا نییە کە سەروەختی شەڕی ناوخۆ دەیگوت: (هەولێر کوێی پیرۆزە، بۆچی شەڕ لەوێش نەکرێت؟) (ئەوە ئیشی خەڵکی سلێمانی نییە، خۆیان بۆ کەرکووک بە کوشت بدەن.) ئەم قسەیەی دیکەی نەوشیروان مستەفا، بۆیە وەبیر کامیار سابیری کەرکووکی دەهێنمەوە، تا پێی بڵێم: ئەوە ئیشی کەرکووکییەکان نییە، جنێو بە بادینییەکان بدەن، ئایا ئەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، جێی شانازییە، سنگی لاپەڕەکانی بۆ جنێودەرێک والا بکات؟

کامیار سابیر جێ دەهێڵم و دەچمە کن سەرەک کۆماری عێراق کە دەبێژێت: (مادام ئازادی هەیە، با سەگیش ئازاد بێت، بوەڕێت.)[٤] ئایا سەگی بەستەزمان، هیچ ڕۆڵێکی لە پیسکردنی ژینگەی زمانی کوردیدا هەیە، وەک زۆر لەوانەی بە نارەوا خۆیان پێ ڕۆژنامەوانە و زمانی کوردییان پۆخڵ کردووە؟ گوتەیەک هەیە دەڵێت: سەگ بە ژن ناوەڕێت، کەچی (هاولاتی) کە دەبوو وەک ڕۆژنامەیەکی (ئازاد) داکۆکی لە ژنان بکات، تەنیا لە پێناوی بەرزکردنەوەی تیراژدا، سووکایەتییەکی بە(بێگەرد حسێن)ـی قوربانی کردووە، دژوارتر لەوەی جەللادەکەی پێی کرد. هاولاتی دوو ژمارە لەسەر یەک، بێگەرد حسێن وەک (ناپاک) بە خوێنەرانی دەناسێنێت،[٥] بێ ئەوەی هەست بەوە بکات، ئازاری ئەو جنێوە، زۆر لە ئازاری چەقۆ بەسوێترە، ئایا ئەوە بێلایەنییە، هاولاتی چیرۆکەکە، تەنیا لە ڕوانگەی پیاوە چەقۆوەشێنە ژنکوژەکەوە بگێڕێتەوە؟ ئازادیی بیروڕا دەربڕین بۆ ئەوە نییە، شکۆمەندیی ژنێک پێشێل بکرێت، بۆ ئەوەیە داکۆکی لەوانە بکرێت کە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین بۆ ئەوە نییە، ڕووناکی بخرێتە سەر ژیانی تایبەتی ئەم و ئەو، بۆ ئەوەیە ژیان ڕۆشنتر بکرێتەوە.

غەدرێ کە خودی مامە جەلالم لە سەگی کرد
سەرما لە هەتیو، با لە دەواری شڕی ناکا[٦]

بەوانەی ئەم نووسینە دەیانگرێتەوە، دەڵێم: هەڵمەچن! بە هێمنی وەری

بگرن و بە خـۆتاندا بچنەوە! ئاخـر هیچ وەخـتـێک درەنگ نیـیـە بۆ بە خـۆداچوونەوە، ئاخـر جنێـودان کاردانـەوەیەکە لـە وەڕین ناشـیرینتـر، ئاخـر جنێـودەر تا جنێـوی سـەنگینتـر بدات، پێـی سـووکـتـر دەبێت و جنێـو چەکی ترسنۆکانە نەک هـی بوێران. کارێک مەکەن، خەڵکی بڵێن، مـام جەلال غـەدری لە سەگ کردووە کە جنێوی بە وەڕین چوواندووە، ئاخر سەگێک کە دەوەڕێت، دەشێت ماڵێک، یان تەنانەت گوندێک لە مەترسییەک ئاگادار بکاتەوە، ئێوە کە ڕەخنەی توند لە جنێودەرانی سـەروەختـی شـەڕی ناوخـۆ دەگرن، هـەقە خـۆتان دەستبەجێ، ملی ئەو ڕێگە چەوتە بەر بدەن.

---

(١) گفتوگۆیەکی بەرکۆڵ .. کامیار سابیر، ڕۆژنامە، ژمارەکانی٢١٤ و ٢١٣ ڕۆژانی٦ و ٥ ی ئایاری ٢٠٠٨ سلێمانی.
(٢) لەمـەودوا بێ ئەوەی هـەڵەکـانی دەسـتنیـشـان بکەم، کـوردییـەکـەی بـۆ ڕاست دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو چەوتییانە دووبارە نەکاتەوە.
(٣) دوا لاپەڕەی ئاوێنەی ژمارە ١٢٠ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ سلێمانی.
(٤) لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ کـەناڵی کـوردسـات، بەشی دووەم، کـوردسـتـانی نوێ، ل٥ ژمارە: ٤٥٦١ ڕۆژی٢٠٠٨/٥/٢ سلێمانی.
(٥) هـاوڵاتی، ژمـــارەکـــانی ٤١٥ و٤١٦ ل٢ و ل٣ ڕۆژانـی٢٠ و ٢٣ی ئایاری ٢٠٠٨ سلێمانی.
(٦) کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا. (حەزرەتی شێخ ڕەزا)

# هونەری گوتوبێژ

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکیەتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان، لە هەفتەنامەی (هەواڵ)دا بە چوار بەش، بە ناونیشانی (وەڵامێک بۆ چەواشەکارییەکانی سەروەر پێنجوێنی،)[1] بەرسڤێکی تا بڵێیت توندی نووسەری ناوهاتوویان داوەتەوە کە ئەز لێرەدا، لە پێناوی چەسپاندنی کولتووری گوتوبێژی شارستانی و مۆدێرندا، هەندێک سەرنج لەسەر ئەو زمانە زێدەزبرە دەردەبڕم کە زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان هانایان بۆ بردووە.

بە گوێرەی قسەی زانایان: (سەروەر پێنجوێنی قالۆنچە ئاسا، لەبری ئەوەی حەزی لە ئاوی زوڵاڵ و لە بۆنی عەتر و گوڵاو بێت، شەیدای ئاوی ئاوەڕۆ و بۆنی دەباغخانەیە.) یان دەڵێن: (سەروەر پێنجوێنی تووتکەسەگێک بوو، ئێمە پەروەردەمان کرد، کە بوو بە سەگی تەواو، لاقی گرتین.)[2] یان پێی دەڵێن: (تۆ چونکە لە کونی خۆت هەڵگەڕاویتەوە، بۆیە ئەگەر لە ئاوێنەدا سەیرێکی خۆت بکەیت، هەست دەکەیت کە گەڕ بوویت.) مەبەستیان لەو قسە نەستەقەیە کە دەڵێت: (ڕێوی لە کونی خۆی هەڵبگەڕێتەوە، گەڕ دەبێت.) وەلێ بەوەیان نەزانیوە کە ئەوە ئیدیۆمە، نەک پەند کە دوو شتی جیاوازن.

شیاوی گوتنە زانایان هەستیان بە جیاوازی نێوان (لەش و لاشە)یش نەکردووە کە یەکەمیان جەستەی زیندووە و دووەمیان مردوو. زانایان دەنووسن: (پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت، لە پەنجا ساڵی بە دواوە خێزانەکانی تری هێناوە.) کە دەبوو لەبری خێزانەکان، ژنەکانیان گوتبا، ئاخر ئەوی پیاو دەیهێنێت، ژنە نەک خێزان. کەسانێک ڕێز لە ژن بگرن، پێی دەڵێن ژن، ئەوانەی سووک سەرنجی ژن دەدەن، پێی دەڵێن خێزان. قەت لە

ژنێکتان بیستووه، به مێردەکەی بڵێت: خێزانەکەم؟ زانایان دەنووسن: (کابرایەکی مەجووسی خەلیفەی شەهید کرد.) کابرای مەجووسی خەلیفە دەکوژێت یان تیرۆر دەکات، شەهیدی ناکات، ئەوە موسڵمانانن کە نازناوی شەهید بە خەلیفە دەبەخشن. عەلی کیمیکاڵ کە کوردێکی دەکوشت، پێی وابوو، سەگێک دەتۆپێنێت، ئەوە ئێمە بووین، بە شەهیدمان دەزانی. زانایان دەنووسن: (وەکوو هەنگی لە کوڵکەداردا دۆزیبێتەوە.) کوڵکەدار هەڵەیە، کلۆرەدار دروستە. سەیرە کەسانێک جیاوازیی لە نێوان کوڵکە و کلۆردا نەکەن و ئەم و ئەویان پێ کوڵکەنووسەر بێت!

زانایان بە سەرەوەر دەڵێن: (بەوەدا چاویلکەت لە چاودایە، دیارە چاویشت کەمحوکم بووە.) کەواتە لە ڕوانگەی زانایانەوە، سەرەوەر قالۆنچەیە، سەگێکی سپڵەیە، ڕێوییەکی گەڕە و چاویشی لاوازە! نازیستەکانیش وا ڕاهاتبوون، سووک سەرنجی کەسانی وایان دەدا کە لە ڕووی جەستەوە، کەموکووڕییان هەبووایە، بەڵام تەنانەت لای ئەوانیش چاویلکە لە چاو کردن، نەدەکەوتە خانەی کەموکووڕییەوە! بە ڕاست زانایان خەریکی گوتوبێژن یان بەخشینەوەی قسەی دزێو؟

ئەوە وتووێژ هەڵناگرێت کە مەرجی یەکەمی گوتوبێژکردن، ڕێزگرتنە لەوانەی نە لە ئێمە دەچن و نە وەک ئێمە بیر دەکەنەوە. زانایان چونکە هەر لە بەشی یەکەمی وەڵامەکەیاندا سەرەوەریان بە قالۆنچە چوواندبوو، بۆیە کە لە بەشی سێیەمدا گەیشتمە ئەوەی دەڵێن: (سەرەوەر قسەکانی (شازین هێرش)ی کاوێژ کردووەتەوە،) گەرچی کاوێژکردنەوە بۆ ئاژەڵ دەبێت، وەلێ پێم ئاسایی بوو، ئاخر بۆ نموونە، مانگا کە لە هیندستان کاوێژکارێکی پیرۆزە لە کوێ و قالۆنچە لە کوێ کە نالی گوتەنی هەمیشە نوقمی شیاکەیە؟[٣] زانایان ئەو هەموو سووکایەتییەیان بە سەرەوەر پێنجوێنی کردووە کەچی دەڵێن: (لە پێغەمبەری خواوە فێر بووین، بە قسەی توندوتیژ وەڵام نەدەینەوە.) وەلێ هێندە نابات ئەو دەرسەی لە پێغەمبەری خواوە فێری بوون، لە بیریان دەچێتەوە و ئەمجارەیان بە سەرەوەر دەڵێن: مێشک قرپۆک!

سەروەر گوتوویەتی: لای ئیسلام (وێنەکێشانی خودایش وەک وێنەکێشانی پێغەمبەر قەدەغەیە.) کە ئەمە قسەیەکی تەواو دروستە، کەچی زانایان پێی دەڵێن: (تۆ فیکرت بۆگەنە و ساویلکەشیت،) چونکە داوای ئەوەت کردووە، وێنەی خودایەک کە کەس نەیبینوە بکێشرێت! خودایەک کە نە لە کەس بووە و نە کەسی لێ بووە و نە لە کەس دەچێت، چۆن وێنەی دەکێشرێت؟ بە ڕاست ئەمە بێجگە لە شەڕ پێ فرۆشتن و بە زۆر کافراندن، چی دیکەیە؟ هەق نەبوو زانایان، قسەیەک بدەنە پاڵ سەروەر کە نەیکردووە.

زانایان نە سەروەر بە نووسەر و نە نووسینەکانیشی بە نووسین دەزانن و پێیان وایە، ئەو شیاوی وەڵامدانەوە نییە! بەڵام بۆیە بە چوار بەش و بە دووردوودرێژی وەڵامیان داوەتەوە، تا خۆیان گوتەنی: (درۆ و دەلەسەکانی پووچەڵ بکەنەوە.) باشە (سەروەر)ێک کە نووسەر نییە و فڕی بەسەر نووسینەوە نییە، ئەوە دەهێنێت زانایان چوار هەفتە لەسەر یەک خۆیان و خوێنەرانی پێوە سەرقاڵ بکەن؟ جێی سەرنجە زانایان پێشەکی بڕیاریان داوە، هەر چی سەروەر بینووسێت درۆ و دەلەسەیە کە هەق بوو لێ گەڕێن، خوێنەر دادوەری بکات و بگاتە ئەو سەرئەنجامە.

زانایان دەنووسن: (سوپای ئیسلام دەستدرێژی نەکردووەتە سەر هیچ کافرێک، جا ئەهلی کیتاب بووبێت یان بتپەرست.) کێشەکە لای من ئەوە نییە دەستدرێژی کراوە یان نا؟ ئەوەیە ئایا (ئەهلی کیتاب)یش وەک بتپەرستان هەر کافرن؟ ئەهلی کیتاب، جوولەکە و کریستیان دەگرێتەوە، ئایا زانایان مافی ئەوەیان هەیە کەسانی سەر بەو دوو ئاینە ئاسمانییە کە وەک موسڵمانان هەمان خوا دەپەرستن، بە کافر ناوزەد بکەن؟ ئایا ئێستا کە تەنانەت ئەهلی مەککە و مەدینەیش، گوتوبێژ لەگەڵ فەلە و جوودا دەکەن، وەختی ئەوە ماوە، زانایانی کورد، ئەهلی کیتابیان پێ کافر بێت؟

زانایان دەڵێن: (جوولەکە بە درێژایی مێژوو هەر خەریکی ئاژاوە و پیلانگێڕی بوون.) کەچی چەند دێڕێک دواتر دەنووسن: (جارێک موسڵمانێک دزی دەکات و بەسەر جوولەکەیەکیدا دەهێنێت.) یان دەڵێن: (موسڵمان

دروستـە ئافـرەتی جـوولەکـە بهـێنێت، با ئـافـرەتەکـە لەسـەر ئاینـی خـۆیشی بمێنێتـەوە.) ئەدی هیچ مەترسیی ئەوە نییە، ئەو ژنە کە بە ئاین جـوولەکەیە، بە درێژایی تەمـەنی هـەر خـەریکی پیلانگێڕان بێت لە دژی مێردە موسڵمانەکەی؟ زانایان دەنووسن: (پێغەمبەر فـەرموویەتی، سوێند بە خوا ئەگـەر فـاتیمـەی کـچیشم دزی بکات، دەستی دەبڕم.) تۆ لەوەی گـەڕێ کـە (دەسـتی دەبڕم،) هەڵەیە، (دەستی دەبڕمەوە،) دروستە، زانایان لە کاتێکدا ویستوویانە پێغەمبەر وەک نموونەی باڵای دادخوازی لە قەڵەم بدەن، بێ ئەوەی دەرکیان پێ کردبێت، هاتوون ئەویان وەک کەسێک نیشـان داوە، کە هێندەی گەردێک بەزەیی لە دڵیدا نەبێت، ئـاخر مـەگـەر لە کن هەوادارانی زەرقـاوی، ئـەگـەرنا، کـەی وەخـتی ئەوە ماوە، ڕیکلام بۆ بڕینەوەی دەستی دز بکەین و ئەو سزایە بە ڕەوا بزانین؟

زانایـان نیـاز و مـەبەسـتی خـۆیان نـاشـارنەوە و لە کـۆتـاییی دوا بـەشی وەڵامەکەیاندا بە ڕاشکاوی دەڵێن: (ئەی ناحەزان، ئەی ئەوانەی فووتان بۆگەنە و قـەڵەمتـان ترسنۆک و لەرزۆک، ئێمـە توانیـمان تۆپـەڵێک قـوڕ بە دەمتـاندا بدەین، بە داخەوە بمرن!) ئایا کەسانێک ئەوە دوا قسـەیان بێت، ئومێدی ئەوە هەیە لە داهاتوودا فێری هونەری گوتوبێژ ببن؟ لە نووسیندا کولتوورێک هەیە، کولتووری جنێوی پێ دەڵێن، ئەو بنووسـانەی سەر بەو کولتـوورە درێوە بن، بە درێژایی نووسینەکانیان خەریکی قڵپکردنەوەی هەڵچوونەکانی خۆیانن بەسەر نەیارەکـانیـاندا و هەر چی کـینەیەک لە دەروونیـاندا پەنگی خـواردووەتەوە، بە هۆی گوتەی بریندارکەر و وشـەی زێدەزبرەوە ئاڕاسـتـەی ئەوانەی دەکـەن کـە وەک خۆیان بیر ناکەنەوە.

(بنووسی سەر بە کولتووری شەڕەجنێو، بێرنارد شۆ گوتەنی، لەبری ئەوەی خـۆی لەگـەڵ جـیـهـاندا بگونجـێنێت، بە هـیـوای ئەوەیە جـیـهـان لەگـەڵ ویدا بگونجێت.)(٤) ئەوە نزیکەی وەک مەحاڵ وایە، درێونووس ڕێز لەوانە بگرێت کە جـیـاوازن لە خـۆی، مـەگـەر یاسـا سنووری بۆ دابنێت. درێـونووس بەراوەژوو سـوود لە دیمـۆکراسی ئەگەر هەبێت، وەردەگرێت و دوژمنێکی سـەرسـەختی ئازادیی بیروڕا دەربڕینە، بۆیە لەژێر دەواری دیمۆکراسیدا، پێویستـە جێی

نەبێتەوە. بە گوێرەی ئەفسانەیەکی گریک، پیاو ئەگەر بە ئەشقێکی مەزنەوە، پەیکەری ژنێک بتاشێت، هیچ دوور نییە خوداوەندەکان گیان بە بەر ئەو پەیکەرەدا بکەن. ئەوانەشی بە ئەشقەوە بنووسن، هێندە جوان مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکەن، نووسینیان ئەوینی لێ دەچۆڕێت، نەک ڕک و کینە.

نووسین لای نووسەرێک کە دەتوانین پێی بڵێین ئەدیب، زادەی هەستێکە کە لە ڕۆحییەوە هەڵدەقوڵێت و بەری باخی ئەزموونێکە کە بایەخ بە چارەنووسی ئینسان دەدات، وەلێ لای بنووسی سەر بە کولتووری شەڕەجنێو، نووسین لە دەروونێکەوە هەڵدەقوڵێت کە بە کینە ڕەش هەڵگەڕاوە. ئەو بنووسانەی بۆ پەیداکردنی ناوبانگ، هانا بۆ زمانی بازاڕی و ورووژاندن دەبەن و باسی ژیانی تایبەتیی ئەم و ئەو دەکەن، کەسانی ناساغن و ئەگەر خاوەنی توانایەکیش بن، بە دەستی خۆیان تەلاری ئەو توانایە دەڕووخێنن، بۆیە ئەوە ئیشی کۆمەڵگەیە دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ بکات.

پێم وایە کەسێک خاوەنی باوەڕێکی جوان بێت، پێویستی بەوە نابێت، بۆ داکۆکیکردن لەو باوەڕە جوانە، هانا بۆ وشەی ناشیرین ببات. ئەوە هیچ لەگەڵ ژیانی دیمۆکراسیدا کۆی ناکاتەوە، زانایان بێن بە ناوی ئیسلامەوە، نەیارە فیکرییەکانیان سەرکوت بکەن و ئەوی جیاواز بیری کردەوە، بە زەندیق نێوزەدی بکەن. ئەگەر هێڵی سوور بۆ دوژمنانی ئازادی دیاری نەکرێت، ژیانی هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢٠٠٨/٨/٥

---

(١) هەواڵ، ١٢ و ١٩ و ٢٦ی تەمووزی ٢٠٠٨ و ٢ی ئابی ٢٠٠٨

(٢) فکم ربيت جروا (طال عمري)

فلما صار كلبا عض رجلي. (ئەم تێکستەیان بە هەڵە نووسیوە.)

(٣) نالی چییە وا میسلی (جوعەل) غەرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە حیسابێ وەکوو پەروانە شەمت بوو؟ (جوعەل: قالۆنچە)

(٤) خليل حسن، الشتيمة و الاعلام ٢٠٠٨/٨/٣ ايلاف.

# ڕۆژنامەوانی پێخاوس

ئەوە جێی مشتومڕ نییە کە مونتەزەر ئەلزەیدی زۆر پسپۆڕانە کەوشەکانی هاویشت، وەلێ سەرەک (بوش)یش وەرزشکارانە خۆی لەو جووتە کەوشە باڵدارە پاراست. هێشتا کەوشی دووەم لە فڕیندا بوو، ئەو سەربازە دیلکراوە عێراقییەم بیر کەوتەوە کە سەروەختی ئازادکردنی کوەیت، بە مەبەستی ماچکردن بەسەر کەوشی سەربازێکی ئەمریکاییدا کەوت. کەسانێک هەن بڕوایان بە چارەسەری مامناوەندی و ڕێگەی سێیەم نییە، یان کەوش ڕادەمووسن، یان کەوش دەهاوێژن. چونکە کابرای کەوشهاوێژ لەو کارە درێوەی پاشگەز بووەوە و داوای لێبوردنی کرد، لە ناخی دڵەوە بەزەییم بەوانەدا دێتەوە، هەموو هیوای خۆیان بەو کەوشە فڕیوانەوە گرێ دابوو. کەوش وەشێن پاشگەزیش نەبووایەتەوە، هەر نەدەبووە قارەمان، وەلێ پێمان خۆش بێت یان نا، وەک چۆن هەیە بە کاڵە و پێتاوەوە دەچێتە بەهەشتەوە، ئەویش بە جووتە کەوشە باڵگرتووەکەیەوە، دەچێتە ناو مێژووەوە.

(عێراق مێژوویەکی درێژی لەگەڵ کەوشدا هەیە، جارێک میللەت دەینەڕاند: نووری سەعید پێڵاوە، ساڵح جەبر قەیتان، جارێک سەددام دەیگوت: عێراقییەکان پێخاوس بوون، من پێڵاوم لە پێ کردن. تەنانەت (مەشهەدانی)یش جارێک گوتبووی: هەر یاسایەک لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆک بێت، دەیدەمە بەر کەوش.)(*) سەعید قەززازیش پێڵاوی خستە ڕستەوە، پێش ئەوەی پەتی سێدارە بکەنە ملی، بە نەیارەکانی گوت: ئێستایش لەم بەرزییەوە کەوشەکانم لە سەری ئێوە بڵندترە. ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکە لە پارادۆکس کە هێشتا کەوشە فڕیوەکان کە ئاڕاستەی سەری سەرەک بۆش کران بە تەواوی نەنیشتبوونەوە، سەری کەوشهاوێژ کەوتبووە ژێر پێڵاوی پیاوانی ئاسایش و

بۆدی گاردەکانی سەرەک وەزیرانی عێراقی فیدراڵەوە.

ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە، ئەوی شارەزای پیشەکەی خۆی بێت و پێبەند و وابەستەی پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بێت، تەنانەت با سەر بە حیزبێکیش بێت و لە ئۆرگانی ئەو حیزبەیشدا کار بکات، بە بێلایەنی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا دەکات و خەمی گەورەی بریتی دەبێت لە گەڕان بە دوای هەواڵدا. ئیشی جوانی رۆژنامەنووس، دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانی، کۆکردنەوەی زانیاری، چێکردنی ڕیپۆرتاژ و سازدانی دیمانەیە، نەک نواندنی هەڵوێستی سیاسی. خەباتی ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەیە لە بواری کارەکەی خۆیدا داهێنان تۆمار بکات، نەک بۆ ئەوەی ببێت بە قارەمان. بە گژ داگیرکاراندا چوونەوە، ئەرکی سەر شانی ئەندامانی ئەو گرووپ و لایەنانەیە کە ئالای بەرەنگاربوونەوەیان هەڵکردووە، نەک ئیشی ڕۆژنامەنووسان. دژایەتیکردنی دەسەڵاتیش، ئیشی ئۆپۆزیسیۆنە، کاری ڕۆژنامەوان نییە.

لای ئێمە هێشتا هیچ کۆلکە ڕۆژنامەنووسێک کەوشی نەوەشاندووە، وەلێ گەلێکیان بەردەوام خەریکی هاویشتنی جنێو، وەشاندنی بوختان و هۆنینەوەی درۆن، کە ئەم مێتۆدەیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هانا بۆ کەوش بردندا نییە. جنێووەشێن و بوختانهاوێژ و درۆنووسەکان هێندە بەستەزمانن، وای بۆ دەچن لەو لاڕێ دزێوەوە، وەک ئازا و تەنانەت قارەمانیش، ناویان دەچێتە دیرۆکەوە، وەلێ ڕاستییەکەی لە کۆتاییدا، یەکە یەکە دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی. ئەدی ئەوە بوون بە گاڵتەجاڕ نییە، زوو زوو ئەو جنێووەشێن و بوختانهاوێژ و درۆنووسانە دەڵێن: (هەوڵی ڕفاندنمان دراوە، وەلێ خۆمان دەرباز کردووە، یان: پلان بۆ کوشتنمان داڕێژراوە، بەڵام دەستی پیلانگێڕانمان ئاشکرا کردووە؟) چەقۆکێش کەسێکە پارە لەم وەردەگرێت و چەقۆیەک لەو دەدات، ئایا ئەوی کرێ لەم وەردەگرێت و ستوونەجنێوێک بەو دەدات، ڕۆژنامەنووسە یان قەڵەمەوشێن؟

دوو جۆر کۆلکە نووسەریش هەن کە شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەن، یەکەمیان بە شێوەیەکی سووک و هەرزان بابەتی سێکسی دەورووژێنێت و

دووەمــیــان پەلامــاری ئاین دەدات. ئەو دوو جـۆرەیش قــەت بـەناوبانگ نـابن، هـەمیشـە ناوزڕاو دەبن. بریا ڕۆژنامـەنووس دەیزانی کە ئەو نە پەرلەمـانتارە تا نوێنەری مـیللەت بێت، نە سـەرۆکی هەڵبـژێردراوە تا بە نـاوی جـەمـاوەرەوە بدوێت، نە شاعیری گەورەی گەلە، تا خۆی بە ویژدانی نەتەوەکەی بزانێت و نە ڕۆشنبیـریشـە تا لە مـەسـەلە چارەنووسـسازەکاندا هەڵوێسـت بنوێنێت. لە کن ئێمە، ڕۆژنامەوان بە شێوەیەکی گشتی، کەسێکی کوردینەزانی بێ توانایە، لە سـۆنگەی بێ ئیـشـیـیـەوە، لە هەواری مـیـدیادا دەواری هـەڵداوە. جـیـاوازیی سەرەکی نێوان مونتەزەر و کۆلکە ڕۆژنامەنووسی کورد تەنیا ئەوەیە، ئەو هەم کـەوشی وەشـاند و هـەم جنێـویشـی دا، وەلێ ئەوانەی کن ئێـمـە تەنیـا جنێـو دەدەن.

با ڕێک بکەوین لەسـەر ئەوەی کـە جـیـاوازین. ئەگـەر خـۆمــان بە ڕاست و ئەوانی دیکە بە هەڵە بزانین، ئیدی با خۆمان فریو نەدەین و بە ئاشکرا بڵێین: بڕوامان بە گوتوبێژ نییە، چونکە ئەوی بڕوای بە جیاوازی نەبێت، نە بڕوای بە دیالۆگ دەبێت، نـە بە ئازادی. ئەوە هاوزەمـان مـایەی سـەرسـوڕمـان و تـرۆپکی کارەساتیش بوو کە هـەندێک دەزگای ڕاگەیاندن کەوشهاویشتنیان بە بیروڕای جیاواز لە قەڵەم دا و لە خانەی ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا جێیان بۆ کردەوە! لەوەیش سـەیرتر ئەوەبوو، هەندێک (ڕۆژنامەنووس) شکۆمـەندیی نەتەوەیەکیـان لەو جـووتە کـەوشـە فـڕیوەدا چڕ کـردەوە و بە سـەرەتای ڕابوونێکی نوێیـان ناودێر کرد! تەنانەت یەکێکیان نووسـیبووی: ئەو جووتە کەوشـە باڵگرتووە، سـوننە و شـیـعـەی یەک خـسـت. وەک چۆن ئەو بڵاوکـراوەیەی لە ڕێی وروژاندنـەوە، تیـراژی بەرز دەکـاتەوە، بڵاوکـراوەیەکی سـەنگین نیـیـە، ئەو ڕۆژنامـەنووسـەشی خـەریکی ئەوە بێت لە ڕێی وروژاندنەوە نـاوبانگ پـەیدا بکات، کەسێکی سەنگین نییە.

مـونتـەزەر ئەلزەیدی دەبوو پرسـیـار ئاڕاسـتـەی سـەرەک بوش بکات، وەلێ شتێکی دیکەی ئاڕاستە کرد کە ئەویش هەر بە پیتی (پ) دەست پێ دەکات. ئەوی زمــان نـەزانێت، کــەسـێکی شـەڕئەنگێـزی لێ دەردەچێت، پێم وایە

پێـڵاوهاوێژ ئـەگـەر زمـانـی ئـینگلـیـزی زانـیـبـا، پرسـیـاری دەکـرد، پێـڵاوی نەدەهـاویشـت، بە وشـــە هـەســـتـی خـــۆی دەردەبڕی، نـەک بـە کـــەوش. لـە کن خــۆیـشــمـــان، ئـەوانەی جنێــو دەهـاوێژن، لە ســۆنگەی ئـەوەوەیە، لەو چـەکــە بتـرازێت، هـیـچی دیکە شک نابەن، ئاخـر ئـەگـەر بڕێک (مـەعـریفـە)یان شک بردبا، هـانایان بۆ ئـەو چەکـە پۆخـڵـە نەدەبرد. مـونتــەزەر کـە بە هـاویشــتنی کـەوشــەکـانی، خـــۆی بێ پێـڵاو کـــرد، بەوە گـــەڕایـەوە بۆ ئـەو ســـەردەمـــەی عێراقییەکان پێپەتی بوون و هێشتا سەددام کەوشی لە پێ نەکردبوون.

٢٠٠٨/١٢/٢٠

---

(*) خلف الحربي، التاريخ السياسي للقندرة العراقية ١٦ ديسمبر ٢٠٠٨ إيلاف.